ResearchGate

See discussions, stats, and author profiles for this publication at: https://www.researchgate.net/publication/319685549

# شێواز و ڕێگەکانی وانەوتنەوە

**Book** · January 2014

CITATIONS
0

READS
442

**1 author:**

Luqman Raouf
Kurdistan Technical Institute (KTI)

**43** PUBLICATIONS **1** CITATION

SEE PROFILE

**Some of the authors of this publication are also working on these related projects:**

Project Bayografyay brahim ahmad View project

Project Telecom View project

All content following this page was uploaded by Luqman Raouf on 13 September 2017.

The user has requested enhancement of the downloaded file.

# شێوازو ڕێگاکانی وانەوتنەوە

ئامادەکردنی

لوقمان ڕەئوف

٢٠٠٥



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# پێڕست

١- سەرەتاو پێشەكی
٢- رێگەكانی وانەوتنەوەو شێوازەكانی :-
٣- جۆرەكانی ڕێگەی وانەوتنەوە باشترین ڕێگەی وانەوتنەوە
٤- ئاراستە نوێیەكانی وانەوتنەوە :-
٥- گرنگترین بنەما گشتییەكانی وانەوتنەوە : -
٦- پلان :
ا- پلانی سالأنە،
ب- پلانی رۆژانە
٧-رێگای وتنەوەی خوێندنەوەو وانەیەكی نمونەیی
٨-راهینان ومەشقی پراكتیزی بەخوێندكاران لەسەر رێگای خوێندنەوە.
٩-رێگای وتنەوەی دارشتن و وانەیەكی نمونەیی.
١٠-راهێنان و پراكتیزەكردنی رێگای دارشتن.
١١-رێگای وتنەوەی سرود.
١٢-رێگای وتنەوەی رێزمان.
١٣- پراكتیزەكردنی رێگای رێزمان بەسەر خوێندكاراندا.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

١٤- گرنگترين ريٚگاكانى وتنەوەى ريٚزمان
١٥-ريٚگاى وتنەوەى گروپ و هەنگاوەكانى.
١٦- پيتەكانى زمانى كوردى.
١٧-جياوازى نيٚوان بزويٚن و نەبزويٚن.
١٨-چۆنيەتى وتنەوەى پيتى بزويٚن.
١٩-دەنگەكانى زمانى كوردىو چۆنيەتى دروست بوون و دەربڕينيان.
٢٠-گفتوگۆ و چۆنيەتى وتنەوەى.
٢١-بەكارەكى كردنى وانەى گفتوگۆ لە پۆلدا.
٢٢-لەبەركردن.
٢٣-نوسين.
٢٤- چۆنيەتى وتنەوەى دەقەئەدەبيە كورديەكان
٢٥- پۆليٚنكردنى ئاما نجە رِەوشتيەكان
٢٦-مين.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# پێشەکی

زمان هۆکارێکی گرنگە بۆ دەربڕینی سۆزو ئێش و ئازارەکان و دەتوانیٚ لەرێگەی زمانەوە هەستە جۆراوجۆرەکان دەربڕیٚ، زمان ئامێرێکی بەهێزی ئادەمیزادە لەبوارەکانی گفتوگۆو دەمەتەقێو دانوساندا، بەهۆیەوە دەتوانریٚ کاربکرێتە سەر تاك وکۆمەڵ، زۆر کارو فەرمان هەن بەزمان نەبیٚ، ئەنجام نادرێن، زمان چەکێکی بالأدەست و کاریگەرە بۆ روخاندنی هۆکاری پارێزەری بواری رۆشنبیری، چ لەئاستی جیهانیو نێودەوڵەتیدا. بەدرێژایی چاخەکانی رابردو، وایان سەیری زمان کردوە کە بابەتێکە بۆ خوێندن، واتا مەبەستە، ئامێرنییە، ئامانجە هۆکارنییە، بەمەش ئەرکەکانی زمان پشت گویٚ خراون و رۆڵی خۆیان پێنەدەبینرا، ئەم تێڕوانییە کۆنە، چەند هەڵەیەکی جیاجیای لێکەوتوەتەوە، کەهەندێکیان بۆ پرۆگرام و بەرنامە دەگەرێتەوەو هەندێکیان بۆ رێبازو چۆنیەتی خوێندنەکە، بەلأم لەروانگەی پەروەردەو بەرنامەی خوێندن لەسەر شێوازی نویٚ، خوێندنی زمان بە هۆکار دادەنریٚ، نەك ئامانج و مەبەست، وا دادەنریٚ کەزمان و زمانەوانی، هۆکارێکە سود بەتاکەکانی کۆمەڵ دەگەیەنیٚ، ئامێرێکی کۆمەلأیەتیە، لەرێگەی ئەوەوە تاکەکانی کۆمەڵ، دەتوانن پەیوەندی بەکەسانی ترەوە بکەن و لێیتێبگەن و هەستی خۆیان بۆ یەکتری دەربڕن، بناغەی ئەم بیرۆکەیەش، دەگەرێتەوە بۆ دوو شتی سەرەکی:

**یەکەمیان:** ئەو بابەتە هۆکارێکی کۆمەلأیەتیە بۆ لێك تێگەیشتن وگفتوگۆ.

**دووەمیان:** ئەو بابەتە پێویستە لەسەر بنەمای گرنگی وکاریگەری لەژیانی رۆژانەی ئادەمیزادا بخوێنریٚ، بۆ ئەوەی خوێندکار وا هەست بکات، زانیاریەك فێردەبێت کە لەژیانی رۆژانەیدا پێویستی پێیەتی. هەرکاتیٚ مامۆستا هەستی بەوەکرد، کەخوێندکار فێری هۆکارێکی کۆمەلأیەتی دەکات و زانیاریەکی پیٚ دەڵیٚ کەخۆیو خوێندکارەکەی لەژیانی رۆژانەیاندا بەکاری دێنیٚ، بەبیٚ ئەوەی بەخۆی بزانیٚ شێوازی فێرکردنو لاسایەکەی خۆی دەگۆڕیٚ و رێبازی پەروەردەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نویێ دەگرێتە بەر، بۆ ئەوەی مەبەستە سەرەکیەکەی خۆی بێنێتەدی. بۆ ئەم مەبەستە گرنگی دەدات بەڕاهێنانی خوێندکارەکان، لەسەر بەکارهێنانی وشەو رستەی زمانەوانی راست وبێگرێ و پێچ و پەنا، نەك هەڵەو گیریان بکات بە لەبەرکردنی دەستورو پێناسەو زاراوەی وشك و بێتام.ئاراستە کردنی خوێندکاران بەبەکارهێنانی بابەتی زمانەوانی بەهەر چوار شێوەکەی ((ئاخاوتن، گوێگرتن، نوسین، خوێندنەوە)) سەرەرای هەوڵدانی مامۆستا بۆلادان و دوورخستنەوەی شتی وشك و بێکەڵك. رێبازی وانە وتنەوە کردارێکی هونەرییە، رای زۆری تێدایە، بۆیە نامۆنییە کە لەئاسۆی پەروەردەدا، چەند رێبازێك بۆ وانە وتنەوە دانرا.

رێبازی سەرکەوتو ئەوەیە کە مەبەست بپێکێ و بەکەمترین کاتی وزە، مامۆستا بتوانێ سەرنجی خوێندکاران راکێشێ بۆ بەدەست هێنانی زانیاری و هاوکاریکردنیان لەوانەکەدا.

چەند سەرنجێکی گرنگ بۆ مامۆستا لەکاتی وانە وتنەوەو پرسیار کردن

١-ڕەچاوکردنی ئاستی بیرکردنەوەی قوتابی لەکاتی ئاڕاستەکردنی پرسیاردا.

٢-هەوڵدان بۆ ئاڕاستەکردن و پاداشتکردن و بەکارهێنانی هاندەر، بۆ سەرجەم قوتابیان بەبێ جیاوازی.

٣-یەکسانی لەمامەڵە کردن لەلایەن مامۆستا بۆ گشت قوتابیان.

٤-هەوڵدان بۆ ئەوەی گشت قوتابیان، هەست بەئازادی بکەن لەکاتی وەڵام دانەوەی پرسیاردا.

٥-هەست و کەسێتیی قوتابی بریندار نەکرێت، لەکاتی وەڵامی نادروستدا.

٦-هەست و سۆزی مامۆستا لەهەست و سۆزی دایك وباوك کەمتر نەبێت لەبەرامبەر قوتابیاندا.

٧-گرنگیدان بەو قوتابیانەی کەتوانای فێربونیان کەمترە بەشێوەیەکی بەردەوام و ماوە پێدانیان، تا گەشە بە تواناکانی خۆیان بدەن.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٨-هەوڵدان بۆ بەشداری کردنی سەرجەم قوتابیان لەوانەکەدا بەشێوەیەکی یەکسان.

## ڕێگەکانی وانەوتنەوەو شێوازەکانی :-

**چەمکی وانەوتنەوە** :- بریتیە لەگەیاندنی زانیاری بەکەسانی بەرامبەر ، یاخود کردارێکی شیتەڵکاریەو لە ڕێگەی ئەم کارەوە کرۆکی وانەکەو زانیاریەکانی دەگەیەنێرێتە خوێندکار ، یان وانەوتنەوە ئەو کۆمەڵە چالاکییانەیە کە مامۆستا پێی هەڵدەستێ لەپرۆسەی فێربووندا ، لەپێناو یارمەتی دانی خوێندکاران تا بگەن بە ئامانجە پەروەردەییە دیاریکراوەکان، بۆئەوەی پرۆسەی وانەوتنەوە سەرکەوتوو بێت، پێویستە مامۆستا تواناو هۆیەکانی فێربوون ئامادە بکات بەکاریان بهێنێ بەڕێگەو شێوازی جۆراو جۆرەوە ، لەپێناو گەیشتن بەئامانجەکان.

**مەبەست لەتواناکان( کەرەستەکان ):-**

ژینگەی خوێندن پێویستە، گەرمیو ساردیو ڕووناکی تێدابێت، پەرتووکی خوێندن( پرۆگرامەکان) تەختە ڕەش، تەباشیر هەر هۆیەکی تری فێربوون، لەگەڵ ئەمانەشدا زەمینەسازی خستنەکاری ئەو توانا خۆرسکەی ،کە لە خویندکاردا هەیە ،لەپێناو فێرکردنی خوێندکار لە بەرامبەر پشت بەستن بەئەعەقڵو توانای خۆی..

**هۆکارەکانی بەهێزکردنی توانا**:-

بیروڕائاڵوگۆڕکردن، پرسیار ئاڕاستەکردن، دانانی پلان بۆ پرۆژە، وروژاندنی کێشە، بۆئەوەی خوێندکاران بجوڵێنێ بۆ پرسیارکردن، هەوڵ بدات بۆ دۆزینەوە ،یان گەیشتن بە ڕێسا،یان هەر تەقەلایەکی دی.

**ڕێگە** :- میکانیزمی جێبەجێکردن، یان گرتنبەرە،لە پێناو گەیاندنی بابەتەکەدا، یان بریتیە لە زنجیرە گەیاندن لەنێوان خوێندکارو پرۆگرامدا.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## چەمکی شێوازی وانەوتنەوە:-

شێوازی وانەوتنەوە بریتیە لە چۆنیەتیو وانەوتنەوە، هەر مامۆستایەك بەشێوەیەك پەیڕەو و پەسەندی دەکات، ئەمەش چۆنیەتی پەیڕەوکردنێتی لەلایەن مامۆستاوە بە ڕێگەی وانەوتنەوە لەکاتی پرۆسەی وانەوتنەوەدا ،یان ئەو شێوازەیە کە مامۆستا پەیڕەوی دەکات لەکاتی دابەشکردنی ڕێگەکانی وانەوتنەوەدا، چالاکانەترو جیا لە مامۆستایانی دی، هەمان ڕێگە بەکار دەهێنن، شێوازی وانەوتنەوە بە شێوەیەکە بنەڕەتی پەیوەستە بە تایبەتمەندێتی کەسایەتیو توانستی مامۆستاوە .

## جیاوازی نێوان چەمکی ڕێگەی وانەوتنەوەو شێوازی وانەوتنەوە :-

ڕێگەی وانەوتنەوە بریتیە لە هۆکاری گەیاندن، مامۆستا بەکاری دەهێنێت بۆ گەیاندنی ناوەڕۆکی بابەتەکە بە خوێندکار، بەڵام شێوازی وانەوتنەوە بریتیە لە چۆنییەتیپراکتیزەکردنیناوەڕۆکی بابەتەکەو ڕاپەراندنی ڕێگەکان لەلایەن مامۆستاوە لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی وانەوتنەوە.

کەوایە ڕێگە گشت گیرترە لە شێوازو تایبەتمەندی گشتی هەیە دەتوانرێت لە مامۆستایەك بە کاریبهێنێت بەڵام شێواز تایبەتە بە خودی مامۆستا،یان پابەندە بە تایبەتمەندێتی کەسێتی مامۆستاوە.

## خەسڵەتەکانی ڕێگەی باش لە وانەوتنەوەدا :-

١. ڕەچاوی قۆناغی گەشەو توانای خوێندکار بکات.
٢. پاڵپشت بە تیورو ڕێساکانی فێربوون ،لەگەڵ کردار فێربوون وپەیوەستکردنیان لەگەڵ وانەدا
٣. ڕەچاوی تایبەتمەندیو هۆشمەندیو بەدەنی بکات، نەهێشتنی ترس و ڕێکخستنی گەشەی خودی دروستکردنی حەزوئارەزو بۆ خوێندن.
٤. ڕەچاوی جیاوازی تاکە کەسی بکات لەناو خوێندکاراندا.
٥. ڕەچاوی ئامانجە پەروەردەییەکان بکات کە ئاواتی بۆ دەخوازێت.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٦. ڕەچاوی سروشتی بابەتی خوێندنی وانەکان بکات.
٧. هۆیەکانی فێرکردن بەکاربهێنێت.
٨. کەسێتی مامۆستاو داهێنانی لەڕێگەو شێوازو وانەکەدا دەربکەوێت،

**جۆرەکانی ڕێگەی وانەوتنەوە :-**

ڕێگەکانی وانەوتنەوە گەلێك زۆرو جۆراو جۆرن لەوانە :-

١. ڕێگەی( الالقاء) کە( خوێندکار گوێ دەگرێ).
٢. ڕێگەی بیرورا ئاگۆڕکردن.
٣. ڕێگە دۆزینەوە.
٤. ڕێگەی گروپ.
٥. ڕێگەی کێشە دروستکردن.
٦. ڕێگەی دەست نیشانکردن.
٧. ڕێگەی بە دوادا چوون.
٨. ڕێگەی پڕۆژە( المشروع)....... هتد.

ئەم زۆریو جۆراو جۆری ڕێگەیانە، لەئەنجامی پێشکەوتنی ئاسایی فەلسەفەی پەروەردەییو زۆری ئامانجەکانی پێشکەوتنی، تیۆریەکانی فێربوونو ڕێساکانی پێشکەوتنو هۆیەکانی تەکنۆلۆژیا هاتونەتە ئاراوە.

**باشترین ڕێگەی وانەوتنەوە :-**

لە ڕاستیدا بە شێوە ڕەهاکە باشترین ڕێگە بۆ وانەوتنەوەبوونی نییە ، بەڵکو هەموو ڕێگەیەك باشەو کەموکوڕی هەیە، بەڵام مامۆستای سەرکەوتوو ئەوەیە کە ڕێگەیەکی باش بەپێی ژینگەکە هەڵبژێرێت ، بۆئەوەوی بابەتەکە بەشێوەیەکی ساناو گونجاو بگەیەنەتە خوێندکاران، مامۆستا هەر چەندە زانیاری زۆر بێت، ئەگەر ڕێگەی گونجاوی نەبێت بۆ وانەوتنەوە، سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت لەکارەکەیدا، چونکە کرداری فێرکردن تەنها زانیاری نیە، بەڵکو پێش زانیاری گەیاندنو کرداری



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

فێرکردنە، کەوایە سەرکەوتنی مامۆستا بە زۆری زانیاری نا پێوریێت، بەڵکو بە توانای گەیاندنی بابەتەکە بۆ مێشکی خوێندکار، پێوانە دەکرێ ئەم ڕاستییە ئەو دەسەلمێنێت کە ڕێگەی باش پێویستی بە هەوڵو کۆششە تاوەکو بگەیتە ئەنجام.

**ئاڕاستە نوێیەکانی وانەوتنەوە :-**

**یەکەم :- لایەنەکانی پرۆسەی وانەوتنەوە:** ئەم ئاستە ئەم سێ لایەنەی خوارەوە دەگرێتەوە.

١. **پلاندانان** : ئەو هەنگاوەیە کە مامۆستا لەگەڵ خۆی بیردەکاتەوەو ڕێگەیەك دادەنێ بۆ وانەوتنەوەکە، پێویستە ئەم پلاندانانە لەگەڵ تواناو پێویستیو تایبەتمەندێتی خوێندکاران بگونجێ، ئامانجی وانەکەی تێدا دیاری بکرێ، بابەتەکەش بە داڕشتنێکی وردو ڕوون داڕێژرابێو ناوەڕۆکەکەی شیکرابێتەوە، پێویستە ئەو پلانە گشتگیرو چڕو پڕ بێتو کارئاسانیکردبێت بۆ فێربوونی خوێندکارو گەیاندنی وانەکە.

٢. **جێبەجێکردن** :- ئەو هەنگاوەیە کە مامۆستا دوای دانانی پلانەکە لە پۆلدا خاڵی یەکەم جێبەجێدەکات ، لەپێناو گەیاندنی بابەتەکە بە خوێندکاران،بەمەش قۆناغی کارلێکردن دەست پێدەکات، ئەم قۆناغەش پێویستی بەتواناو شارەزایی ولێهاتوویی هەیە، وەك پاڵنەرێك بۆ وروژاندنو سەرنجڕاکێشانی خوێندکاران بۆلای بابەتەکە،و پەیوەندییەکی مرۆڤانەی هەبێت لەگەڵ خوێندکارانو خستنە ڕووی بابەتەکە ،بەشێوەیەك کە پرسیارو وەڵام دروست بکات.

٣. **هەڵسەنگاندن** :- ئەم لایەنە هەر لەگەڵ دەست پێکردنی وانەکە دەست پێدەکات، هەنگاوبە هەنگاو لەگەڵ وانەکەدایە،تاوەکو کۆتایی وانەکە ،بۆ زانینی ڕادەی بەدەستهێنانی ئەنجامی وانەوتنەوەکە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**دووەم :- ئامادەکردنی وانە :**

ئامادەکردنی وانە زۆر گرنگەو کاریگەرییەکی زۆرباشی هەیە لەسەر سەرکەوتوویی مامۆستا، دەبێ مامۆستا بە تەواوەتی بەسەر بابەتەکەدا زاڵبێت، ئەویش بە پێی شارەزاییو بەتوانایی مامۆستاکە،یاخود زۆری وانەوتنەوەکەی لەماوەی چەند ساڵێکدا، زیاتر بەسەر بابەتەکەدا زاڵ دەبێت، بەمەش دەبێتەخاوەنی توانایەکی باش لە وتنەوەی وانەکەدا، خاوەن بیرێکی ڕێكو پێك دەبێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان سوودی لێدەبینێت.

مامۆستای کەم ئەزموونو کەم توانا ئەبێ هەمیشە بە دوای زانستدا بگەڕێو کاتی خۆی بۆ خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر تەرخان بکات،وانەکانی بە تەواوەتی ئامادەبکات، دوور بێت لە هەڵەو کەمو کوڕی هەمیشە بەدوای زانیاری نوێدا بگەڕێ لەبارەی بابەتەکە، بۆئەوەی لەلایەن نوێ بگەیەنێ بە خوێندکاران، لەلایەکی ترەوە ئەزمونو توانایەکی باش بۆ خۆی بنیاد بنێت. گرنگە مامۆستا بزانێت چۆن لە سەرەتای وانەدا دەچێتە ناو بابەتەکە، چ ڕێگەیەك گفتوگۆی پێ دەکاتو پرسیار دروست بکات، هەروەها هەڵسەنگاندنو دەهێنانی بناغەو یاساکان لەو نمونانەی کە دەیان درێتێ لەگەڵ پەیڕەو کردنی یاساکانیش لەسەری، پێویستی بەسەلیقەو وردبینیو شارەزایی هەیە.

نابێ مامۆستا تەنیا بابەتی نێو کتێبەکە بە خوێندکاران وەکو خۆی بڵێتەوەو داوایان لێبکات بگەڕێنەوە سەر کتێبەکە، چونکە نیشانەی کەمتوانایی مامۆستا لەوانەکەدا دەردەخات ، بۆیە دەبێت زانیاری زیاتریان پێبداتو مامۆستا بەر پرسە لە پێگەیاندنی خوێندکاران.

کەواتە تاوەکو هەڵنەستین بە وتنەوەی وانەکە، بە تەواوی لە زانستەکە تێناگەین، ئامادەکردنی وانە لای خوێندکارو مامۆستا جیاوازە،چونکە خوێندکار تەنیا رووکەشیانە وەری دەگرێ، بەڵام مامۆستا ئەبێ بەشێوەیەکی قووڵ وەریبگرێ، بۆئەوەی زانیاری زۆر زیاتری هەبێ لەچاو خوێندکارەکەی، سەرکەوتنو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەرنەکەوتنی خوێندکار لەسەر ئامادەکردنی وانەکە دەوەستێو بەر پرسیاریشە لە بەهێزیو لاوازییان.
مامۆستای دڵسۆزیش ئەوەیە کە بۆ ئامادەکردنی وانەیەك زۆر خۆی هیلاك بکاتو پرس بە خەڵکی تر بکات، ئەگەر نەیزانی بۆئەوەی لای خوێندکارەکان بە لاوازی نەبینرێت، هەوڵدانی مامۆستا بۆ سوود وەرگرتنی خوێندکاران، کەمو کورییە زانستییەکان دەپۆشێ ئەگەر هەبێت.
مامۆستا ئەگەر ئارەزووی هەبێت لە بابەتەکە، ئەوە دەتوانێ ببێتە باشترین مامۆستا بۆ بەگەڕخستنی خوێندکارەکان، چونکە ئەم ئارەزووە دەبێتە هۆی زیاتر هەوڵدانو گەڕان بەدوای زانستەکەو شارەزایی پەیداکردن، بۆئەوەی کەمو کورییەکانی خۆی پێچارەسەر بکات، پێویستە لە ئامادەکردنی وانەدا، مامۆستا مانای وشەگرانەکان بزانێت، دەستەواژەی ڕوونو ئاسان بەکاربێنێو توانای ڕوونکردنەوەی چەمکە شاراوەکانی هەبێت، بەجوانی ئەو بیروڕایانە ڕوون بکاتەوە، کە پێویستییان بە زیاتر ڕوونکردنەوەوباس لێکردن هەیە.
ئەو بنەمایانەی کە دەبێ لەئامادەکردنی وانەدا ڕەچاو بکرێ :-

١. مامۆستا پلانێکی ڕوونی هەبێت بۆ بابەتەکەی، خاڵە سەرەکییەکانو مەبەستە دیاریکراوەکەی کە کاری بۆ دەکات، باش بناسێتو تێی بگات.
٢. ڕەچاوی تەمەنو توانایو زانستی خوێندکارو ژینگەکەی بکات، کە چییان لەگەڵ دەگونجێتو ڕەچاوی خوێنداری زیرەكو مام ناوەندو لاوازیش بکات لەم ڕووەوە.
٣. مامۆستا بزانێت ئەو هۆکارانە چۆن بەکاردێت بۆ ڕوونکردنەوەی تایبەتی، یان نیشاندانی نموونەیەکی دیاریکراو، یان وێنەیەکی جوان بزانێ ئەم هۆکارانە، کەیو لە کوێو چۆن بەکاری دێنێ بۆ ڕوونکردنەوە، بە خوێندکارانی پیشانبدات بۆ سوود لێبینینو زانینی هەندێکاری گرانو خاڵە نادیارو شاراوەکان، باش بەکارهێنانی ئەم هۆکارانە نیشانەی دڵسۆزیو باش ئامادەکردنی وانەیە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٤. مامۆستا دەبێ وانە نوێیەکە بە کۆنەکەوە ببەستێتو بزانێ پێشتر چەند سوودیان، وەرگرتووە بۆئەوەی ئەمیان بە ئەوی تربیر بکەوێتەوە.
٥. مامۆستا دەبێ بەچاکی بابەتەکە هەڵبژێرێ، چونکە هەڵبژاردنی چاك ماناو نیشانەی سەلیقەی وانە بێژەو بە گوێرەی لۆژیك ریزیان بکات، بۆئەوەی تێگەیشتن لای خوێندکار ئاسان بێت.
٦. پێویستە مامۆستا بەدوای لایەنی لێکچوو جیاوازی بابەتەکەدا بگەڕێ.
٧. مامۆستا دەبێ باش لە بابەتەکە گەیشتبێو هەموو لایەنەکانی لاروون بێت، بۆئەوەی بتوانێ بە زمانێکی روونو دەستە واژەی ئاسان وانەکە روون بکاتەوە، چونکە کە خۆی شارەزایی تەواوی نەبێ چۆن خوێندکار تێدەگەیەنێت.
٨. پێویستە وانەکە سنوردارو دیاریکاروبێت، بۆئەوەی لەگەڵ کاتی وانەکە بگونجێت.
٩. مامۆستا ئەبێ سوود لە کتێبخانەی خوێندنگە وەربگرێتو بزانێ چ کتێبێکی تێدایە، پەیوەندی بە باتەکەوە هەیە، تا رێنوێنیخوێندکاران بکات، بۆ ئەو سەرچاوانەی کە سوودی لێ دەبینن.
١٠. بابەتەکە پەیوەندی بە ژیانی گشتییەوە هەبێت، لەگەڵ ژینگەی خوێندکارەکە بگونجێ، واتە بابەتەکە سوود لەو ڕووداوانە وەربگرێ، کە لە چوارچێوەی خوێندکارەکە هەیەو ڕوویان داوەو نمونەش لەو ڕووداوانە وەربگرێ.
١١. مامۆستا دەبێ شارەزاییەکی باشی لەو رێگەیە هەبێ کە هەڵی دەبژێرێ بۆ وتنەوەی بابەتەکە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**سێیەم : - چەمکی ڕێگەی وانە ووتنەوە لە نێوان کۆن و نوێدا :-**

پێویستە لەبواری وانەوتنەوەدا باشترین ڕێگە هە ڵبژێردرێت بۆ وانەوتنەوە، نەك پشت بەیەك ڕێگەببەسترێت، ئەویش پێویستی بە شارەزایی و توانای مامۆستا هەیە، لەم بوارەدا بۆ چوونی کۆن سەبارەت بەوانەوتنەوەتەنها ڕێگەیەکبوو بۆ گەیاندنی بابەت بە خوێندکاران کە ئەویش ڕێگەی مامۆستایەو لەسەر بناغەی گواستنەوەی زانیاری لە کتێب و مێشکی مامۆستاوە بۆ مێشکی خوێندکار، ئەم بۆ چوونە تەنها ئامانجی لەسەر زانیاری بوو، هیچ ئامانجێکی تری نەبوو، کە بە هۆیەوە ڕۆڵی مامۆستا سلبی بوو، تەنیا پێشوازی کردنی زانیاری بوو، بەیەك چاو سەیری هەموو خوێندکارانی دەکرد، هیچ جیاوازییەکی نەدەدی لە نێوان خوێندکاراندا، بەڵام بۆ چوونی نوێ ڕێگەیەکە بۆ یەکخستنی بواری زهنی و گوێی خوێندکارن بۆئەوەی چالاك بێت، بناغەی ئەم بۆ چوونە ئەوەیە، کە فێرکردن کارلێککردندروست بکات لەنێوان خوێندکارو بارودۆخی دەرەکی و ڕۆڵی مامۆستا لەوەدایە، کەچۆن ئەم بارودۆخە بۆ خوێندکارەکە بڕەخسێنێت،ئامانجی خوێندن بە پێی ئەم بۆچوونە، تەنیا زانیاری گەیاندن نابێت، بەڵکو جۆراو جۆر دەبێت و زانیاری مرۆڤ بەبەردەوامی نوێ دەبێتەوە،مامۆستا ڕۆڵی باش دەبینێ و ڕەچاوی جیاوازی تاکە کەسی دەکات.

**گرنگترین بنەما گشتییەکانی وانەوتنەوە : -**

١. ڕەچاوکردنی ئارەزووەکانی خوێندکاران، ئەوەی کە ، لەگەڵیان دەگونجێ، تاوەکو سوود لەم بابەتە وەربگرن.

٢. ڕەچاوی چالاکی خوێندکار بکرێت، تاوەکو بەشداری بکات، و ڕێگەی پێبدرێت کە چۆن بیربکاتەوە، و هانی بدرێت پشت بەخۆی ببەستێ لە خوێندندا، ڕێی نیشان بدرێ ،ئەگەر هەڵەی کرد، دەرس وەرنەدانەکاری ،مەگەر لەسەر ئارەزووی خۆی بێت.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٣. پەروەردەكردن لە ڕێگەی چالاكی ویارییەوە، ئەم یارییە دەبێتە ڕێگەیەك بۆ پەروەردەكردن‌و دەرخستنی بەهرەو ئارەزووەكانیان، هەر لەم ڕێگەیەوە خوێندكار دەتوانێت بەزۆركار هەڵسیٚ‌و زۆر شت فێربیٚ.

٤. كاركردن بە بناغەی ئازادانە لە فێركردندا، هەست بە بێزاری نەكردن‌و ماندوو نەبوون لە كاتی فەرماندانی نا پێویست.

٥. هاندانی خوێندكاران، بۆئەوەی بە ئارەزووی خۆیان بنوسن ،تاوەكو هەست بەیبێزاری نەكەن.

٦. ڕەچاوكردنی جیهانی مناڵان، ئامادەكردنی ئەو ژیانەی كە چاوەڕێی دەكەن بەكۆكردنەوەی فێركردنی تیۆری وپراكتیكی.

٧. دروستكردنی ژیانی هاوكاری لە نێوان خوێنكارو مامۆستاداو مامۆستا لەگەڵ ماڵەوە، بۆئەوەی پرۆسەی فێركردن باشتر ئەنجام بدرێت.

٨. هاندانی خوێندكار بۆئەوەی خۆیان فێری شتەكان ببن‌و پشت بە مامۆستا نەبەستن، تەنها لەكاتی پێویستی‌و هەستكردن بەگرانی نەبێت.

## ڕێگەكانی وانەوتنەوەو پۆلێنكردن :-

بەگشتی ڕێگەكانی وانەوتنەوە بۆ چەند كۆمەڵێك پۆلێن دەكرێن :-

١. هەندێك لەسەر هێڵێكی بەردەوامی دادەنێن ،كە بە ڕێگەی خستنە ڕوو دەست پێدەكات بەڕێگەی دۆزینەوە كۆتایی دیٚ لە نێوانیاندا گفوگۆش هەیە.

٢. بەشێك بە پێی ئەو هەوڵ‌و كۆششانەی كە دراوە لە هەرێگەیەك لەلایەن مامۆستا،یانخوێندكار،یان هەردوولا پۆلێنی دەكەن.

٣. كۆمەڵێكیش لەسەر بنەمای( القا) پۆلێندەكەن.

٤. گرووپێكیش لەسەر بنەمای تاكێتی، یان كۆمەڵی پۆلێندەكەن.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

(ادوین فنتونه)پۆلێنکردنی رێگەی وانە وتنەوەی لەسەر یەك هێڵی بەردەوام دانا ،جەمسەری یەکەم شێوازی خستنە ڕووەوە جەمسەری دووەم شێوازی دۆزینەوەیە، لەو میانەشدا گفتوگۆ دەکرێت.

١. شێوازەکانی خستنەڕووپشت بەو وروژێنەرانە دەبەستێت، کە دەدرێت بە قوتابی، گفتوگۆی ئاڕاستە کراو بنەمای ئەم ڕێگەیەیە ،کە تێدا پرسیارو وەڵامو هەڵێنجانو بەرهەمهێنان دەستەبەر دەبێت.
٢. شێوازی دۆزینەوە پشت بە چالاکیو کۆششی قوتابی دەبەستێ، بۆ ئاشکرا کردنی زانیاری نوێ.

رێگەکانی وانەوتنەوە بەپێی ئەركو ماندو بوون لەهەر رێگەیەکدا دەبن بەسێ گروپ:-

١. ئەو رێگەیە دەگرێتەوە ،کە ئەرکەکەی بەتەنها لەسەر مامۆستایە بە بێبەشداری کردنی قوتابی.
٢. ئەو رێگەیەی کە ئەرکەکەی لە نێوان قوتابیو مامۆستا دابەش دەبێت.
٣. ئەو رێگەیەی کە ئەرکەکەی بەتەنها لە ئەستۆی قوتابی دەبێتو لەئەنجامدا مامۆستا گفتوگۆی لەگەڵ دەکات.

هەروەها رێگەکانی وانەوتنەوە وەك چالاکیەکی فێرکردن کە مامۆستا قوتابی بەشداری تێدا دەکەن بۆ سێ کۆمەڵ پۆلێن دەکرێت:-

١. رێگەی دووانو ئاخاوتن :- کە پشت بە ئاخاوتنو نووسین و وەسفو وانەبێژیو پێوانەو هەڵێنجانو گفتوگۆ دەبەستێت.
٢. رێگەی ڕوونکردنەوە:- پشت بەسەرچاوەی زانیارییەکان دەبەستێ،کە ئەمەش زیاتر لە رێگەی وێنەو سینەماو گەشتەکانی قوتابخانەوە بەدەست دێت.
٣. رێگەی پراکتیکیەکان:- کە زیاتر سەرچاوەکانی کارە پراکتیکیەکانو نووسینەکانی خوێندکارانە ،کە بە پشت بەستن بە خۆیانو بەسەرپەرشتی مامۆستا ئەنجامیانداوە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# پلان

پـلان: بريتييـه لـەدانى ميكانيزمێك بەمەبەسـتى پەيوەسـتكردنى مامۆسـتا بەپرۆگرام و ئەو كاتەی كەبۆی دياريكراوە.

بەگشتی پلان دوو جۆرە:

**ا- پلانی سالأنه**.

**ب- پلانی رۆژانه**.

**ا- پلانی سالأنه:** بريتييه لەنەخشە كێشان بۆ ئەو ساڵەی خوێندن و دابەشكردنی وانەكە بەسەر مانگەكانی خوێندندا.

لەپلانی سالأنەدا مامۆستا رەچاوی رۆژانی پشوو، بۆنەكان بكات، لەكاتی دانانی پلانی سالأنەدا. لەم پێناوەشدا دەبێت لە( ٦٠٪– ٦٥٪) وانەكانی بخاتە پێش نيوەی ساڵەوە،چونكە لەلايەك پشوو، بۆنەی كەمە، لەلايەكی ترەوە كەش و هەوای لەبارو گونجاوە بۆ وەرگرتنی وانەكان لەلايەن خوێندكارەوە، هەروەها دەروونييەتی خوێندكار ئامادەيە بۆ شت وەرگرتن.

**سودی پلانی سالأنه:**

١–لەروی كاتەوە مامۆستا پەيوەست دەكات بەكاتە دياريكراوەكانەوە، وانەكان بەفيڕۆ نادرێت.

٢–دابەشكردنی بابەتەكان بەسەر مانگەكاندا.

٣–پەيوەستكردنی مامۆستا بەتەواوكردنی بابەت.

٤–ئاگاداركردنەوەی مامۆستا لەدواكەوتن

| ژ | ناوی بابەت | لاپەرە | مانگ | تێبينی | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ------- | ١ | مانگی | بەيەك وانە | |
| ٢ | ----- | ٥ | تشرينی | بە (٢) وانە | |



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣ | ------ | ٩ | یەکەم (١٠) | بە(٢) وانە | |
| ٤ | ------ | ١١ | | = = = | |
| ٥ | ------ | ١٥ | | بە (١) وانە | |
| | ---- | | | | |
| | ------ | | | | |
| | ---- | | | | |
| | ------ | | | | |
| | ---- | | | | |
| ٦ | ——— | ١٧ | تـــــشرینی | بە یەك وانە | |
| ٧ | ——— | ١٨ | دووەم (١١) | بەدوو وانە | |
| ٨ | ——— | ١٩ | | = = | |
| ٩ | ——— | ٢٠ | | = = | |
| ١٠ | ——— | ٢٣ | | = = | |
| | ——— | ٢٥ | | | |
| | ——— | | | | |
| | ——— | | | | |
| | ——— | | | | |
| | —— | | | | |
| ١١ | —— | ٢٦ | کـــــانونی | بەبەك وانە | |
| ١٢ | —— | ٢٨ | یەکەم (١٢) | بەدوو وانە | |
| ١٣ | —— | ٣٠ | | بە سیٚ وانە | |
| ١٤ | —— | ٣٤ | | بەیەك وانە | |
| ١٥ | —— | ٣٥ | | | |
| ١٦ | —— | ٣٧ | کـــانونی | بە (٢) وانە | |
| | | | یەکەم | بە (٢) وانە | |



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٧<br>١٨ | ـــــ<br>ـــــ | ٣٩<br>٤٠ | | به (٢) وانه | |
| | پشوی | نیوەی | ساڵ | | |
| ١٩<br>٢٠<br>٢١ | ـــــ<br>ـــــ<br>ـــــ | ٤٣<br>٤٥<br>٤٧ | شـوبات (٢)<br>نیو مانگ | یەك وانە<br>یەك وانە<br>یەك وانە | |

**پلانــی رۆژانــە :** ئـەو پلانەیـە کـە بـۆ وانەیـەکی تایبـەتی رۆژانـە(٤٥) خولـەك دادەنرێـت. بەمەبەسـتی پەیوەسـتبوون و بەسـتنەوەی شـیرازەی ئـەو وانەیـە، بەناوەرۆکە تایبەتەکەو تەواوکردنی لەگەڵ کاتە دیاریکراوەکەدا.

لەپلانی رۆژانە دەبێت دەفتەرێکی تایبـەتی بۆ دابنرێت و بۆ هـەر وانەیـەك یـەك پلان دادەنرێت(پلانێکی نمونەیی).

سودی پلانی رۆژانە:

١–مامۆستا پەیوەست دەکات بەناوەرۆکەوە.

٢–بەفیرۆنەدانی کات.

٣–هەڵە نەکردن و لەبیرچوونەوەی بابەت و باس.

٤–زاڵ بوونی مامۆستا بەسەر بابەتەکەدا.

٥–یەك شێوازی باسکردن لە،هەموو پۆلەکاندا.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## هەنگاوەکانی پلانی رۆژانە بریتین لە :

١- ئامانجی گشتی ٢-ئامانجی تایبەتی ٣-هۆکانی رونکردنەوە

٤- پێشەکی وپەیوەندی ٥-خستنەروو

| ژ | هەنگاوەکان | کاتی دیاریکراو( خولەك ) |
|---|---|---|
| ١ | ئاما نجی گشتی | |
| ٢ | ئاما نجی تاییەتی | |
| ٣ | پێشەکی وپەیوەندی | ٥ –٧ /یان ٥ – بە پێی وانەکە |
| ٤ | خستنەروو | ٣٠ /یان ٢٠ - بە پێی وانەکە |
| ٥ | راهینان ، هەڵسەنگاندن | ٢٠ / یان ١٠ - بە پێی وانەکە |









PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## ڕێگای وتنەوەی خوێندنەوە

## هەنگاوەکانی وتنەوە:

١-دەبێت مامۆستا وانەکەی زۆر بەباشی ئامادە کردبێت.

٢-پاش نوسینی ناونیشانی وانەکە لەسەر تەختەکەو ئامادەکردن و هەڵواسینی هۆکارەکانی فێرکردن، مامۆستا لەڕێگەی وێنەی بابەتی ناو کتێبەکەوەو بەپرسیار کردن لەخودی شتەکان، مامۆستا دەچێتە باسەکەوە،چونکە وێنە یەکێکە لەو زمانە هاوبەشانەی، کە لەنێوان گەورەو بچووك و لایەنە جیاوازەکاندا بەکاردەهێنرێت و لێی تێدەگەن.

٣-پاشان شتەکانی ناو وێنە( چەند کەس و شتی تێدایە ) لەهەر یەکەیان دەپرسێت، چییە، چی لەبەردایە، بۆ وایەو، داوا لەخوێندکاران دەکات، کەکێ بەراستی دیونی، یاخود هەینی باسی بکات، لەکوێ دیونی، بۆ لەوێدا هەیەو چەند پرسیاری تر، ئەم حاڵەتی پرسیارو شیکاریە دەبێت (١٠-١٥) خولەك بێت و،هەموو خوێندکاران بگرێتەوە،چونکە باشترینی ڕێکایە بۆ زەمینە سازکردنی گفتوگۆو دوورخستنەوەی خوێندکار لەترس و شەرم گۆشەگیری و تەمەڵی.

٤-پاش ناساندنی وێنەکە، کەدیوی دووەمی بابەتی خوێندنەوەکەیە، مامۆستا چەند جارێك وانەکە خۆی و جارجار لەگەڵ خوێندکاراندا( لەگەڵیدا بیلێنەوە)دەیخوێنێتەوە.

بەڵام لەقۆناغی ٣، ٤، ٥، ٦ لەگەڵدا وتنەوە نەمێنێت.

٥-دوا بەدوای خوێندنەوە لەقۆناغی دووەمدا تاوەکو چوارەم مامۆستا بەخوێندکاران دەخوێنێتەوە، لەزیرەکەوە بۆ لاواز، دەبێت ،هەمووشیان هەستێنێت، مەرجیشە ئاگاداری هێمنی پۆل و ڕادەی پەیوەستبوونی خوێندکار بەخوێندنەوەی بابەتەکەوە بێت، پاشان مامۆستا واتای گشتی بابەتەکە، وەك چیرۆك زۆر لەوردی و سەرنج ڕاکێشی شیدەکاتەوە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٦-لێكدانەوەی وشەكان و هەر وشەیەك كە لەبابەتەكەدا گران بوو زیادی بكات وهاوواتاكەشی بۆ خوێندكاران لەپاڵ لێكدانەوەی وشەكانی ناو كتێبەكەدا دەنوسێت.
٧-مامۆستا خوێندكارەكانی پۆلەكەی دەكات بەچەند گروپێكەوەو بەهەر گروپێك دەڵێت پرسیار لەگروپەكانی بەرامبەریان بكات و ئەوان وەلأم بدەنەوە، لەپێناوی دروستكردنی گیانی هاندان لەنێوان خوێندكاراندا.
٨-پاشان مامۆستا خۆی پرسیار ئاراستەی ،هەموو گروپەكان دەكات، داوایان لێدەكات كە لەنێوان خۆیاندا گروپەكان راوێژ بكەن و پاشان لەرێگەی نوێنەری گروپەوە وەلأمی پرسیارەكەی مامۆستا بدەنەوە.
٩-هەر بەم سیستمی گروپە مامۆستا راهێنانی پرسیارو وەلأمەكەش حەل دەكات.

## تێبینی:

١-مەرج نییە ئەم(٩) خاڵە لەیەك وانەدا تەواو بكرێت، دەبێت بخرێتە دوو وانە یان زیاتر، لەم حاڵەتەشدا بەهیچ شێوەیەك پلان ناگۆڕێت،چونكە بابەت هەر هەمان بابەتی ناو براوەو نەگۆڕاوە، كەواتە زۆر هەڵەیە، كە مامۆستا لەیەك وانەدا ،هەموو ئەو رەگەزانە پیادە بكات،چونكە خوێندكار ناتوانێت لەماوەی (٤٥) خولەكدا ،هەموو ئەمانە، یان لەگەڵ (٤) وانەی تردا وەربگرێت.
٢-پشووبە وریابە، یاخود سرودو گۆرانی، تەنها لەكاتێكدا دەكرێت، كە خوێندكار هەست بەبێزاری بكات، یان خەیاڵی رۆیشتبێت، نەك هەر لەسەرەتاوە.
٣-خویندنەوەی زۆر لەلایەن مامۆستاو لەگەڵ وتنەوەی خوێندكاران بەندە بەقۆناغەكان و رادەی فێربوونی خوێندكاران.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

(( وانەیەكی نمونەیەكی بۆ وانەی خوێندنەوە ))

١-ئامانجی گشتی: فێركردنی خوێندنەوەو نوسین وشێوازی گفتوگۆ.

٢-ئامانجی تایبەتی: شروڤە كردنی وانەی (ئەو رۆژە ) بەخوێندنەوەو نوسین لەلای خوێندكارەوە.

٣-هۆكارەكانی فێركردن: وێنەی كتێبەكە، پۆستكارت، وێنە، تەباشیری رەنگاورەنگ .

٤-پێشەگەو پەیوەندی: پاش چوونە ژوورەوەو رۆژباشكردن وەك پێشەكیەك لەماوەی (٥-٧) خولەكدا، چەند پرسیارێك لەبابەتی رابردو دەكرێت،بەمەبەستی دروستكردنی پەیوەندی، ئەمیش لەپێناو دوو شتدا:

١-دڵنیا بوونی مامۆستا لەگەیاندنی بابەتەكە.

٢-دڵنیا بوون لەكۆششكردنی خوێندكاران.

٥- خستنەروو:

(( دەبێت هەنگاوەكانی وتنەوە لێرەدا جێبەجێبكرێت ))

١-لەرێگەی وتنەوەی كتێبەكەوە، دەچمە ناو باسەكەو خوێندنەوەكە لەرێگەی وێنەكەوە لەگەڵ خوێندكاراندا دەخەینە بەر باس و گفتوگۆ.

٢-چەند جارێك خۆم دەیخوێنمەوە.

٣-بەچەند خوێندكاری زیرەك پارچە پارچە دەخوێنمەوە.

٤-واتای گشتیو شیكارێكی جوان بۆ ،هەموو ئەو پرسیارو رەگەزانە دەكەم، كەوانەكە لەخۆی گرتوون.

٥-لێكدانەوەی وشەكان و ئەو وشانەی كە گرانن بۆی زیاد دەكەم .

٦-بە،هەموو خوێندكاران دەخوێنمەوە ، گەر زۆر بوون پارچە، پارچە بیخوێنەوە.

٧-راهینانی پرسیارو وەڵامەكان لەگەڵ خوێندكاراندا حەل دەكەم.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٨-وانەیەکی تایبەتی بۆ خوێندنەوەو پرسیارو گفتوگۆ لەشێوەی گروپ تەرخان دەکەم.

پاش خوێندنی ئەم بابەتە دەبێت مامۆستا بەپراکتیکی وانەی خوێندنەوەی پۆلی(٢، ٣، ٤، ٥، ٦) لەسەر ئەم بنەمایە بە،هەموو خوێندکاران بکات،

## هەنگاوەکانی زەمینە سازی دارشتن

١-دەبێت مامۆستا بابەتێك هەڵبژێرێت مەرجەکانی بابەتی دارشتنی تێدا بێت.

٢-دەبێت مامۆستا چەندین وشەو رستەی پێشتر بۆ خوێندکار نوسیبێت، یان فێرکرد بێت، واتە تا زەمینە سازی ئەکرێت بۆ ئامادەکاری بابەتی دارشتن، هەر لەوانەی خوێندنەوەو گفتوگۆوە، تاوەکو دروستکردنی دەفتەری گیرفان و فێرکردنی شێوازی نوسین، نابێت دارشتن بەخوێندکار بنوسرێت .

٣-مامۆستا پێشینەیێکی جوان لەبارەی بابەتەکەوە دەخاتە روو، دەشتوانێت تابلۆیەك، یان وێنەو چیرۆکێك بکاتە بابەتی دارشتن، وێنەکانیان وەك هۆکاری روونکردنەوە بهێنێتە پۆل و، بەرامبەر خوێندکاردا هەڵیان بواسێت، لێرەوە پرسیار لەوێنەو تابلۆکە بکات و شروڤەیان بکات.

٤-نوسینەوەی چەند پرسیارێك، کە بەگشتی وەڵامی ئەم پرسیارانە بەدوایەکدا سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی بۆ دارشتنەکە بککێشێت، واتە دەکرێت باسکردنەکە لەچەند پرسیارێکدا کۆ بکاتەوە، تاوەکو خوێندکار بەسەیر کردنی پرسیارەکانی سەر تەختەکە وەڵامدانەوەیان بتوانێت دارشتنێکی سەرەتایی بنوسێت.

٥-ئەم هەنگاوەی پێشوو تاوەکو قۆناغی یەکەمی دارشتن بەکار دەهێنرێت، پاش بڕینی ئەم قۆناغە پرسیارەکانی تایبەت دەکرێت و دواتریش، پرسیار نانوسرێت و تەنها ناونیشان بۆ خوێندکار دەنوسرێت.

٦-مەرجە مامۆستای خوێندنەوە بەشەوانەیەك ( ١حصە) لەهەفتەیەکدا لەوانەی خوێندنەوەی تەرخان بکات بۆ وانەی دارشتن، ئەم لایەنە سەربەخۆ و جیا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بکاتەوە. بەتایبەتی لەقۆناغی (٥-٦)ەمی سەرەتاییدا، واتە لەوانەی دارشتندا، مامۆستا سەرباس دەنوسێت، دەبێت خوێندکار خۆی لەماوەی دیاریکراودا، دارشتنێك بەپێی مەرجەکانی دارشتن بنوسێت.

## (( پلانێکی نمونەیی بۆ وانەی دارشتن ))

١-ئامانجی گشتی: فێرکردن و راهێنانی خوێندکار لەسەر نوسینی ئەدەبی، توانای بەکارهێنانی بیری خۆی.

٢-ئامانجی تایبەتی: نوسین و تاقیکرنەوەو بەهێزکردنی توانای خوێندکار لەبواری ئیشی تەوەریدا.

٣-هۆکارەکانی روونکرنەوە: چیرۆك، رووداو، وێنە، ژینگەی خوێندکار.

٤-پێشەکی پەیوەندی: پاش چوونە ژوورەوەو رۆژباشکردن وەك پێشەکی، لەماوەی (٥-٧) خولەیەك چەند پرسیارێك لەوانەو بابەتی رابردو بەگشتی دەکرێت، لەسەر بنەمای هەمان مەبەست، ئەمەش وەك قۆناغی پەیوەندی.

٥-خستنەروو:

١-پێویستە مامۆستا ئامادەکارێك لەلای خوێندکار بۆ نوسین دروست بکات لەسەر بابەتەکە، دواتر سەرەتایەك لەسەر نیشتمان باس دەکەم بەمەبەستی ئامادەکاری.

٢-لەرێگەی ئەم باسکراو و هۆکارانەوە، مێشکی خوێندکار دەجوڵێنم، بەشێوەیەك ئەم باس و هۆکارانە، کار لەخوێندکار بکات، جگە لەمەش لەرێگەی پرسیارو وەلام، یاخود باسکردنی دارشتن بەشێوەی زاری و دەربرین تاوەکو بەدڵنیاییەوە رەگەزی ئامادەکاری بهێنرێتە دی و خوێندکار فێری شێوازی نوسین وچۆنیەتی دەست پێکردن و شیکردنەوەی بابەتەکەو کۆتایی پێهێنان بێت.

٣-ئازادیەکی تەواو دەدەم بەخوێندکار، تاوەکو لەروانگەی ئەم هەنگاوانەوە، دارشتنەکە بنوسن، دەکرێ لەقۆناغی یەکەم لەدارشتنی سەرەتادا لەسەر تەختە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**بنوسرێت و هەر خوێندکارێك بەپێی توانای خۆی رستەیەکی بۆ زیاد بکات، بەڵام دواتر لەسەر دەفتەر و بەوپەری ئازادیەوە دەنوسرێت.**

**٤-باشتر وایە لەهەنگاوی سەرەتایی نوسینی دارشتندا، دوبارە سیستمی گروپ بەکاربهێنرێت و چەند گروپێك دروست بکرێت.**

**هەر یەك لەم گروپانەیەك دارشتن بنوسن و دواتر هەر یەك لەم دارشتنانە، لەلایەن نوێنەری گروپەوە بخوێنرێتەوە،پاشانقسەو گفتوگۆی لەلایەن گروپەکانی ترو مامۆستاوە لەسەر دەکرێت، باشترین دارشتنی ئەم گروپانە هەڵدەبژێرێت.**

**٥-مامۆستا بەناو خوێندکاردا دەگرێت، لەپێناو هاوکاریکردن و نەهێشتنی تەنگو چەڵمە لەلای خوێندکار.**

**تێبینی:**

**١-دەشکرێ لەپاش نوسینی ئەم دارشتنە، بابەتێکی تریان بۆ دیاری بکات، تاوەکو لەماڵەوە بۆ وانەی دارشتنی داهاتوو ئامادەی بکەن. بەڵام دەبێت مامۆستا زۆر ئاگاداری ئەوە بێت کە بەهیچ شێوەیەك رێگە بەکەسی تر( دایك، باوك، برا، ناسراو...) نەدات کە دارشتن بۆ خوێندکار بنوسێت.**

**٢- دەبێت مامۆستای وانە ئەم هەنگاوی پلانە نمونەیە بەسەر خوێندکارانی پەیمانگادا پیادە بکات، وەك تیۆر وەك پراکتیك واتە بەتاك، بەگروپ چەند جارێك دارشتنیان پێبکات و بابەتەکانیش هەڵسەنگێنرێن لەپۆلدا.**

**٣-دەبێت ئەم هەنگاوانە لەیەك وانەدا لەناو پەیمانگادا تەواو بکرێت.**

## سرودو قۆناغەکانی وتنەوەی

**سرود: بریتیە لەچەند هۆنراوەیەکی سوك و ئاسان و لەخۆگری هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانی و ئامۆژگاریەو لەپێناو دروستکردنی ئەم گیانە، بەکێش وئاوازێکی تایبەتەوە دەنوسرێت.**

**سرود بەشێکی سەرەکی فێربوون، یاخود ئاسانکاری رێگای فێرکردنە ،چونکە سرود لە،هەموو وانەکان و پۆل و بۆنەکاندا دەوترێت و گیانی هاندان و**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بوژانەوەو دروستکردن لەلای خوێندکار بنیاد دەنێت، لەبەرئەوە دەبێت لەقۆناغی سەرەتایدا گرنگیەکی تایبەتی پێبدرێت، جگە لەمەش سرود، گیانی پێکەوە بەستن و دەرکردنی ماندوبوونە لەدەرونیەتی خوێندکاردا.

## (( قۆناغەکانی وتنەوەی سرود ))

سەبارەت بەقوتابی سەرەتایی سرود دەکرێت بەدوو قۆناغ، بەپێی ئەو دوو قۆناغە سرود لەبارەی بابەت و شێوەو رێگەی وتنەوەدا دەگۆرێت بۆ نمونە:

قۆناغی یەکەم: ئەم قۆناغە پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەم دەگرێتەوە، لەبەرئەوەی قوتابی لەم قۆناغە بەتەواوی خوێندنەوەو نوسین نازانێت، مامۆستا لەفێرکردن و وتنەوەی سرودا پشت بەسەلیقەی خورسکی قوتابیان دەبەستێ، بەهۆی حەزکردنیان لەئاوازو گۆرانی، بە دووبارەکردنەوەی چەند جارە، ئەو سرودە، لەمێشکیاندا دەچەسپێ، بەبێ ئەوەی هەست بەماندو بوون وچۆنێتی لەبەرکردن بکەن. لەوانەشە هەندێکیان مانای سرودەکان نەزانن، لەگەڵ ئەوەشدا لەبەری دەکەن.

قۆناغی دووەم: پۆلی( ٤، ٥، ٦) دەگرێتەوە، دەبێت خوێندکار ئامادە کرابێت و لەرێگەی فێربوونی بەکارهێنانی توانای خۆیەوە دارشتن بنوسێت.

## مەرجەکانی سرود:

بۆ ئەوەی سرودەکان بەئاسانی لەبەربکرێن، دەبێت ئەم مەرجانەی تێدا بێت:

١-دەبێت پەیوەندیەکی بابەتی بەهەوەس و ئەرکی قوتابخانەوە هەبێ بۆ وێنە لەسرودی (تۆپەکەم) و( قوتابخانەکەم) هەڵبەستی (مەدحەت بێخەو) ئاوازی عبدالله دڵسۆز.

٢-دەبێت نیشتمان پەروەردی لەدەروونندا جۆش بدا، بۆ وێنە سرودی( تادەست لەملی هیوا نەکەم، ئەی رەقیب، ئازادی خوازین).



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٣-دەبێت باسی زیندەوەری جوان بکات بۆ نمونە: سرودی( بەرخەم نەرم و نۆڵە) هۆنراوەی فەرەیدون علی ئەمین.
٤-پەیوەندی بەجوانی سروشت و دیمەنی نیشتمانەوە هەبێ بۆ وێنە سرودی( کوردستان جێگەی بەچکە شێرانە) هۆنراوەی هاوار رەسوڵ.
٥-داوای رێزگرتن و ئەڤینی مرۆڤ بکات، بۆ وێنە: سرودی دایکی شیرنیم.
٦-کەواتە دەبێت سرودەکە لەگەڵ ئاست و تواناو حەزی منداڵەکە بگونجێت و پەیوەندی بەژینگەی ئەوەوە هەبێت.

## رێگەی وتنەوەی سرودی قۆناغی یەکەم:

وتنەوەی سرود لەم قۆناغەدا، پۆلەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم) دەگرێتەوە:
لەم قۆناغەدا وتنەوەو فێرکردنی سرود، بەم هەنگاوانەی خوارەوە دەبێت:
١-پێشەکی سوك و ئاسان، چ لەشێوەی چیرۆکی منداڵاندا بێت، یان لەشێوەی پرسیارێکی ئاستەمدا، بۆ ئەوەی قوتابیان ئامادەبن بۆ وەرگرتنی سرودەکە.
٢-خستنە رووی پوختەیەکی واتای سرودەکە، بەڵام دەبێت زەینی پەتی بێت، لەگەڵ قسەوباسکردن لەسەری
٣-دەربڕینی ئاوازی سرودەکە، بەبێ ئەوەی گوێ بەوشەکان بدرێت، بۆ ئەوەی ئاوازەکە بەجیا بەگوێی قوتابیاندا بدرێت.
٤-مامۆستا بەئاوازێکی خۆش، چەند جارێ هۆنراوەکە بەئاوازەوە بخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی تاسەی قوتابیان بکاتەوە، جاروباریش مۆسیقا لەگەڵ ئاوازەکەی تێکەڵاو بکات، قوتابیانیش بەچەپڵەیەکی ئاستەم، یان بەسەری نووکی پەنجەیان، سازی مۆسیقاکە بۆ مامۆستاکەیان دەڵێنەوە.
٥-راهێناو مەشقکردن بەقوتابیەکان دەکات، قوتابیان بەیەکەوە ئاوازەکە بەبێ مامۆستا دەڵێنەوە ، بۆ ئەوەی چاك رابێت لەسەر ئاوازەکە. واپەسەندە مامۆستا قوتابیەکانی لەسەر شێوەی کۆرس، لەگۆرەپانی قوتابخانەکەدا ریز بکات و بەدەم سرود وتنەوە بیان گێرێ.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**ڕێگەی وتنەوەی قۆناغی دووەم:** ئەم قۆناغەش پۆلەکانی (چوارەم، پێنجەم، شەشەم) دەگرێتەوە

ڕێگەی وتنەوەی سرود لەم قۆناغەدا، بەم جۆرەیە:

١-نوسینی سرودەکە لەسەر تەختەکە: پێش ئەوەی مامۆستا بچێتە ژووری وانەوە، دەبێت سرودەکە بەخەتێکی جوان لەسەر تەختەیەکی گەڕۆك بنوسێتەوە، کەویستی بڕواتە پۆلەوە تەختەکە بەرامبەر قوتابیان هەڵواسێت، یان گەر سرودەکە کورت بوو، مامۆستا خۆی بەخەتێکی جوان لەسەر تەختەکە بینوسێت، یان لەسەر وەرەقە نوسیبێتی.

٢-پێشەکیەکی جوان و سادە باس بکات بۆ ئەوەی قوتابیەکان لەو بارەیەوە بیر بکەنەوە،دواتر ڕاڤەکردنێکی ئاسان بەگشتیو لێکدانەوەی وشەی گرانەکان.

٣-خستنە رووی ئاوازی سرودەکە: مامۆستا سرودەکە بەئاوازەوە بۆ قوتابیەکان دەخوێنێتەوە.

٤-خوێندنەوەی سرودەکە لەلایەن چەند قوتابییەکی دەنگ خۆشەوە.

٥-دەربڕین و خوێندنەوەی ئاوازی سرودەکە: مامۆستا لەگەڵ قوتابیەکاندا بەئاوازەوە سرودەکە دەخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی ئاوازەکە بەتەواوی لەگوێی قوتابیەکاندا بزرنگێتەوە ئەگەر هەڵبەستی سرودەکە قورس بوو، یان درێژ بوو، دەبێت قوتابیەکان لەسەر هەڵبەستی یەکەم چەند جاریَ مەشق بکەن، بۆ نمونە:

**ئەم ڕۆژی ساڵی نوێیە نەورۆزە هاتەوە**

**جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشیو بەهاتەوە**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# ڕۆڵ و گرنگی زمان

## بەشی یەکەم : فێربوونی زمان

### یەکەم :- ئەرکی زمان

ئادەمیزاد بەسروشتی حاڵ، ژیانی بەکۆمەڵی خۆش ویستوە و دەیەوێت لەگەڵ کۆمەڵێك لەهاو ڕەگەزەکانی خۆیدا، ژیان بەسەر بەرێت، هەڵبەتە کۆمەڵێك هۆکاری گرنگی زۆرو هەمە جۆر هەن بۆ خەز کردن، لەو جۆرە ژیانەو پێکەوە بەستنەوەی مرۆڤەکان بەیەکەوە،لەمانە هۆکاری نەژادو دراوسێیەتیو یەك مەبەستیو یەکیەتیو ئێش و ئازارو هیواو ئاوات و گەلێ شتیتر لەپەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، بۆیە مرۆڤ زۆر بەتاسەوەیە، بۆ ئەوەی لەم کۆمەڵە ئادەمیزادە تێی بگات، تابتوانی ژیانی خۆی ڕێك بخات و نەخشەی ژیانی خۆی دابرێژێ.

گومانیش لەوەدا نییە، کۆمەڵی ئادەمیزاد بە،هەموو چین و توێژەکانیەوە، لەدێر زەمانەوە هەوڵی بێوچانیان داوە، بۆ ئەو لێکتێگەیشتن و پێکەوە ژیانە.

پێدەچێت کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەر لەبەیانی مێژوویەوە، بۆ ئەو مەبەستە هەنگاوی چڕوپڕی نابێت و وردە وردە پەرەی بەئەنجامدانی هۆکارەکانی پەیوەندی لێك تێگەیشتن دابێت.

سەرەتا بەشێوەی ئامـاژەکردن و هەندێ جوڵاندنی دەست و قاچ وئەمجار بەدەنگی بێ پیت و وشەو ڕەمزو لێو هەڵقرچاندن، ئەم کارەی ئەنجامدابێ، تا لەئاکامی ئەم هەولانەدا، گەیشتە ئەو ئاستەی زمان بکاتە هۆکاری لێك تێگەیشتن و گوزارشت و دەربڕینی بەستەکان.

کەواتە زمان:—

١—هۆکارە بۆ پەیوەندیکردنی ئادەمیزاد بەهاورەگەزی خۆیەوە، هەر لەرێگای ئەم پەیوەندییانەوە مرۆڤ پێویستییەکانی دەستەبەر دەکاو ئاواتەکانی دێنێتە دی.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٢-هەروەکو چۆن زمان هۆکارێکی گرنگە بۆ دەربڕینی سۆزو ئێش وو ئازارەکانیو دەتوانێ لەرێگەی زمانەوە هەستە جۆراو جۆرەکانی دەربڕێ. هەر زمانە ئادەمیزاد لەزیندەوەرانی سەر زەوی جیابکاتەوە.

٣-زمان ئامێری بەهێزی ئادەمیزادە لەبوارەکانی گفتوگۆو دەمەتەقێو دانوساندا، بەهۆی زمانەوە ئادەمیزاد دەتوانێ کار بکاتە سەر تاك وکۆمەڵ و وایان لێ بکات، پابەندی فەرمان و جڵەوگیرییەکانی بن و شوێنی کەون.

ئەمە وێرای چەند ئەرك و فەرمانێکی تری زۆر و هەمە جۆر، کە بەزمان نەبێ ئەنجام نادرێن، یان ئەگەر ئەنجامیش بدرێن بەشێوە کاریگەر نابن، چ لەسەر ئاستی تاك، یان ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی، یان لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتیو کۆمەڵگای ئادەمیزاد بەگشتی.

٤-هەروەها زمان بەگشتی هۆکارێکی کۆمەڵایەتیو ئامێرێکی بەهێزو کاریگەرە بۆ گفتوگۆو دانوسانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ و کۆمەڵانی ئامادەمیزاد. بەکورتی زمان چەکی ئادەمیزادە لەکاتی روبەروبوونەوەیدا، لەگەڵ زۆر لەروداوی زیندوو چارەنوسازی وەهادا، کە داخوازی ئاخاوتن و گوێ راگرتن و نوسین و خوێندنەوەیە، ئا ئەم ئەرکانە گرنگترین ئەرکی کۆمەڵایەتی زمانن.

٥-هەندێکی تر لەئەرکە کۆمەڵایەتیەکانی زمان ئەوەیە، بەکاردەهێنرێ بۆ پیاهەڵدان و بیروراو پڕوپاگەندە، شەڕو ململانێی سەردەم و کێشەو بەربەرەکانی نێوان رژێم و زلهێزەکان، ئەوەی سەلماند کە زمان چەکێکی بالاّ دەست و کاریگەرە، لە،هەموو جۆرە چەکەکانی تر کاریگەرترە، بۆ روخاندنی هێزی دوژمن و بەدەستهێنانی سەرکەوتن بەسەر دوژمندا.

٦-هەروەها زمان لەگرنگترین هۆکاری پەیوەندی گیانییە، لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگایەکی تایبەتیدا.

٧-لەلایەکی ترەوە زمان هۆکارێکی گرنگە بۆ پارێزگاری کەلەپوری رۆشنبیری و ژیاریی و گواستنەوەی لەچینێکەوە بۆ چینێکی ترو گەشەپێدانی، چ لەسەر ئاستی جیهانیو چ لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٨-زمان بەگرنگترین هۆکار دەژمێردرێ، کە بەکاردەهێنرێ بۆ بیرۆکەی لێکنزیکبونەوەو لێك تێگەیشتن لەسەر ئاستی جیهانی، ئەوەش بەئاڵوگۆڕکردنی ئەدەب و لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیەکان، بەجۆرێك کە دەبێتە هۆکارێکی کاریگەر بۆ لێکنزیك خستنەوەو بیروڕاو بۆچون، لەنێوان گەلانی جیاجیای جیهاندا.

## دووەم:- تێڕوانینی پەروەردە، سەبارەت بەفێربونی زمان.

**١- پەروەردەی کۆن:-** ئەم سستەمە کۆنەیە کە بەدرێژای مێژووی رابردو لەبواری فێرکردندا گیراوەتە بەر.

بەدرێژایی چاخەکانی رابوردوو، پەروەردەی کۆن واسەیری زمانی کردووە ، کە مادەیەکە بۆ خوێندن و زانستێکە، وەکو زانستەکانی ترو لەبەرخودی خۆی دەخوێندرێ، واتە: مەبەست ئامێر نیە. غایەیەو هۆکار نیە.

بەمەش بەشێکی زۆری ئەرکەکانی زمان، پشگوێ خران و رۆڵی خۆیان پێ نەبینرا، ئەم جۆرە تێڕوانینە کۆنە تەقلیدییە بۆ زمان، چەند هەڵەیەکی جیاجیای لێکەوتەوە، هەندێکیان دەگەرێتەوە بۆ پرۆگرام و بەرنامەی خوێندنی زمانەکەو هەندێکیان بۆ رێگەو چۆنیەتی خوێندنەکەو هەندێکیشیان بۆ ئەو تێڕوانینەی کە لەمەبەستی خوێندنەکەو بەرنامەی خوێندنەدا هەن.

هەندێك لەو هەڵانەی لەو جۆرە بەرنامە خوێندنەدا بەدی دەکرێن بریتین لە:-

١-زیاد لەپێویست گرنگیدان بەسامانی وشە ئارایی زمان و زیادەڕەوی لەزاراوەی وشك و بێتامدا، کە خوێندکارەکان توتی ئاسا دەرخیان دەکردن، بێئەوەی لەنوسین و لەئاخاوتنی رۆژانەیاندا بەکاربهێنن، یان لەکاتی خوێندنەوەدا بەزۆری بەرچاویان بکەون.

٢-هەروەها ئەو جۆرە بەرنامە خوێندنە شێوازی زمانەوانی جیاجیایی لەخۆگرتبوو، بەجۆرێك کە لەگەڵ زمانی ژیانی سەردەم ناگونجێ، پێویستیاتی ژیانی پێدەستەبەر نەدەکرا. شێوازو زمانێکی تێدا بەکاردەهات، نامۆ بوو بەشێوەی ژیانی سەردەم، خوێندکار ناچار دەکرا، ئەو زاراوەو وشەو رستە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نامۆیانه لەبەربكات، ئەمەش دەبووە هۆی وەرەس بوون و ماندووبوونی بێكەڵكی خوێندكارو بێزاربوون لەبەرنامەكەو خوێندن و فێربوونی زمان.

زۆربەی زۆری هەڵەكانی وانە وتنەوە لەشێوەی پەروەردە كۆنەكەدا، لەوەدا خۆی دەنوێنێ، كەوانە بێژ، پشت بە شێوازی (ئیلقان و تەلقین) پێگوتن و گوێگرتن دەبەستێت. ئەمەش خوێندكاران پەسەندی ناكەن هەڵوێستی سەلبی لێوەرگرن.

لەرووی ئامانج و مەبەستیش لەوانە وتنەوەی بابەتی زمان، بەگوێرەی بەرنامەی خوێندن لەسەر شێوازی كۆنەكە، دەتوانین هەڵەی بەرنامە كۆنەكە لەوەدا بەدی بكەین: كە ئەو شێوازە كۆنەی خوێندن گرنگی دەدا بە لەبەركردنی وشەگەلێ زۆرو لە بەركردنی زاراوەی جیاجیا، رێژەی لەبەركردنیان كردوەتە پێوەرو تەرازوی زۆرزانی و خوێندەواری نێوان خوێندكاران... دیاریكردنی ئاستی خوێندەواری خوێندكارەكان!

ب/ **پەروەردەی نوێ:** بریتیە لەپەیرەوكردنی نوێترین بەرنامەو پرۆگرام، لەگەڵ نەوەی نوێ وسەردەم و رەورەوەی پێشكەوتندا بگونجێت، لەپێناو گوزەركردنی خوێندكار لەگەڵ ئەم سەردەمەدا، لەروانگەی پەروەردەو بەرنامەی خوێندن لەسەر شێوازی نوێ، كەخوێندنی زمان بەهۆكار دادەنرێ، نەك ئامانج و مەبەست.

یەكەم وای دادەنێن كە زمان وزمانەوانی هۆكارێكە سود بەتاكەكانی كۆمەڵ، دەگەیەنێ، لەبارەی تێگەیشتن لەبوارە رۆشنبیریەكان.

دووەم دەگوترێ: زمانەوانی ئامێرێكی كۆمەڵایەتییە، لەرێگەی ئەوەوە تاكەكانی كۆمەڵ، دەتوانن پەیوەندی بەكەسانی دیكەوە بكەن و لەیەك تێبگەن و هەستی خۆیان بۆ یەكتر دەرببڕن.

بناغەی ئەم بیرۆكەیەش دەگەڕێتەوە بۆ دووشتی سەرەكی:

١-ئەو مادەیە، هۆكارێكی كۆمەڵایەتییە بۆ لێكتێگەیشتن و گفتوگۆ لەنێوان تاكەكانی كۆمەڵگەدا.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٢-ئەو مادەیەی پێویستە بخوێندرێ، لەسەر بنەمای گرنگی و کاریگەری لەژیانی رۆژانەی ئادەمیزاد بێت، بۆ ئەوەی خوێندکار واهەست بکات زانیارییەك فێر دەبێت کە لەژیانی رۆژانەدا پێویسیەتی:

**پراکتیزە کردنی ئەم بیرۆکەیە(یان بە عەمەلیکردنی ئەم بیرۆکەیە )**

**ا-سەبارەت بەمامۆستا:** هەر کاتێ مامۆستا هەستی بەوەکرد، کە خوێندکار فێری هۆکارێکی کۆمەلأیەتی دەکات، زانیاریەکی پێیدەڵێ کە خۆیو خوێندکارەکەش لەژیانی رۆژانەیاندا بەکاری دێنن و لایەنێکی زیندوی بۆ شیدەکاتەوە، بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ شێوازی فێرکردنە تەقلیدییەکەی خۆی دەگۆڕێ و رێبازی پەروەردەی نوێ دەگرێتە بەر، بۆ ئەوەی مەبەستە سەرەکییەکەی خۆی بێنێتە دی، ئیتر بۆ ئەم مەبەستە، گرنگی دەدا بەراهێنانی خوێندکارەکانی، لەسەر بەکارهێنانی وشەو رستەی زمانەوانی راست و بێ گرێ و گوڵ و پێچ و پەنا، نەك گیریان بکات بەلەبەرکردنی دەستورو پێناسەو زاراوەی وشك و ئاڵۆز، بۆیە دەبێت نمونەو رستەی وایان بۆ هەڵدەبژێرێ، کە پەیوەستن بە ژیانی رۆژانەیانەوەو رایاندە هێنێ لەسەر گفتوگۆ بەو زمانەو دەبڕینی هەست و نەستیان بەشێوازێکی شیرین .

**ب/ سەبارەت بە پرۆگرام و بەرنامەکانی خوێندن.**

ئاراستەکردنی بەرنامەکانی خوێندن بۆ لایەنی کارەکیو پراکتیزە کردنیان، ئەمەش بەراهێنانی خوێندکاران لەسەر بەکارهێنانی بابەتی زمانەوانی، بەهەر چوار شێوەکەی(( ئاخاوتن، گوێگرتن، نوسین، خوێندنەوە)) وێرای هەوڵدانی مامۆستا بۆ وەلانان و دوورخستنەوەی ئەو شتانەی وشك و بێکەڵکن و لەژیانی رۆژانەیاندا کەڵکی لێ وەرناگرن و راستەوخۆ پەیوەندی بە ئەرکی سەرەکی زمانەوانیەوە نییە.

## سێیەم:- زمانی کوردی

زمان رەنگدانەوەی بارو پێکهاتنی ئابوری، کۆمەلأیەتی، رۆشنبیرییە ..یاخود رەنگدانەوەی دەوروبەری سروشتیو کۆمەلأیەتییە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

زمانی کوردیش که زمانێکی رەسەنی کۆنی زمانە هیندۆ ئەوروپیەکانە، بەهۆی هۆکاری جوگرافی، مێژوویی، رامیاری، ئابوری، کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەوە چەند شێوە زمانێکی هەیە، کە ئەمانەن:

کرمانی ژوورو، کرمانجی ناوەند، کرمانجی خوارو، گۆران.

شێوەی جیاوازی زمان لەنێو نیشتەجێیانی شارو گوند، چیاو دوڵ و بان وبیابان دروست بوون. جیاوازی شێوەکانی زمان بەپێی جیاوازی کارو پیشەو بەرهەمهێنان و گوزەرانەوە پەیدا دەبن، شێوەی زمان هەیە ناوچەییە، هەیە کارویپیشەییە، هەیە هۆزو تیرەیی و ئاینییە، شێوەی زمانی رۆشنبیر، پەیداکار، پیشەکار، جەنگاوەر، وەرزشی، شاروگوندی، جۆرە جیاوازیەکیان لەگەڵ یەکتر هەیە. دەسەڵاتی رامیاریش شێوە زمانێك بەسەر کۆمەڵ دا دەسەپێنێت.

لەلایەکی ترەوە پێشخستنی زمانی نوسین زمانی وێژەیی یەکگرتوو کار لەزمانی قسەکردنی هاولاتیان دەکات و ئاخاوتنیان ئاسان وخۆش دەکات.

پێکهاتنی شێوەکانی زمان رەنگدانەوەی دەوروبەری کۆمەڵایەتیو سروشتییەو کۆمەڵێك هۆکار پێکیان دەهێنن، وەکو:

**١-هۆکاری جوگرافی.**

**٢-هۆکاری رامیاری.**

**٣-هۆکاری کۆمەلایەتی.**

**٤-هۆکاری رۆشنبیری**

**٥-هۆکاری ئابوری**

سەرەرای ئەوەی کە زمانی کوردی لەکۆنەوە تائەمڕۆ، نەك هەر لەچاو زمانە بیاینەکان، لەلایەن دەزگای رۆشنبیریو دەسەڵاتی رامیاری راژە نەکراوە، بەڵکو داگیرکەرانی کوردستان بەربەرەکانیان کردوە، سەرەڕای ئەو راستیانە زمانەکەمان زمانێکی بەپێزوخۆش و ناسکە.. زمانێکی دەوڵەمەندەو کراوەیە بەرەو پێشکەوتنی زیاتر.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لقەكانی زمانی كورد، بیرۆكەی یەكیەتیو لقەكانی، لەژێر ئەم ناونیشانەدا دوو تیۆر خۆیان دەنوێنن، تیۆری یەكتاییو تیۆری لقەكان:

مەبەست لەتیۆری لقەكان ئەوەیە، لەوەوە بڕوانینە زمانی كوردی، كە،هەموو لقەكان بەیەكەوە بەستراون و چەمكێكیان پێكهێناوە پێیدەگوترێ زمان . جا بۆ پراكتیزە كردنی ئەم تیۆرە لەفێركردنی زماندا، پێویستە سەرباسەكە، یان دەقەكە وەربگرین و لە،هەموو رویەكەوە لێی بكۆڵینەوە، لەروی خوێندنەوەو دەربرین و رێنوس و لەبەركردن و راهێنانەوە)...هتد

مەبەست لەبەشبەشكردنی زمان ئەوەیە، زمانەكەمان دابەشبكەین بۆ چەند لق وپۆپێك بۆ هەر لقێك بەرنامەو وانەو كتێبێكی تایبتی هەبێ، وەكو كتێبی خوێندنەوەو دەربڕین و رێزمان و ئەدەب و خۆشخوانی و رەخنە، جا بۆ پراكتیزە كردنی ئەم تیۆرە، دەبێت بۆ هەر یەكێك لەم لقانە بەرنامەی تایبەتی هەبێو وانەی سەربەخۆی بۆ دیاریكرابێ، بەگوێرەی ئەو بەرنامەیە بخوێندرێن و لێدوانی تێدا ئەنجام بدرێو لەخشتەی وانەكاندا شوێنی خۆیان بۆ دیاریبكرێ.

ئاشكراشە پەیوەندی نێوان لقەكانی زمان، پەیوەندیەكی بنەڕەتیو جەوهەرییە،چونكە لقەكانی زمام ،هەموویان هاوكارن بۆ دەستەبەركردنی مەبەستی سەرەكی لەفێركردنی زمان، ئەویش بریتییە لەوەی خوێندكار وای لێ بێ بتوانێ زمانەكە بەشێوەیەكی راست و ڕەوان بەكاربهێنێ لەپێناو تێگەیاندن و تێگەیشتن.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# بەشی دووەم : وانە وتنەوە

## یەکەم: وانە وتنەوە لەنێوان زانست و هونەردا

پەروەردەی نوێ و سەردەم، گرنگی بەشێوازەکانی وانە وتنەوە دەدات، لەبارەی مشتومالْکردنی بنەماکان و ڕێبازەکانی، ئەمەش لەژێر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوە دەروونی و تاقیکردنەوە پەروەردەیەکان، لەبوارەکانی توێژینەوەو فێرکردن سەرچاوە دەگرێ، بەشێوەیەك وای لێهاتووە: ڕێبازەکانی وانە وتنەوەو چۆنیەتی فێرکردن فاکتەرێکی گرنگ و سەرەکیی بن لەلێکۆڵینەوە پەروەردەیەکاندا. کۆڕو ڤیستڤاڵی بۆ ڕێکدەخرێ و کتێب و نامیلکەی لەسەر دەنوسرێ،چونکە ڕێبازەکانی وانەوتنەوە پەیوەندیەکی پتەویان بەپەروەردەکردن و دەرچواندنی مامۆستایانی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و دواناوەندیەوە هەیە، کاریگەریەکی ڕاستەوخۆشی لەسەر ئامادەکردنی ئەو مامۆستایانە هەیە بۆ وانە وتنەوە.

کەوا بوو وانە وتنەوە جۆرێکە لەو ئەزمونە زیندوانەی کە بۆ پەیداکردن و گەشەپێدانی، پشت بەچەند بنەمایەکی دیاریکراو چوارچێوەدارو لایەن و فاکتەری ئاشکراو غایات دەبەستێت، ئەوەش لەبیر نەکەین وانە وتنەوە، بنەماو یاساو ڕێسایەکی تۆکمەو پتەوی هەیە، هەوڵ و تەقەڵلای بێسەروبەرو کارێکی سەرپێی نیەو لەخۆوە ئەنجام بدرێ، بەبێ ئەوەی هیچ ڕێساو یاسایەکی تێدا ڕەچاو بکرێت.

جێی خۆیەتی بپرسین: ئایا وانە وتنەوە دەچێتە چوارچێوەی زانستەوە، یان جۆرێکە لەهونەرو وەستایی؟!

بێگومان ئێمە بەلێوردبوونەوەیەکی کەم بۆمان دەردەکەوێ، کە بنەما سەرەکی‌و ڕیشەییەکانی وانە بێژی، برییتە لەو کارامەیی‌و لێهاتوییەی، کە لەکاتی وانە وتنەوەدا لەمامۆستادا دەردەکەوێت، هەروەها ڕەنگدانەوەی پەیوەندی ڕێك وپێکی لەگەڵ خوێندکارەکان، قسەکردنی بۆیان و گوێگرتنیان لێی، هەڵسوکەوت لەبەرامبەر وەلامەکانیان و ڕاوەستان و هەڵسوکەوتی لەبەرچاو گوێگرەکانیدا،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەجۆرێك سەرنجیان رابكێشیٚوجێی خۆی لەناو دڵیاندا بكاتەوە، هەروەها زۆر لەئاكارو رەفتاری زاست ئامێزو سەركەوتو، بۆ وانە وتنەوەو فێركردن بگرێتەبەر. كەوا بوو لایەنی بالاٚ دەست، لەرەوشت و هەڵسوكەوتی مامۆستادا، لایەنە هونەرییەكەیە، نەك زانیارییە روتەكە، بۆیە دەڵێن: وانە وتنەوە هونەرەو بەهرەیەو بەرەنجی شان نیە وەكو باقی هونەرو بەهرەكانی تر، پەیوەندی بەهێزی هەیە بەبڕی ئەو زانستانەی كە ئەزموون و تاقیكردنەوە بۆ مامۆستاكە زیاد دەكەن، رێنیشاندەری دەبن بۆ رێبازی گەشەكردن و پێشكەوتن وسەركەوتن، دەق وەكو زانستی دەروونناسی وایە، لەم رووەوە كە هەردووكیان مامەڵە لەگەڵ دەروونی ئادەمیزاد دەكەن، بەشیكردنەوەو تێگەیاندن و تێگەیشتن و راستكردنەوەی هەڵەو راهێنان و نرخداركردن و ناساندنیان .

## دووەم:- پێگەو ئەستونەكانی هونەری وانە وتنەوە

بەهرەداریو هەڵكەوتویی لەهەر هونەرو بەهرەو كارامەییدا، لەسەر دوو پێگەو ئەستون لەنگەر دەگرێ و هیچیان لەئەوی تریان بێ ئامانج نییە، ئەو دوو پایە بناغەیەش بریتین لە: (١) سروشت و زیرەكی و ئامادەباشی خودی مرۆڤەكەیە. (٢) لەگەڵ فێربوون و وەستاییو كارامەیی.

كەوابوو وانەو وتنەوە هونەرە كارامەیی تێیدا، ئاتاجی ئەو دوو پایەو ئەستوونەیە.( سروشت و كارسازی) یان بڵێن ( ئامادەباشی زاتی و فێربوون). كە دەگوترێ : مامۆستایی دروستكراو فێركراوە، بێ بناغەیەو ناسەلمێندرێ. پێدەچێ لایەنگرانی ئەم رایە مەبەستیان ئەوە بێ، كە سروشت و ئامادەباشی زاتی رۆڵێكی گرنگیان هەیە لەپێگەیاندنی مامۆستای نوێ پێگەیشتودا، ئەو توانا سروشتییەی، كە رێخۆشكەرەیە بۆ هونەری وانە وتنەوە، لەزۆر رەوشت و بوارو لایەنی جیاجیادا خۆ دەنوێنێ، لەوانە كەسایەتی بەهێز، دەنگی بێگرەو گرێ، زمانراستیو زمانرەوانی، بەجۆرێك پیت و وشەو رستەكان، بەرێكوپێكی دەربڕێ، زمان فسك و لاڵ و قسەخێرا نەبێ. وێڕای ئەوە دەرون دامەزراو ومەندو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

زیرەك و قسە بەجێ و حازر بەدەست بێ. گوتنی سوك خاوەن كەسایەتی سەرنج ڕاكێش بێ.ئەمە وەك لایەنی هونەری مامۆستا، لایەنی مادی و دروستكردنی مامۆستا پێش ،هەموو شتێك، دەبێت بەباشی ئەو مادەی ئامادەكردبێت كەدەیڵێتەوە،چونكە زانین و باڵا دەستی مامۆستا بەسەر ئەو مادەی دەیڵێتەوە، نابێ لەسنورێكدا بوەستێ كەلەچوارچێوەی مادەكەدا قەتیس ببێ و هیچی تر نەزانێ، بەڵكو پێویستە بەباشی ئەو مادەیەی هەزم كردبێ و بەفراوانی و خوێندبێتەوەو ئاستی زانستی خۆی پێ دەوڵەمەند كردبێ، هەروەها پێویستە ئەندازەیەكی پێویستیش لەزانیازی دەرونی بەدەست هێنابێ‌و ئاگاداری تیۆرەكانی زانیاری دەروونناسی بێ، بۆ ئەوەی بتوانێ لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەروونناسیەدا خوێندكارەكان بناسی‌و بزانێ مەیل و بۆچونیان چۆن وچیە؟ هەروەها بۆ ئەوەی بتوانی مامۆستای كارامەو سەركەوتو پێبگەیەنێ‌و لەدوا ڕۆژدا بتوانن وانە وتنەوەو پەروەردەی ڕاست و دروست بگرنە ئەستۆی خۆیان.

ئەمە بەوە دێتە دی كە ڕێگاكانی وانە وتنەوە گشتییەكان ، بەشێوەی تیۆری‌و پراكتیكی بزانن، ڕێگا تایبەتیەكەی ئەو مادەی دەیڵێنەوە بەقوڵی‌و وردی هەزمیان كردبێ.

ئێستاش كاتی ئەوە هاتووە بڕی یاساو ڕێسای گشتی و هەندێ ئامۆژگاری و ڕاسپاردەو ئاراستە دەست نیشان بكەین، كە دەبنە یارمەتی دەری مامۆستا بۆ سەركەوتن لەكارە پیرۆزەكەیدا.

١-كەچووە پۆلەوە تا خوێندكارەكان ڕێك نەخاو ئارام نەبنەوە، دەست بەوانە وتنەوە نەكات.

٢-بەناو ژوورەكەدا زۆر هاتووچۆو جم وجۆڵ نەكات، مەگەر وانەكە پێویستی پێ بێت.

٣-پرسیار ئاراستە بكە، پاشان دەست نیشانی ئەو خوێندكارە بكە، كە دەتەوێ وەڵام بداتەوە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٤-هەتا خوێندكارەكان ئەركی سەرشانیان ئەنجام نەدەن، ئەركی تریان مەخەرە سەرشان.

٥-وانەی سەركەوتو و سوو بەخش ئەوەیە بەخوێندكار دەستی پێ بكرێ و بەخوێندكار كۆتایی پێبێت، واتە دەبێت لە سەرانسەری وانەكەدا خوێندكار هاوكاربێو ،هەموو كاتێك چاواڕوان بكات پرسیاری لێ بكرێ و خۆی بۆ وەلأمدانەوە ئامادە بكات. نابێت مامۆستا خۆی وا لێ بكات بۆ ،هەموو شتێك هەر خۆی پرسیاركەر بێ هەر خۆشی وەلأم بداتەوەو خوێندكارەكان دورە پەرێز بكرێت. واتە نابێ رۆڵی خوێندكار بەس بریتی بێت لەگوێگرتن و بیستن!

٦-پێویستە مامۆستایان پابەندی مامەڵەی جوان بن لەگەڵ خوێندكارەكاندا جدی و دڵسۆزبێ لەكارەكەیداو سۆزو خۆشەویستی بۆ خوێندكارەكانی دەرببڕێت.

## سێیەم: رێگای وانە وتنەوە لەبواری پەروەردەدا.

سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لەكۆن و نوێدا سەرگەرمی ئەوە بوون رێگایەكی سەركەوتو بۆ وانە وتنەوە بدۆزنەوە، بۆیە دەبینین قسەو باسیان دەربارەی رێبازەكانی وانە وتنەوە كردووە. هەركەمێكیش بەدوادا چون هەبێت سەبارەت بەمێژووی بیری پەروەردەیی، دەزانرێ چەند هەوڵ دراوە بۆ ئەوەی رێگایەكی گونجاو بدۆزنەوە بۆ وتنەوەی وانەی سەركەوتو، هۆكاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە رێگاو بەرنامە دانان بۆ وانە وتنەوە، پایەیەكی گرنگی پەروەدەیە .

بێگومان كاری پەروەردەیی مامۆستایەكی دەوێ وانە بلێتەوەو خوێندكارێكی دەوێ گوێ بگرێ و بابەتێك بوترێتەوە، جگە لەمەش دەبێت پایەی چوارەمیشی هەبێ: كەبریتیە لەرێگاو بەرنامەی وانە وتنەوە، كەئەمەش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، دەبێت وانە بێژ لەبەرچاوی بگرێ و لەكاتی وانە واتنەوەكەدا جێبەجێ بكات بكا ئاشكراشە سەركەوتویی پەروەردە پەیوەستە بەسەركەوتویی رێگای وانە وتنەوەكە. تەنانەت رێگای وانە وتنەوەی سەركەوتوە دەتوانێ زۆر لەكەم و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کورتی و بەرنامەی نارێك و پێکی مادەکە پڕبکاتەوە، جگە لەمەش زۆر کێشەی خوێندکاری تەمەڵ و قورس مادەکە جێبەجێ بکات.

## پێگەی ڕێگای سەرکەوتوو:

ڕێگای سەرکەوتو ئەو ڕێگایەیە کەمەبەست بپێکێت لەکەمترین کات دا.

ئەو ڕێگایەیە کەسەرنجی خوێندکاران رادەکێشێ‌و هانیان دەدات بۆ کاری باش و بەدەستهێنانی زانیاری‌و هاوکاریکردنی لەوانەدا.

## بەشی سێیەم: بەرنامەو پرۆگرامەکانی خوێندن.

## یەکەم: واتایی پرۆگرام و گرنگی پرۆگرام.

**واتای پرۆگرام:** پرۆگرام بریتیە لەکێشانی نەخشەی کار لەبواری پەروەردەدا،یاخود پرۆگرام ،هەموو ئەو پەیرەو ئەزمون و لێکۆڵینەوە و ئەو هەوڵ و تەقەلایە دەگرێتەوە مامۆستایان دەیگرنەبەر بۆ گەیاندنی زانیاری بەخوێندکار.

## گرنگی پرۆگرام:-

دەڵێن پرسیار لەسیاسەتمدارێك کرا دەربارەی داهاتووی گەل و وڵاتەکەی. لەوەڵامدا وتی: ((پرۆگرامی خوێندنم پیشان بدەن بزانم چۆنەو چیە، منیش پێتان دەڵێم داهاتووی گەل و نیشتمانمان چۆن دەبێت)). ئەم وتەیە گرنگی بەرنامەی خوێندنمان بۆ دەردەخاو پێمان دەڵێ پرۆگرام و پیلانданان بۆ پەروەردە چەند کاریگەری هەیە لەژیانی گەلاندا.کەوابوو پرۆگرام جۆرێکە لەیاسادانان و ڕێکوپێکردنی ئەزموونی پەروەردەو ئاراستەکردنیەتی بەرەو ئەنجامدانی مەبەستە نەتەوەو نیشتمانیەکان و پڕۆژەیەکە خزمەتی گەل و وڵاتی تێدا بێت.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## دووەم:- بنەماکانی پرۆگرامەکان وچۆنیەتی پراکتیزە کردنی ئەو بنەمایانە بەسەر زمانی کوردیدا.

ا-بنەمای پرۆگرامەکان.

١-دیاری کردنی ئەو مەبەستانەی کە پەروەردەی بۆ ئاراستە دەکریٚ

٢-هەڵبژاردنی بابەت و پسپۆرە پەروەردەیەکان بۆ بەدەستهێنانی مەبەستەکان

٣-هەڵسەنگاندنی ئاکامەکانی ئەو پسپۆڕییە، بۆ ئەوەی بزانریٚ، تا چەند مەبەستەکان بەدی هێنراون و هەروا بۆ راستکردنەوەی هەندیٚ لەو پڕۆگرامانەی کە مەبەستەکان ناپێکن.

ب-پراکتیزە کردنی ئەم بنەمایانە بەسەر زمانی کوردیدا

١-سەبارەت بەمەبەستە پەروەردەییەکان، پێویستە لەکاتی دەست نیشانکردنی پرۆگرامی زمانی کوردیدا هەست بەوەزیفەی زمان بکەین لەژیانی تاك و کۆمەڵدا.

٢-سەبارەت بەبابەتەکان و ئەزمونە پەروەردەیەکان، پێویستە ئەو بابەتانە هەڵبژێرین کە مەبەستەکانی فێربوونی زمان دەپێکیٚ لەقۆناغەکانی پەروەردەدا.

سێیەم: جۆرەکانی پرۆگرام پراکتیزەکردنیان بەسەر زمانی کوردیدا

ا- جۆری پرۆگرام و چۆنیەتی جێبەجێکردنیان.

١-پرۆگرامی بابەتە جیاجیاکان، مەبەست لێی ئەو واتا ئاشکرایانەیە کە لەناوەکەیەوە وەردەگیریٚ، ئەویش بریتیە لەلێکۆڵینەوە لەبابەتە جیاجیاکان و گرنگیدان بەمادەیەکی دیاریکراو.

٢-پرۆگرامی تەوەری بریتیە لەو پرۆگرامەی کەبابەتەکان پێکەوە گریٚ دەداو وایان دەخاتە روو کەپەیوەندییان بەیەکترەوە هەیەو تەواوکەری یەکترن، بەم جۆرە مادەیەکیان بکەینە بنەماو تەوەرو جەمسەری مادەکانی ترو مادەکانی تر بخەینە دەوروبەریو لێکیان بدەین.

ب-پراکتیزەکردنی هەردوو جۆرە پرۆگرامەکان بەسەر زمانی کوردیدا پرۆگرامی بابەتە جیاجیاکان، تائەندازەیەکی زۆر دەشوبهێتە تیۆری رێگای لقوپۆپەکانی، واتە دیراسەکردنی لقەکانی زمان( رێزمان، رینووس، ئەدەب، دارشتن...هتد)



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەریەکەیان سەربەخۆ، پرۆگرامی تەوەرەیی( المنهج المحوری) دەشوبهێتە تیۆریەکان لەفێرکردنی زمانی کوردیدا.

دەتوانریٚ خوێندنەوە بکرێتە بنەما بۆ ،هەموو لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکان لەهەر دوو قۆناغی سەرەتایی‌و ناوەندیدا، دەقە ئەدەبیەکانیش بکەیتە تەوەرەی لێکۆڵینەوەی زمان لەقۆناغی ئامادەیدا.

## بەشی چوارەم: ئامادەکردنی وانەکان:

**یەکەم:** گرنگی ئامادەکردن لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە مامۆستا لە،هەموو لایەنەکانی وانەکە دەگات ولێرەشەوە ،هەمووی دەگەیێنێت بەمەش کرداری فێرکردن سەرهەڵئەدات.

ئامادەکردنی وانە پێش وتنەوەی هەنگاوێکی ریشەییە بۆ سەرکەوتنی مامۆستا زۆر هەڵەن ئەو مامۆستایانەی کە ئەم هەنگاوە بێبایەخ سەیر دەکەن و پشت بەزانیاری خۆیان دەبەستن، بەوە دەنازن کە زۆر لەمێژە لەو بوارەدا ئیش دەکەن، بێگومان بەتاقیکردنەوە دەرکەووتوە: کە ئامادەکردنی وانەو خۆ ئامادەکردن بۆ وتنەوەی، بۆ ،هەموو مامۆستایەك کارێکی پێویستەو نابیٚ پشتگوێی بخەین، گرنگی ئەم لایەنە لەوەدا رەنگدەداتەوە کە: -

١- ئامادەکردنی وانە مامۆستا وا لێدەکات زیاتر لەجارێك بەسەر بابەتەکەدا بچێتەوە دڵنیابیٚ لەوەی بابەتەکەی هەزمکردووە روی راستی تێدا بەدیکردوە، شتێك نییە مابیٚ نەیزانیٚ.

٢-ئامادەکردنی وانە، ماوە بۆ مامۆستا خۆش دەکات، کەبابەتی وا هەڵبژێریٚ خوێندکار حەزیان لێبکات لەگەڵ ئاستی رۆشنبیریدا بگونجیٚ.

٣- ئامادەکردنی وانە، مامۆستا دەپارێزیٚ لەوەی لەپۆلدا توشی پەشۆکان و چەواشەیی ببیٚ، هەلی بۆ دەرەخسێنیٚ، کەبەجوانی بابەتی وانەکە لەبیری خۆیدا ئامادەبکات و گرێی تێدا نەهێڵیٚ.

٤-ئامادەکردنی وانە پێش وتنەوەی و هۆکارەکانی رێگای گونجاو بۆ وتنەوەکە دەستەبەر دەکات و نایەڵیٚ کاتی مامۆستا بەفیرۆ بڕوا.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٥-ئامـــادەكردنی وانـــە ئـــەوە پیـــشانی مامۆســـتا دەدات، چـــی پێویـــستە لـەهۆكارەكانی فێركردن ئامادەیـان بكات و لـەكاتی وانە وتنەوەكـەدا سودیان لێ وەردەگرێ.
٦-ئامادەكردنی وانە پێش وتنەوەی، یارمەتیدەرە بۆ مامۆستا بۆ ئەوەی بتـوانێ پەیوەندی دروست بكات لـەنێوان ئـەو بابەتـەیەن كە دەیخـوێنێ و ئـەو بابەتانـەی لەوەوپێش خوێندراون.

## دووەم:-رێگەو چۆنیەتی وانە ئامادەكردن:

ئامـــادەكردنی وانـــە ئـــەوە لەمامۆســـتا دەخـــوازێ كـــە بابـــەتێكی گونجـــاو بـــۆ خوێنـدكارەكان ئامـادە بكـات، گونجـاوبێ لەگـەڵ ئـەو رۆژگـارەو ئـەو پرۆگرامـەی دانراوە. بەشێوەیەكی رێكوپێك زانیاریەكە ریزبەند دەكات و رێگـای نمونـەیی بۆ وانـــە وتنەوەكـــە دەدۆزێتـــەوە. ئەمـــە شـــێوازی رانوانـــدنی زانیـــاریو گفتوگـــۆو لێكبەسـتن و پراكتیـزە كـردن و بـەكارهێنانی هۆكـاری رونكردنـەوە دەگرێتـەوە، هـــەروەها گـــەلێ هـــەنگاوی پـــەروەردەیی تـــر كـــە شـــێوازی وانـــە وتنەوەكـــە دەیچەسپێنێو دەیخوازێت . ئەمانە ،هەموو رۆژانـە لەدەفتەرێكدا تۆمار دەكات كە پێـی دەگـوترێ دەفتـەری پلانـی رۆژانـە. بۆیـە پێویستە لـەكاتی ئامادەكردنی وانەدا ئەم بنەمایانە گرنگیان پێ بدرێ.
١-لای سـەروی لاپـەرەی دەفتەرەكـە دابنـێ بـۆ نوسـینی چـەند رونكردنەوەیـەكی پێویـست، وەكـو بـەروار، بابـەتی وانـە، پـۆل، لـق وبابـەت و مەبەسـت لـەهۆكاری رانواندن و وانەی ئەو رۆژە.
٢-ئـەمجا بـاقی لاپەرەكـە بكاتـە دووبـەش، لەبەشـی یەكەمـدا هـەنگاوەكانی وانـە وتنەوەكە دەنوسی بەشێوەیەكی كورت و پوخت
لەبەشـی دووەمـدا بابـەتی وانەكـەو رێبـازی وتنەوەكـە دیـاری دەكـات. هەڵبەتـە بابـەتی وانەكـە چـەند نمونەیـەك لـەو پرسـیارانە لـەخۆدەگرێ، كـە ئاراسـتەی خوێندكارەكان دەكرێ لەقۆناغـەكانی وانـە وتنەوەكـەدا، هـەر وەكـو چۆن تـەواوی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەقی ڕاهێنانەکانیان ئاماژەکردنە بۆ سەرچاوەو باسەکە دیاریدەکرێ ئەمەش شێوەی ئامادەکردنەکە.

| | |
|---|---|
| بەروار: | وانەکە: |
| وانەی : | بابەت: |
| پۆل : | مەبەست لەوانەکە: |
| لق : | هۆی ڕونکردنەوە: |

هەنگاوەکانی وانە:

١-ئامانجی گشتی:

٢-ئامانجی تایبەتی:

٣-هۆکارەکانی ڕونکردنەوە:

٤-پێشەکیو پەیوەندی

٥-خستنە ڕوو.

## سێیەم: قۆناغەکانی ئامادەکردن:-

قۆناغی خۆئامادە کردن بەدوو قۆناغدا تێدەپەربێت. ئامادەکردنی وانەکەو ئامادەکردنی دەروون. ئامادەکردنی وانە بریتیە لەهەڵبژاردنی بابەتی وانەکەو وێنەگرتنی چۆنیەتی وتنەوەکە ئەو هۆکارانەی یارمەتی دەدەن بۆ وانە وتنەوەکەو تۆمارکردنی لەدەفتەری پلانی وانە وتنەوەکەدا (دفتر الخطة).

ئامادەکردنی دەرون دوا ئامادەکردنی وانەیەو لەگەڵ ئامادەکردنی وانەدا خۆشی ئامادە دەکات، مەبەست لەئامادەکردنی دەروون ئەوەیە مامۆستا خۆی ئامادە بکات بۆ وتنەوەکەو لەبیری خۆیدا بابەتی وانەکەو شێوەی وتنەوەو ڕاڤەکردنەکەی دیاری دەکات بەشێوەیەکی ڕێك وپێك، هەروەها ئەو پرسیارانەش ئامادە دەکات کە ئاراستەی خوێندکارەکانی دەکات، وێرای کاتی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئاراستەکردنەکەو هۆکاری رونکردنەوە، حەلکردنی راست و بەرەنگاربوونەوەی ئەو کۆسپانەی کەمەزندە دەکرێن بێنە ئاراوە.

کەواتە ئامادەکردنی وانە: بریتیە لەخستنە رووی ،هەموو ئەو حاڵەتانەی کەوانەکە دەیگرێتە خۆیوگەیاندی بەخوێندکاران.

ئامادەکردنی دەرونی: بریتیە لەزەمینەسازی بۆ ئاسایکردنەوەی لایەنی دەرونی خوێندکارو مامۆستاو رەخساندنی کەشێکی دەرونی گونجاو لەپێناو خۆشەویستکردنی وانەکەو زوو گەیاندن و بەشداریکردنی لەوانەکەدا.

## بەشی پێنجەم: رێزمانی کوردی و رێگاکانی وتنەوەی

**یەکەم: چەمکی رێزمان**:- کۆمەڵێ دەستورو یاسایە لەزمانەوە وەردەگیرێت یاخود رێزمان هۆکارێکی کۆنترۆڵکردنی ئاخاوتنە..بەهۆیەوە بتوانین بەرێکوپێکی بنوسین و بیخوێنینەوەو ،هەموو وشەو پیتێك مافی خۆی بدرێتێ.

**دووەم: ئەرکی رێزمان**: دیاریکردنی ،هەموو ئەو دەستورو یاسایانەیە کە لەخودی زمانەکەدا هەن،. مەبەست لەخوێندنی رێزمان، خوێندن و فێربوونی یاسای زمانەو لەهەمان کاتدا شتێکی پێویستە و بنەمایەکە لەبنەماکانی خوێندن

**سێیەم : ئامانجەکانی وتنەوەی رێزمان:**

١- راستکردنەوەی خوێندکارەکان و راهێنانیان لەسەر قسە پێکردن و نوسین و جیاکردنەوەی هەڵەو راست لەیەکتری.

٢- دەوڵەمەندکردن و گەشەکردنی گەنجینەی زمانەوانییان و مشتوماڵکردنی هەست و زەوقیان بەهۆی ئەو رستە هەست بزوێنانەی لەناو کتێبەکاندا دەیخوێنن.

٣- راهێنانی خوێندکارەکان لەسەر بیرکردنەوەی رێکوپێك و جوان،چونکە ئەوان بیر لەشتی مادی ناکەنەوە، بەڵکوو بیر لەماناو وشەکان دەکەنەوە.

٤- تێگەیشتن لەچۆنیەتی زمانەوانی و داتاشینی وشەکان و کێشەکانیان.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**چوارەم** : لاوازی خوێندکار لەرێزماندا بەگشتی چەند هۆیەك هەن کەدەبنە هۆی لاوازی خوێندکار لەوانەی رێزماندا کە گرنگترینیان ئەمانەن:-

١- وشکی خودی بابەتی رێزمان.

٢- مامۆستایان بەشێوەیەکی لاسایی وانەکان دەڵێنەوە، کە پێویستە مامۆستایان وانەکە خۆش بکات لەکاتی وتنەوەی بابەتەکەدا بۆ چەسپاندنی لەدڵ و دەرونی خوێندکاراندا و نمونەی وا بێنێتەوە کەزیاتر بگونجێت لەگەڵ ژیانی رۆژانەی خوێندکاراندا.

٣- ریزنەکردنی بابەتەکانی رێزمان بەشێوەیەك رێکو گونجاوو یەك لەدوای یەك.

٤- بەکارهێنانی یەك زاراوەی رێزمان لە،هەموو قۆناغەکانی خوێندندا.

٥- بەکارەکی نەکردنی رێزمان لەلایەن مامۆستاوە.

٦- لاوازی و کەموکوڕی پرۆگرام و مامۆستا.

**پێنجەم**: چەند هۆکارێکی گرنگ هەن کەدەبنە هۆی ئەوەی کەخوێندکار بەخۆشیو شادیەوە حەز لەوانەی رێزمان بکەن و هەوڵ بدەن ئاخاوتن و نوسینیان بەگوێرەی دەستورەکانی رێزمان بڵێن و بخوێنەوەو بنوسنەوە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن.

مامۆستا: پێویستە مامۆستای وانە بەم شتانەی خوارەوە هەستێت:

أ – رێکخستنی تەختەرەش بەشێوەیەکی رێکوپێك وە پێشکەشکردنی بابەتەکە لەسەری، بۆ ئەوەی ببێتە هۆکاری رونکردنەوەو تێگەیشتنی نەك هۆکاری چەواشەکاری، بەڵکو هۆکاری دڵخۆشکەر نەك تێکدان، ئەمەش بەرێگەی رێکوپێکردنی تەختەرەشەکەو هێنانەوەی نمونەی جوان و سەرنجراکێش و بەخەتێکی جوان بەدەباشیری رەنگاورەنگ بنوسرێ، بەجۆرێك سەرنجی خوێندکاران ڕابکێشێو چاو لەتەحتەرەشەکە ببڕن و بەخۆشیەوە، وەریبگرن، هەروەها گرنگی دان بەنمونەی راهێنانەکان لەسەر تەختەڕەشەکە و پلاندانان بۆ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شـــيكردنەوەی نمونـــەكان و جێبـــەجێكردنی نمونەیـــەك بـــۆ ،هـــەموو جـــۆرە ڕاهێنانەكان، بۆ ئەوەی خوێندكاران فێربن.

ب – شێوەی هەڵسوكەوتی مامۆستا لـەناو پۆلـدا لەگـەڵ خوێندكارانـدا واباشـە مامۆستا كەسایەتێكی سەرنجڕاكێش و قسەخۆش و زمان شیرین و ڕوخۆش و ڕاستگۆ بێت لەگەڵیاندا.

ج– ئاسانكاری لەرێزماندا و زیادەڕەوی نـەكردن تێیدا، هەوڵـدان بـۆ هێنناوەی دەستوری شازو بەشێوەیەك وانەكان سەر لەخوێندكاران بشێوێنێت، بایەخدان بەڕوونكردنـەوەی واتـای ئـەو وشـە زمانەوانیانـەی كەلـەناو وانەكـەدا، پێویـستە قۆناغ بەقۆناغ پەیوەندی دروست بكات، لـەنێوان مانـای بابـەتی و دەستورەكەدا بەشێوەیەكی و سوك و ئاسان، هـەروەها لەشـتێكی هەسـت پێكـراوەوە بـڕوات بـۆ شتی واتایی.

د – پێویـــستە مامۆســـتا بایـــەخ بـــدات بـــەڕاهێنانی زارەكـــی، ئەمـــەش دوای شیكردنەوەی دەستورەكان و پێش جێبەجێكردنی ڕاهێنانەكانی ناو كتێبەكەیـە، بـۆ تێگەیـشتنی خوێنـدكارەكان لەدەسـتورەكان و بـەكارهێنانیان لەبیركردنـەوەو قسەكردن و گوێگرتنـدا، بـۆ ئـەوەی ببنـە بەشـێك لـەژیانی ڕۆژانـەی خوێنـدكارو تێكەلاَوی هەست و خوێنی ببن.

ه – ئامـادەكردنی بابەتەكـە لەماڵـەوە، ئـەویش بەپـشتبەستن بـەكتێبی پرۆگرامـی خوێنـدن و سەرچاوەی تـر. لـەپێناو چەسپاندنی ئاسـۆی زانیـاری مامۆسـتا، بـۆ ئـەوەی ئامادەباشـی تێـدا بێـت بـۆ وەلاَمدانـەوەی هـەر پرسـیارێك كـە لەلایـەن خوێندكارانەوە دەكرێت دانانی پیلانێك كەبگونجێ لەگـەڵ قۆناغـەكانی وتنـەوەی بابەتەكە. جگە لەمەش ئەركی ماڵەوە بۆ خوێندكاران دەستنیشان بكات.

## كتێبی ڕێزمان و پرۆگرامی خوێندن

١– **پرۆگرامی ڕێزمان**: پێویستە گرنگترین ئامانجەكان و مەبەسـتی ئـەو پرۆگرامـە لـەم كتێبـەدا بەرەچـاو بگیرێـت. ئـەویش بریتیـە لـەوەی كـە ئـەو دەسـتورە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕێزمانیــه، هۆكــاری دەربــڕین و زمــان راســتكردنەوە بــن، وا بــزانن كەئــەو دەســتورانە هۆكــارو مەبەســت و ئامــانجن، پێویــستە بابەتــەكان هەڵبــژێرن و هەوڵبــدرێ ئــەو شــتانە بخرێتــە نــاو بــاس و شــیكردنەوەوە كەرۆژانــە بەكاردەهێنرێن بۆ ئەوەی سودیان لێوەربگیرێ لەبواری ئاخاوتن و نوسیندا.

٢- **كتێبی ڕێزمان:** دەبێت كتێبی خوێندنگا سەرنجڕاكێش و رازاوە بێت بە بەرگ و نوسین شێوەی خەت و رازاندنەوەی سەرباس.

شەشەم: ڕێگاكانی وتنەوەی ڕێزمان:

مەبەســت لەوتنــەوەی ڕێزمــان لەخوێندنگاكانــدا ئەوەیــە كەخوێنــدكار فێــری خوێنەدنـەوەو ئاخـاوتن ببێـت بەشـێوەیەك راسـت و ڕەوان، بـۆ ئەمـە مەبەسـتەش پێویستە مامۆستایانی ڕێزمان بەباشترین ڕێگە بیلێنەوە.

**گرنگترین ڕێگاكانی وتنەوەی ڕێزمان كە تـائێستا لـەفێربوونی ڕێزمانـدا گیراونەتەبـەر ئەمانەن:**

**یەكەم – ڕێگەی وانە بێژی ( الالقا )**

××××××××××××××××××××××××××××××××

ئەم ڕێگەیە لەنێوان مامۆستایانی زمانی عەرەبیدا زۆر باوە بە تایبەتی لە قۆناغی ئامادەییداو تێدا مامۆستا بەشێوەیەكی زارەكی بابەتەكە دەخاتە روو،لەوانەیشە هەندێ هۆكاری دیاریكراو بەكاربهێنێتو قوتابی لەم ڕێگەیەدا تەنها گوێگرەو چەند پێرا بگەن لەو زانیارییانە لای خۆیان تۆماری دەكەن، تاوەكو دواتر بگەڕێنەوە سەریو سوودی لێ وەربگرن.

هۆی بەكارهێنانی ئەم ڕێگەیە ئەوەیە ،كە مامۆستایان دەتوانن زانیارییەكی زۆر لە ماوەیەكی كەمدا بگەیننە ژمارەیەكی زۆر لەقوتابیان، بەلاّم ئەم ڕێگەیە دەبێتە مایەی بێزاری قوتابیانو تێنەگەیشتنیانو پەنابردنە بەر لەبەركردن لەبری تێگەیشتن، ئەم حالّەتەش لەرابردوودا خوێندكاران خۆیان دیویانەو هەر ئەمەش وایكردوە كە لەوانەكاندا هیچ فێرنەبن.

بۆ زالّبوون بەسەر كەموكوڕیەكانی ئەم ڕێگەیە ،هەندێك لە مامۆستایان بۆ وروژاندنی خوێندكاران پرسیارێك، یان كێشەیەك دەخەنە ڕوو، كە پالّنەرێ بێت بۆ بیركردنەوە، یان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نەخشەیەکی سادەی وانەکە دەخەنە ڕوو، بەشە سەرەکیەکانی ڕوون دەکەنەوەو چەند بیرۆکەیەکی گونجاو لەگەڵ کاتی وانەکەو ڕوونکردنەوەی بیرۆکەکانو دووبارە کردنەوەیان چەند جارێك، تا قوتابیان وەریدەگرن ،بەمەرجێك دووبارە کردنەوەکان بەشێوازو نمونەی جۆراوجۆربێت.

باشترین هۆکاری زاڵبوون بەسەرگرانی ڕێگەی وانەوتنەوە لەلایەن قوتابییەوە، تۆمارکردنی چەند خاڵوبیرۆکەیەکە لەوانەکە ،بۆئەوەی دوایی لەسەرخۆ وبەشێوازی خۆی دووبارە دایان بڕێژێتەوەو دەشتوانێ بۆ نووسینەوەکەی سوود لەسەرچاوەی پەیوەندیدار بەباتەکەوە وەربگرێت.

بەکورتی دەتوانین بڵێین ،کە ئەم ڕێگەیە بۆ قوتابیان سوود بەخش نابێتو ناکرێتە ڕێگەیەکی سەرەکی وانە وتنەوە بژمێرێت، چونکە قوتابیان لەم قۆناغەدا پێویستیان بەوەیە کە هەنگاو بەهەنگاو ، لەگەڵیاندا بێت، تاوەکو لە بابەتەکە بگەن.

## دووەم – ڕێگەی بەرهەمهێنان( استقرائی – استنتاجی )

××××××××××××××××××××××××××××××××××××××××

ئەم ڕێگەیە لەناو مامۆستایانی زمانی کوردیو عەرەبیدا زۆرباوەو مامۆستا بەباسکردنی یاسا،یان پێناسەیەکی گشتی بابەتەکە دەست پێدەکات، بناغەکەش بەهەندێ نموونە ڕوون دەکاتەوە، ئەم ڕێگەیەش پشت بە پێوانە ( قیاس)دەبەستێ کە بریتیە لە گواستنەوەی بیر لە گشتەوە بۆ بەش لە بنەماوە بۆ ئەنجام.

ئەم ڕێگەیە لەبەر ئاسانی زۆر لەناو مامۆستایاندا بڵاوە، چونکە لە ڕووی جێبەجێکردنەوە پێویستی بە کۆششێکی زۆر نییە لەلایەن مامۆستاو قوتابیشەوە، ئەمەش ڕێگەیەکی سروشتی گرتنەبەر نیە، چونکە عەقڵ دەرك بە هەموو شتەگشتیەکان دەکات ،دوای ئەوە بەشەکان دەبینێ، نمونەکانیش لە قاعیدە (یاسا) ئاسانترە بەڵام قاعیدەی گران لەسەر نموونەی ئاسان دەوەستێو قوتابیانیش لە دۆزینەوەو ئاشکراکردنی قاعیدەکە دووردەخاتوە، ئەم ڕێگەیە لە قۆناغی سەرەتایی بەکەڵك نایەت ،چونکە پێویستی بەبەکارهێنانی بیری ڕووتە .

لەم ڕێگەیەدا داوا لە قوتابیان دەکرێت کە ڕاستیەکان ئاشکرا بکەن لەبەشەوە بۆ گشت بە پرسیارکردن تا گەیشتن بەئەنجامو هەڵێنجانی ئەو یاسایەی کە فێری قوتابیان بکرێت، مامۆستا نموونەی زۆرو جۆراودۆر کۆ دەکاتەوە، کە یاساکە لەخۆی دەگرێت.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەم ڕێگەیە بۆ قۆناغەکانی دوای سەرەتایی شیاوەو بۆ بابەتەکانی ڕێزمان‌و ئەدەب ڕەوانبێژبێژی لەبارە، ئەم ڕێگەیە زۆر لەسەرخۆیە لەگەیاندنی زانیارییەکان مامۆستا زۆر پەلە دەکەن لەقوتابیان لە گەیشتن بە ئەنجام لە ڕێگەی دوو، یان سی نموونەوە. لەڕاستیدا هیچ کام لەو ڕێگەیانە بەتەنها بەکار نایەت ،بەڵکو پێکەوە یەکەیەکی تەواو پێك دێنن.

## سێیەم- ڕێگەی گفتوگۆ :-

ئەم ڕێگەیە لە بنەڕەتدا پشتبە دیالۆگ دەبەستێت تێیدا مامۆستا پشت بە ئەزموونە ڕابردووەکان‌وزانیاری فێرخوازان دەبەستێ، بۆیە چالاکیان دەوروژێنێ، بەمەبەستی تێگەیشتن لەبابەتە نوێکە لەڕێگەی بەکارهێنانی پرسیاری جۆربەجۆرەوە، چونکە ئەمە وروژاندنی زانیارییەکانی ڕابردوو جێگیرکردنی زانیارییە نوێیەکانە، کاراکردنی فێرخوازو پەرەپێدانی ئاگایە، دڵنیا بوونە لەسەربەخۆیی بیرو بۆچوونیان.

گفتوگۆ لەباشترین شێوەیدا ئەوەیە ژمارەیەك لەعەقڵەکان لەدەور گرفتێك،یان بابەتێك کۆببنەوەو لێیبکۆڵنەوە بەشێوەیەکی ڕێکخراو، بەمەبەستی گەیشتن بەچارەسەرێك بۆ کێشەکە،یان ڕێنوێنی بوون بۆ ڕایەك لە بابەتەکە.واباوە لەگفتوگۆدا دەسپێشکەرێك هەیە کە باباتەکە دەخاتە ڕوو، کۆمەڵەکەی دەروپشتی ئاڕاستە دەکات بۆ ئەو هێڵەی گفتوگۆکەی پێدا تێپەڕ دەبێت ،تا دەگات بە چارەسەری پێویست،

لە کەم‌و کوڕیەکانی ڕێگەی گفتوگۆ ئەوەیە، کە تەنها بۆ کۆمەڵێکی بچوك دەگونجێ وبوارەکە تەسك دەبێتەوە ،تەنها لەو گرفت‌و بابەتانەدا کەڕاوبۆچوونی جیاوازی لەبارەوە هەیە، هەروەها زۆرجار ئەو دەستپێشخەریە کەم دەبێت کە بابەتەکە وەك پێویست بخاتە ڕوو.

## ڕێگەی گفتوگۆ چەند شێوەیەکی هەیە :-

××××××××××××××××××××××××××××××

أ) **گفتوگۆی تەلقینی** :- ئەم ڕێگەیە پشت بە پرسیارو وەڵام دەبەستێت، بەجۆرێك کە فێرخواز بەرەو بیرێکی سەربەخۆ یان یادەوەری(ژاکرە) دەبات، چونکە مامۆستا پرسیارەکان بەپێی سیستەمێکی دیاریکراو دەکات کە یارمەتی دەدات بۆ وەبیرهێنانەوەی زانیارییە پارێزراوەکانی نێو(ژاکرە) هاوکات ئەو زانیارییەی کە فێرخواز تێی گەیشتووە جێگیر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەكات، كاردەكاتە سەر سەرلەنوێ ڕێكخستنەوەی پەیوەندی نێوان ئەو زانیارییانە، ئەم جۆرە گفتوگۆیە ،هاوكاری مامۆستا دەكات، بۆ دۆزینەوەی خاڵە نادیارەكانی ناوەوەو دەرەوەی فێرخوازان.

ب) **گفتوگۆی دۆوزەرەوەی دیالیكتیكی** (**جەدەلی**) :- سوقراتی فەیلەسوف بەیەكەم بەكارهێنەری ئەم ڕێگەیە دادەنرێ، چونكە ئەو وەڵامی ئامادەی بەقوتابییەكان نەدەدا، بەڵكو جارێ پرسیارو جارێ بو ڕخنەگرتن ڕێنمایی دەكردن لەپێناو دۆزینەوەی وەڵامی ڕاست، هەروەها هەرگیز مەبەستی ئەوە نەبوو زانیاری بەخوێندكارانبدات ، بەڵكودەیویست خۆشەویستی و زانیاری و زانین لەلایان بوروژێنێ.

ت) **گفتوگۆی ئازادی بەكۆمەڵ** :- تێیدا ژمارەیەك فێرخواز لەشێوەی بازنەیەكدا دادەنیشن بۆ گفتوگۆ كردن لەسەر بابەتێك، كە بەلای هەموویانەوە گرنگە، سەرۆكی گروپەكە مامۆستا بێت، یان فێرخواز بابەتەكەو سنوورەكانیو ئاڕاستەی گفتوگۆكە دیاریدەكات، بۆئەوەی زۆرترین بوار بۆ بەشداری چالاكانەو دەربڕینی بیروبۆچوونە جیاوازەكان بەبێ دەرچوون لەبابەتەكە بڕەخسێنێ، دوا جاریش ئەو بیروڕا گرنگانەی كە پێی گەیشتوونو گرووپەكە لەسەری كۆكن دیاریدەكەن.

ث) **كۆڕ**:- لەسەرۆكێك (مامۆستایەك)كۆڕگێڕ كۆمەڵێ لە خوێندكاران كە ژمارەیان لەشەش كەس تێنەپەڕێت، لەشێوەیەكی نیمچە بازنەییدا بەرانبەر فێرخوازانی ترن دادەنیشن، سەرەتا بڕیاردەر بابەتی گفتوگۆ دەخاتە ڕوو،ئاڕاستەی دەكات بەشێوەیەك كە هاوسەنگییەك لەنێوان بەشداربووواندا بكات، بۆ خستنە ڕووی بۆ چوونەكانیان لەسەر بابەتەكە، پاش كۆتایی هاتنی گفتوگۆكانیش، گرنگترین خاڵەكان كۆدەكرێنەوەو داوا لەسەرجەم فێرخوازان دەكرێت،كە ئەو پرسیارانەی لایان گەڵاڵە بووە،ئاڕاستەی ئەندامانی بەشداربووی كۆڕەكەی بكەن، هەروەها دەكرێ بڕیاردەریش پرسیار ئاڕاستەی بكاتو دواجاریش دوا ئەنجامی بابەتەكەو دەر ئەنجامی گفتوگۆكە كۆدەكاتەوە.

ج) **گفتوگۆی دوولایەنە** :- كە تێیدا دوو فێرخواز لەبەردەم فێرخوازانی پۆلەكە دادەنیشنو یەكێكیان ڕۆڵیپرسیاركەر دەبینێتو ئەوی تر ڕۆڵی وەڵامدەر، یان دەتوانن ڕۆڵەكانیان بگۆڕنەوە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ح) **چەند پرسیاری** :- پێکدێت لەسێ، یانچوار فێرخواز،کە گفتوگۆ لەسەر بابەتێکی دیاریکراودەکەن، لەبەردەم فێرخوازانی پۆلەکەدا، بەجۆرێ کە هەریەکەیان گفتوگۆ لەسەر لایەنێکی بابەتەکە بکات، کە پێشتر لەسەری ڕێککەوتوون بڕیاردەریش هەریەکەیان پێشکەش دەکات بۆ خستنە ڕووی ئەو لایەنەی باباتەکە ،کە بۆی دیاریکراوە، بەڵام جێبەجێکردنی ئەم ڕێگەیەگرانە، چونکە واپێویست دەکات ،کە مامۆستا کارامەیی‌و وردی لەئامادەکردنی وانەکەدا هەبێت، بایەخێکی تایبەت بە پرسیارەکان بدات، بە جۆرێك لەگەڵ تێگەیشتنی خوێندکاراندا بگونجێ ،هەروەها دەبێت مامۆستا لەهونەری پرسیارکردن شارەزا بێ بەواتای:-

١) پرسیارەکە ڕوون‌و ئاسان‌و کورت بێت لە داڕشتنیدا،بۆئەوەی لە کورتترین کاتدا خوێندکاران بۆ بابەتێکی دیاریکراو بورووژێنێت.

٢) دەبێت پەیوەندییەکی لۆژیکی لەنێوان پرسیارو پرسیارەکەی پێشودا هەبێت بەجۆرێك کەوانەکە بەپێی سستمێکی دوابەدوای یەك بەڕێوە بچێت.

٣) پێویستە زمانی پرسیارەکە ڕوون‌و دروست‌و دیاریکراو بێت، بۆئەوەی وەڵامی فێرخوازان نزیکبێ لە یەکتر.

٤) پێویستە خستنە ڕووی پرسیارەکە بەزمانێکی دروست‌و بەگەرم‌و گوڕێکەوە بێت،کە فێرخوازان بورووژێنێ‌و هانیانبدا بۆ وەڵامدانەوە.

٥) پێویستە پرسیارەکە بەکوتو پڕی نەخرێتە ڕوو تا فێر خواز دووچاری شڵەژان نەبێت.

٦) پێویستە پرسیارەکان هەمە جۆربن ،بۆئەوەی زانیاریی کۆنەکان بورووژێنێ‌و زانیارییە نوێیەکە جێگیر بکات.

٧) پێویستە دابەشکردنی پرسیارەکان هەڕەمەکی‌و دوور لەهەڵبژاردن بێ، ئەمەش بۆئەوەی مامۆستا بەشداربوونی چالاکانە بۆ هەموو فێرخوازەکان بکات، تا بتوانێ سەرنجیان ڕابکێشێت بۆ وانەکە.

مانای ئەو خاڵانەی سەرەوە ئەوەیە کە پێویستە پرسیارەکان فێرخواز بخاتە هەڵوێستێکی گرفتدارەوەو وای لێبکات بیر بکاتەوەو بگەڕێ‌و چارەسەر پێویست بدۆزێتەوە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## چوارەم- ڕێگەی دییالۆگ( حوار)

×××××××××××××××

ئەمەش وەك، ڕێگەی گفتوگۆیەلە شێوەی  پرسیارو وەڵامدا بۆ گەیشتن بەڕاستیەکان، ئەم ڕێگەیەش دەدرێتە پاڵ(سوقرات) ئەو فەیلوسەفەی کە ئەم ڕێگەیەی تێگەیاندن، لەم ڕێگەیەدا چەند شێوازێکی زمانەوانیو کۆمەڵەوشەیەكو کۆمەڵە ڕستەیەك بەکار دێت ،کە دەبێتە مایەی زیادکردنی سەرمایەی زمانەوانی لای خوێندکار، هەروەها بیری فێرخوازان گەشە دەکات هەستەکانیان تۆکمە دەبێت، ئەمەش کارئاسانییە بۆ باش بەکار هێنانی زمان لەنێو کۆمەڵگادا .

ئەم ڕێگەیەش تەنیا کورت نابێتەوە لە ڕۆڵ بینینی ژیانێکی واقعی ، بەڵکو تێدەپەڕێت بۆ یاری زمانەوان، چونکە یاریکردن ئامادەکردنە بۆ ژیانێکی تەواو چونکە، ئەمە یاساکانی ڕەفتارمان فێردەکات ،فێری بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زمانمان دەکات، هەروەها فێری لاساییکردنەوەی شێوازی زمانی چەندین کەسایەتیمان دەکات.کە ڕۆڵی کۆمەڵایەتیو پیشەییان هەیە دەکرێت ئەم یارییە بە شێوەی تاك، یان کۆمەڵ بێت، لێرەوە چەند یارییەکی زمانەوانی ئامادەکراوە، کە لەگەڵ تەمەنی خوێندکاراندا دەگونجێ، یاساو بنەماو ئامانجی خۆی هەیە، لەدیارترین ئەم یاریيانەش ( تەلەفۆنو کارتی پۆستەییو پێکهێنانی ڕستە) ئەمەش پەرە دەدات بەکارامەیی فێرخواز لە هەر چوار هونەرە زمانەوانییەکاندا( گوێ گرتن، قسەکردن، خوێندنەوە، نوسین)پێویستە مامۆستاش ڕۆڵی هەبێ لە هەڵبژاردنی کتێبو یارییەکان لەلایەن فێرخوازانەوە.

## پێنجەم- ڕێگەی پرۆژە :-

××××××××××××××

ئەم ڕێگەیە لەسەر بیردۆزی فەیلەسوفی ئەمریکی( جۆن دیوی)دانراوە، کە پێنج قۆناغی بۆ دەست نیشان دەکات :-

١. هەستکردن بەبوونی کێشەو ئالۆزیەك.
٢. دیاریکردنو دەسنیشانکردنی ئالۆزییەکان.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٣. ئاماژەکردن بەئەگەری بوونی ڕێگە چارەیەك.
٤. بیرکردنەوەو دۆزینەوەی ڕێگە چارە.
٥. دڵنیا بوون لەپەسەندی، یان ڕتکردنەوەی ڕێگەچارەکان لەلایەن خوێندکارانەوە.

لەم ڕێگەیەدا خوێندکار ڕادەهێنرێت، کە پشت بەخۆی ببەستێتو سوود لەئەزموونەکانی خۆی وەربگرێت،لە ڕووبەڕووبونەوەو چارەسەرکردنی کێشەو دژواریەکاندا ، هەربۆیە ئەم ڕێگەیە بەرێگەی بیرکردنەوەی سەربەخۆ و پەروەردەکردنی توێژی باوەڕدار بەئازادی بیرکردنەوە دادەنرێت.
مامۆستا لەم ڕێگەیەدا رۆڵێکی زۆر گەورە دەبینێت ، بۆیە پێویستە شارەزاییەکی باشی هەبێت لەبوارەکەی خۆیدا ،چونکە خوێندکار بەتەنیاو سەربەخۆ دەکات ، پێویستە بەوردی چاودێری بکرێت ، تا لەهەموو روێکەوە پێبگەێنرێت ، ژیری ، کۆمەلآیەتی ، گیانی ، ویژدانی .
اەراستیدا ئەگەر ئەم ڕێگەیە یەوردی پیادەبکرێت و مەودای خوێندکار بدرێت ، ئازادانە و بەئارەزی خۆیان پڕۆژەو بواری کارکردن هەڵبژێرن ، بێگومان کارەکەیان سەرکەوتوانە ئەنجامدەدەن و هەلومەرجی داهێنانیان زیاتر بۆدەرەخسێت.

## شەشەم -ڕێگەی دلتۆن:

ئەم ڕێگەیە بۆ یەکەم جار لەشاری ( دلیۆن) لەلایەن بەخێوکەری ئەمریکی( هێلین بارهرست) لەساڵی ١٩١٩ پیادەکرا ، هەربۆیە بەناوی ئەم شارەوە ناونراوە.
لەم ڕێگەیەداو لەگەڵ فێرکردنی خوێندکاران ،کەمەبەستی ئەم ڕێگەیە یە ، جیاوازیە تاکەکسیەکان رەچاودەکرێن ئەمەش بە:
١- دابەشکردنی خوێندکاران بەسەر کۆمەڵێکی یەکسان لە ژمارەو هەمەجۆری ئاستدا.
٢- داوا لە خوێندکاران دەکرێت ، کاریك ئەنجامبدەن لەکاتێکی دیاریکراودا.
٣- خوێندکاران ئازادن لەبیرکردنەوە و مامۆستاش هاوکاریان دەکات.
٤- خوێندکاران رادەهێنرێن لەسەر پشتبەخۆبەستن .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٥- پتەوکردنی گیانی هاوکاری لەنێوان خوێندکاراندا، بەشێوەیەك نەلاوازەکان زۆر ماندوو بن ،نە زیرەکەکانیش کاتیان بڕوات.

**ئامانجەکانی ئەم ڕێگەیە لەگەڵ یاسای فێرکردنی گشتیدا هەماهەنگە، لەو ئامانجانەش:**

١- بەشداریکردنی خوێندکاران لەکارەکانداو سەرپشکبن لەگەران و بیرکردنەوەدا.

٢- کەم بەکارهێنانی ڕێگەی تەلقین لەفێرکردندا.

٣- هەوڵبدرێت پۆلەکانی خوێندن بکرێت بەشوێنکارو خوێندکاران بە خۆیان تاقیکردنەوەکانی تێدا ئەنجامبدەن.

٤- پێکەوەبەستنی بیرو تاقیکردنەوە پراکتیکیەکان ، لەپێناو ئاسانکردنی کرداری فێربوون.

٥- خوێندکاران ئازادبن لەهەڵبژاردنی ئەو ڕێگەیانەی کەدەیانگەیەنێت بە ئاماج و مەبەستەکان.

٦- خوێندکاران رابهێنرێن لەسەر لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەو شیکردنەوەو گەیشتنە ئەنجام ، بۆ ئەم مەبەستەش کاتی پێویستیان پێبدرێت.

**حەوتەم – ڕێگەی مینتسۆری :-**

×××××××××××××××

(ماریا منتسۆری) پزیشکێکی ئیتاڵیە، ئەم ڕێگەیە بۆ ئەو دەگەڕێتەوەو لە هەندێك باخچەی ساوایان لە ئنگلترەو ئەمریکاو ئیتاڵیا کاری پێدەکرێت، هەروەها لە هەندێك باخچەی ساوایانی (میسر) ئەزموون کراوە، ئەمەش لەگەڵ سیستەمی فێرکردنی تاکە کەسیدا دەگونجێت.

مینتسۆری پێیوایە کە مەبەست لە پەروەردەکردن پەروەردەکردنی کەسایەتیە، ئەو ئازایەتی زۆری نواند سەبارەت بەوەی لە هەوڵەکانیدا منداڵ لەسەر خۆ فێرکردنو پشت بەخۆبەستن، هەورەها دەخالەت کردن لە پەروەردەکردنو فێرکردنی، بەپێی توانا کەم کردۆتەوە، بەو پێیە قوتابییەکان چۆن لەگەڵ خەڵکی تردا بژینو چۆن هاوکاریان بکەن لەکارو چۆنیەتی پشت



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەخۆ بەستن لەكاروباردا، هەروەها لە ڕێگەكەیدا چەند شێوازێكی باری ڕۆشنبیركردنو فێركردن كە بەهۆیەوە منالاَن خۆیان فێردەكەن، بەتایبەت لە قۆناغی منالَیدا بەكاریهێناوە، لەوانە بەكارهێنانی تواناكانو ئارەزو بەهرەكانیان بەشێوەیەكی كارامەیی لە جولَەو كارداو زانینی پرنسپەكانی نووسینو خوێندنەوەو ژماردن.

**دەتوانین پرنسیپەكان بەم شێوەیە كورتبكەینەوە :-**

١. سەربەخۆیی فێرخوار لەكارەكانیداو پشت بەخۆبەستن بێدە ستێوەردانی مامۆستا،مەگەر لەكاتی پێویستدا .

٢. خشتەی كاتی وانەو بەرنامەی وانەوتنەوە بوونی نییە، بەلَكو هەر منداڵێ بەئارەزووی خۆی وانە دەخوێنێتو یاریدەكات.

٣. پۆلی خوێندن وەك ئەوەی لە قوتابخانەكاندا هەیە بوونی نییە، پالَنەرو هاندەری كاركردن، تەنها هەستی خۆشیكردنە بەسەركەوتن.

٤. هەموو مندالێ ئەو كارە دەكات، كە دەیەوێتو ئارەزووی لێیە.

٥. مندالَ كورسی سوكو مێزی بچووكو گونجاو كە توانای جێگۆڕكێ پێكردنی هەبێت لەبەر دەستایە.

٦. مینتسۆری چەند یارییەكی فێركاری هەیە، كە بەهۆیەوە مندالاَن دەبزوێنێت بۆ پەروەردەكردنی هەستو ژیریان بەشیكی زۆری داهێناوەو نوێخوازی لەم ڕێگەیەدا پشت بەو یارییانە دەبەستێ.

## هەشتەم – ڕێگەی دكرۆلی :-

××××××××××××××××

ئەم ڕێگەیە دەدرێت پالَ بەخێوكەری بەلجیكی( ئۆفید دكرۆلی) بەپێی پرنسیپەكانی پەروەردەی نوێ بەڕێوە دەچێت، دكرۆلی بایەخ بەلایەنی جەستەییو پەروەردە كردەگیو پەروەردەی هەستەكانو ڕاهێنانی قوتابیان لەسەر جولَەو كاركردن بەحەزو خواستو پشت بە خۆبەستن دەدات، هەروەها لایەنی(عەقلَی) ژیری رۆحیو كۆمەلاَیەتیشی لەبیرنەكردوە ، بەم پێیە قوتابی لەكاتی یاریكردندا فێر دەبێتو پڕاو پڕدەبێت لە چالاكیو خۆشی .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**دكرۆلی لەو ڕێگەیەی خۆیدا ئەم پرنسیپانەی ڕەچاو دەكرد :-**

١. بەكار هێنانی سەرنج، بەوەی كە قوتابی سەرنج لە ڕووداوەكانی دەوروبەری بدا لە قوتابخانەو دەرەوەشدا.
٢. سوود وەرگرتن لەو زانیارییانەی ،كە قوتابی لە تاقیكردنەوەدا دەستیدەكەوێت.
٣. بایەخدان بەزمان گوزارشت، چونكە دكرۆلی زۆر بایەخ بەزمان دەدات، تاوەكو قوتابی بتوانێ بیروڕاكانی خۆی بەزمانو بەنوسین دەربڕێت.

**نۆیەم : ڕێگەی پێوەری –بەراوردی (القیاسیە )**

**ڕێگەی پێوەری ڕێگەیەكی كۆنی فێركردنی ڕێزمانە، مامۆستایان پەیڕەوی ئەم ڕێگەیە بەپێچەوانەی ڕێگەی بەرئەنجامی و هەربەرتەوە یە، لەپێشەوە دەستوری بابەتەكە دەخەنە ڕوو، پاشان ڕستەو نمونەی بۆ دەهێنەوە.**

**ئەم ڕێگەیە لەشتی نەزانراوەوە دەچێت بۆ شتی زانراوەوە ، بۆیە ئەم ڕێگەیە گونجاو نیە بۆ وانەوتنەوە ، چونكە دەبێت لەشتی زانراوەوە بچێت بۆ شتی نەزانراو.**

**هەنگاوەكانی ئەم ڕێگەیە :**

**١- پێشەكی**
**٢- خستەرووی دەستور**
**٣- شیكردنەوەی دەستور**
**٤- تاقیكردنەوەو ڕاهێنان**

**هۆكارەكانی سەركەوتنی ئەم ڕێگایە**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

١–وردەکاری مامۆستا لەبارەی دارشتنی دەستورەکەوە. یان ئەو راستییە گشتیەی بۆ ئەو بابەتە گشتیەی کە دەیەوێ بەوانە بۆ خوێندکارەکانی بڵێتەوە لەکاتی پراکتیزە کردندا هەڵەیەك دروست نەبێ.
٢–دەبێت شێوەو شێوازەکەی زۆر رون و ئاشکرابێ، بۆ ئەوەی دەستورەکە بچێتە دڵی، هەموو خوێندکارەکانەوە بەلایانەوە ئاسان بێو جێبەجێ بکەن و نمونەی لەسەر بهێنەوە.
٣–یان مامۆستاکە زانیاری نوێ، یان زانیاری پێشتریان بۆ شەرح و راڤە بکاتەوە.
تایبەتمەندی و لایەنە باشەکانی ئەم رێگایە کۆمەڵێك سیفاتی تێدا هەن لەرێگاکانی تردا نین، لەوانە رێگای فێرکردن و فێربوونە، خێرا زانیاری دەدا بەدەستەوە راستەوخۆ خوێندکارەکان لێی سودمەند دەبن و لەپۆلەکەدا زانیاری فێر دەبن. باشتر کۆنترۆڵی خوێندکارەکان دەکرێ،چونکە لەم رێگایەدا مامۆستا خۆی ،هەموو شتێك دەڵێو دەستور ڕون دەکاتەوە، بەڵام رێگایەکی سروشتی نییە لەم روەوە رێکخستنی هەنگاو قۆناغەکانی وانەکە رێك و پێك دەرناچێو کەسایەتی خوێندکار پێ ناگەیەنێ.
هەڵوێستی سەلبی دەبێتو گیانی رەخنەیی لەخوێندکاردا دروست ناکات .

## هەنگاوەکانی وتنەوەی

١–رێخۆشکەرە بۆ ئەوەی خوێندکارەکان هاندا بۆ وەرگرتنی وانەی نوێ و دیاریکردنی مەبەست.
٢–رانواندی دەستور لەژێر پەردەی قەیرانێکەوە بەم جۆرە مامۆستا راستیەك بخاتە بەردەم خوێندکارەکان و بەجوانی ڕونیان بکاتەوەو، سنورەکانی دیاری بکات، نەهێڵێ چەواشەکاری تێبەکەوێ، دواتر کێشەیەك قوت دەکاتەوە دەڵێ کێ دەیزانێ، با وەڵام بداتەوە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٣-رونكردنـەوەو گـشتگیریكردنی دەسـتورەكان:-دوای ئـەوەی خوێنـدكارەكان دەسـتورەكەیان ناسـیو هەسـتیان بەقەیرانەكـە كـرد، مامۆسـتا داوا دەكـات خوێندكارەكان چەند نمونەیەك بهێنەوە كـە دەستورەكە بیگرێتـەوە، بۆ ئـەوەی بەتەواوی بچێتە مێشكیانەوە دڵنیا بن لەراستی و دروستی دەستورەكە.

٤-پراكتیـزە كـردن: بـەهێنانی چـەند نمونەیـەك، واباشـە نمونـەكان زۆربـن، بـۆ ئەوەی خوێنـدكارەكان دڵنیـا بـن لەراسـتی دەسـتورەكەو بـەجوانی سـودی لێـوەر بگـرن، بـۆ وانـەی داهـاتوو ببێتـە دەسـتورێكی چەسـپاو لـەژیانی ڕۆژانەیانـداو لەبواری خوێندنەوەو نوسیندا لێی بەهرەمەندبن.

٥-دیاری كردنی ئەركی ماڵەوە: لەم قۆناغەدا مامۆستا داوا لەخوێندكار دەكات كە ئەو راهێنانەی ماون لەماڵەوە جێبەجێیان بكەن و ئاگایان لێبیٚ، هەمان بنەما پەیرەو بكەن كە لەپۆلدا پەیڕەوی كردبوو.

**دەیەم : ڕێگەی بەرئە نجامی :** بەپێی ئەم ڕێگەیە دەبێت لەشتی زانراوەوە بچێت بۆ شـتی نـەزانراو،یان لەشـتی سـادەوە بـۆ ئاوێتـە، لەوشـەو رسـتەوە بـۆ یاسـاو دەستور، هەنگاوەكانی ئەم ڕێگەیە:

١- سەرەنجدان و خستنەروو
٢- هەنگاوی بەراوردكردن
٣- هەنگاوی دەرهێنانی دەستور
٤- هەنگاوی تاقیكردنەوەو راهێنان

**یانزەیەم : ڕێگەی بەرهەمهێنان( هربرت ):**

كتێبـەكانی رێزمـان لەقۆناغـەكانی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامـادەیی لەسـەر ئـەم ڕێگەیە دانراون، بەپێی ئەم ڕێگەیە خوێندكاران لەشتی زانراوو دیارەوەوە دەچن بۆ شتی نەزانراوو نادیار یان لەسادەوە بۆ ئاوێنە، یان لـەبینراوەوە بـۆ نـەبینراو،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

واتا لەڕستەو نمونەوە بۆ یاساو دەستور کەدەگەڕێتەوە بۆ زانای ئەڵمانی (هەربەرت).

**هەنگاوەکانی ڕێگەی بەرهەمهێنان.**

١- **سەرەتاو پێشەکی بۆ وانەکە**: لەرووی دەرونیەوە ڕێخۆشکەرە بۆئامادەکردنی خوێندکارەکان لەپێناو وەرگرتنی وانەکە، پێویستە مامۆستا دەست نەکات بەوانە وتنەوە تا دڵنیا دەبێت لەوەی کەخوێندکارەکانی ئامادەباشی دەروونییان تێدایە بۆ وەرگرتنی وانە نوێکە، لە،هەموو رویەکەوە ئامادەن بۆ گوێگرتن و خوێندن و هاوکاریکردن.

پێشەکی وانەکە پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بەبابەتە زانستییەکەوە کەبریتیە لەشیکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کەلەبیرو هۆشی خوێندکاراندا جێگیر بووە لەوانەکانی پێشوودا، لەم ڕووەوە مامۆستا دڵنیا دەبێت لەوەی کەخوێندکارەکان لەوانەکانی پێشوو کەڵکیان وەرگرتووە یان نا، ،ئینجا ئەو زانیارییانەی لەپێشەکیەدا هەیە لەگەڵ وانە نوێکەدا ڕێکیان دەخات و جۆشیان دەدات، بۆ ئەوەی بیانکاتە بناغە بۆ وانە نوێکە پێشەکی وانە نوێکە دەبنە یەك پارچەی زانیاری. ئا لەم قۆناغەدا مەبەستی سەرەکی لەوانەکە دەردەکەوێو دەتواندرێ ببەسترێتەوە بەپێویستی خوێندکارەکان بۆ ئەوە حەزەکانیان بجوڵێن و بزاندرێ تا چ ڕادەیەك حەزیان لە بابەتە نوێکە هەیە و دڵ و مێشکی خۆیان بۆ کردوەتەوە، بەمەش دەزانین لەسەرەتاوە ئامادەباشیان بۆ وانە نوێکە هەیە.

٢- **خستنە ڕووی بابەت**:- لەم هەنگاوەو قۆناغەدا، مامۆستا دەبێت هەوڵبدات چەند زانیاریەك لەخوێندکارەکان کۆبکاتەوە، بەلأم دەبێت زانیاریەکان هەمەجۆر بن، یارمەتی دەربن بۆ ئەوەی دەستورەکانیان بۆ ئاسان بکرێ. نەك چەواشە بکرێن، نابێ دەستوری شازو پڕ گرێ و شێواویان تێدا بن، دەبێت واتایان ڕون وئاشکرابێ خوێندکارەکان لایان پەسەندبن و بەدڵیان بێت. وانەبن جێگای ڕەخنەو ڕەتکردنەوە بن، یان نەتوانرێ واتای ئاشکرایان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لێوەر بگیرێ، ئەمەش بەمەستی دەرخستنی پەیوەندی نێوان پێشەکیو ئەو دەستورەی دەیەوێ دەری بهێنێ بەئاسانیو لەماوەیەکی کورتدا. پێویستە مامۆستا سودێکی تەواو لەتەختەی رەش وەربگرێو نمونەی لەسەر بنوسێ و بەپاك و خاوێنی رابگیرێ، بەخەتێکی گونجاو زانیاریەکانی خاڵبەندو ریز بەند بکات و نمونەکان بخاتە روو، رێگەش بۆ قۆناغی دووەم خۆش بکات،چونکە تەختە رەش باشترین هۆکارە بۆ رونکردنەوە.

٣- (**بەراوردکردن و هاوسەنگی**:-پێویستە مامۆستا زۆر گرنگی بەم هەنگاوە بدات، هەوڵبدات لەگەڵ خوێندکارەکان زانیاری پێشوو، لەگەڵ زانیاری نوێ پێکەوە ببەستن و بەراورد لەنێوانیاندا بکەن، نمونەکان بەرێك وپێکی بخاتە سەرتەختە رەشەکە، بۆ ئەوەی خوێندکارەکان وشە لێکچوو هاوشێوەکان ببینن، ئەمجا وشە دژیەکەکان دەست نیشان بکات، بەمەش پەیوەندی نێوان نمونەو وشەو رستەکان بەباشی دەزانرێ و دەستورەکان دەردەهێنرێ و دایان دەنێ. بەلاّم ئەم کارانە، هەموویان داخوازی ئەوەن کە بەڵگە بهێننەوەو بیربکاتەوەو وردبێتەوەو شیکردنەوەو ڕاهێنان ئەنجامبدات. ئەمەش پێویستی بەپشووی درێژ هەیە، بەدەستور کردنی ئەم یاسایانە، پێویستە مامۆستا خوێندکارەکان لەسەر خۆراگری رابهێنێ و بەڵگەی پەسەندوگونجاو کۆبکاتەوە پێش ئەوەی ئەو بڕیارە رابگەیەنێ.

٤-**هەڵێنجانی دەستور**:- لەم هەنگاوەدا هەوڵدەدرێ بریاری تەخمینی دەربهێنێ ئەمجا هەوڵبدا بڕیارەکە بەشێوەی پێناسە ڕابگەیێنێ، مامۆستا بەهاوکاری خوێندکارەکانی دەستور دەربێنێ و دروستی دەکات، وای لێبکات خوێندکارەکان بچێتە دڵیانەوە، کە بەشێوەیەك مەبەستی خوێندنی بابەتەکە بێتەجێ، نابێ مامۆستا ڕێگا بدات ئەگەرو مەزندە کردن و پێموایەو وابزانم بەکار بهێنێ. دەبێت وابکات ،هەموو خوێندکارەکان هاوکاری وانەکە بکەن و بۆ وەلاّمدانەوەو دەست هەڵبڕین کێ بڕکێیان هەبێ، نابێ هەر پشت بەخوێندکارە زیرەکەکان ببەستێو بەس!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پاشان دوای ئەوەی مامۆستاو خوێندکارەکان لەدەرهێنانی دەستورەکە دەبنەوە. لەسەر تەختە رەشەکە بەجوانیو بەکورتیو بەڕونی بنوسرێتەوە. نابێ لەم کاتەدا خوێندکارەکان کتێبەکانیان بکەنەوە، بۆ ئەوەی بیرو هۆشیان بڵاو نەبێتەوەو فێری فڕوفێڵ و غەش نەبن لەزانستدا.

٥-ڕاهێنان:- ئەمە هەنگاوی کۆتایی وانەکەیە، کەئاستی خوێندن و تێگەیشتنی خوێندکارەکانی تێدا تاقیدەکرێتەوە، بەهاوکاری مامۆستاکەیان راستیو دروستی دەستورەکان سەرو ناو دەکەن، هەر وەکو چۆن راهێنان دەستورەکە لەمێشکە خوێندکارەکاندا دەچەسپێنێ، وفێریان دەکات چۆن لەرستەو دەقدا ئەو دەستورانە کاری پێبکەن وبیانخەنەگەڕو بەکارهێنان سودی نییە، هەتا راهێنان پترو فراوانتر بکرێ، خوێندکار زیاتر لە توانای خۆی دڵنیا دەبێت و متمانەی بەزانیاری خۆی زیاتر دەبێت و ئاستی دەستورەکە لەمێشکیدا جێگیرتر دەبێت، بۆیە ئەم قۆناغە زۆر گرنگەو دەبێت پەرەی پێبدرێ، بەبێ بەرجەستەکردنی ئەم قۆناغە وانەکە وشك وبێ تام دەبێت و سودی لێوەر ناگیرێ.

## دوانزە: تێکەڵاوکردنی ڕێگاکان:-

بێگومان هەریەکێ لەو ڕێگایانەی کەلەوەوپێش ئاماژەمان پێکردن، لەگەڵ ڕێگای تریش هەریەکەیان لەشوێنی تایبەتدا پێویستەو گونجاوە، مامۆستا بۆ خۆی بڕیاری ئەوە دەدا کەی و لەکوێ ئەم ڕێگایە، یان ئەو ڕێگایە پەیڕەو دەکات،چونکە مامۆستا دەزانێ خوێندکارەکان چۆن باش تێدەگەن و بەچ شێوەیەك خوێندنی ڕێزمانیان لا خۆشەویست دەکات و چۆن و بەچ شێوەیەك لەمێشکیدا دەچەسپێت، باشترین ڕێگای وانەوتنەوە ئەوەیە مامۆستا پابەندی ڕێگایەکی تایبەتی نەبیو ڕێگاکانی تر پشتگوێ بخات، بەڵکو پێویستە گورانکاری لەڕێگاکاندا بکات، چەند ریگایەك لەماوەی وانەکەدا پەیڕەو بکات، ئەو مامۆستایە شارەزای خوێندکارەکانیەتی و پێویست بەخۆبەستنەوە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەرێگایێك ناكات، بۆیە مامۆستا پێویستە سەرپشك بێت چۆن و بەچ رێگایەك وانەكە دەڵێتەوە، بۆ ئەوەی خوێندكارەكانی تێبگەیەنیّ ئیتر كام رێگایە بەباش زانی و بەسودە بەو رێگایە بەردەوام بێت،چونكە مەبەست لەوانە وتنەوە بریتیە لەتێگەیشتنی خوێندكاران لە بابەتەكەو سود لێوەرگرتنی.

## پیلانی وتنەوەی رێزمان بەشێوەی بەرهەمهێنان

رۆژ بابەت پۆل و لق

بەروار بەش

**ئامانجی وانە وتنەوە:**

**بەشێوەی گشتی**: بەكورتی لەچەند وشەیەكدا( فێركردنی یاساو رێساكانی زمان)

**بەتایبەتی**:( تێكەیشتنی تەواو بەوردی لەرێساكەو جێبەجێكردنی بەئاسانی)

هۆكارەكانی ڕونكردنەوە: تەختە ڕەش و رێكخستنی بەشێوەیەكی جوان : بەنوسینی نمونەو پارچەی ئەدەبی لەلای راستەوە رێساكە لەجێگەی لەباردا رەنگ رێژی بكریّ ئەمجا هێلكاری نمونەكان بۆ شیكردنەوەی راهێنانەكان لەپاش وتنەوەی وانەكەو كوژاندنەوەی بابەتەكە.

**ئامانج لە پلانی وانەوتنەوەی رێزماندا**

**یەكەم : ئامانجەكان**

أ) **گشتیەكان :-**

١. قوتابی لە ئەركی وشە لە رستەدا بگاتو، بزانێت شوێنەكەی لەڕێچكەدا چ كارێك دەكاتە سەر واتاكەی.
٢. قوتابی لەو یاسانە بگات، كە بەندن بە دارِشتنی وشەوە.
٣. قوتابی دارشتنە ئاڵۆزونا ڕوونەكان تێ بگاتو هونەرەكانی ئاڵۆزیو ناڕوونی یان شی بكاتەوە .
٤. قوتابی جیاوازی لەنێوان هەڵەو راست بكات لە بابەتی خوێنراو، یان بیستراو لە ڕووی زمانەوانی.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٥. قوتابی بتوانێت مامەڵەیەکی لۆژیکی لەگەڵ زمانەکەیدا بکات بەدەرهێنانو شیکردنەوە.

ب) **تایبەتییەکان :-**

١. قوتابی لە فرمانی تێپەڕو تێپەڕ بگات.

٢. قوتابی جیاوازی نێوان فرمانی تێنەپەڕو فرمانی تێپەڕ بگات.

٣. قوتابی بزانێت کرداری تێنەپەڕ بکات بە کرداری تێپەڕ.

ئەمە ئەگەر لەباسی کرداری تێپەڕو تێنەپەردابووٍ.

## **هەنگاوەکانی وانە وتنەوە:**

**١- ڕێخۆشکردن و پێشەکی ( دەقیٚ دەنوسریٚ)**

**٢-خستنە ڕووی بابەتەکە (بەهێنانەوەی نمونەو پارچەی وێژەیی)**

**٣-بەستنەوەو بەراوردکردنی (بەنوسینی قۆناغەکانی یەك لەدوای یەك)**

**٤-هەڵهێنجانی دەستور ( بەنوسینی چۆنیەتی تێگەیشتنی لەگەڵ نوسینی دەق و نەخشەکەدا)**

**٥-جێبەجێکردن:-**

**ا-نمونەی پرسیاری کورتکراوەو تاقیکردنەوەی زارەکیو باسکردن لەبارەی دەستورەوە.**

**ب- نەخشە بۆ شیکردنەوەی ڕاهێنانەکان کەبگونجیٚ لەگەڵ مەبەستی ڕاهێنانەکە، لەگەڵ نمونەیەك لەنوسینی ڕاهێنانەکە.**

**٦-دەست نیشانکردنی ئەرکی ماڵەوە.**

**٧-تێبینیە تایبەتیەکان (لەپاش تەواوبوونی وانەکەو چوونە دەرەوەی مامۆستا لەهۆڵی وانە وتنەوە.**

**تێبینی: دەبێت مامۆستای پەیمانگا بەم ڕێگە چەندین وانەی ڕێزمان لەپۆلدا بەپراکتیکی ولەسەر ئەم ڕێگایە بەخوێندکاران ئەنجام بدات.**

**چۆنیەتی دەستنیشانکردنی ڕێگەی وتنەوەی وانە :-**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

××××××××××××××××××××××××××××××××××

به پێی ئاڕاسته نوێكانی رێگەی وانەوتنەوە،ناكرێت بیر له تاكه رێگەیەك بكرێتەوەو رێگەكانی تر فەرامۆشبكرێت، ئەمەش لەسەر ئەو پاساوای كه رێگەیەك نیه هەموو قوتابیو مامۆستا وانەكان لەسەریەك شێواز كۆبكاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەكارهێنانی یەك رِێگه هەرچەندە چاكیش بێت، دەبێته هۆی بێزاركردنو خاوكردنەوەی قوتابیو ئەم رێگەیەش به درێژایی كات رێگه كه بەرەو رِۆتین دەباتو زۆر لەبەهاكانی لەدەست دەدات ،لەم بوارەدا نمونەی ڕابردوی پرۆسەی پەروەردەی خۆمان زۆرن ،له ڕاستیدا تاكه رێگەیەك نیه كه مامۆستا وەك باشترین ڕِێگه هەڵبژێرتو بەكاریبهێنێت بۆئەوەی سەركەوتوی بكات، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت كه رێگەكانی وتنەوە یەكسانن لەنرخو هاو چاكانیاندا، چونكه هەموو ڕِێگەیەك شێوازو چاكەو خراپەی خۆی هەیه لەبواری بەكارهێنانیدا، بۆیه دیاریكردنی رێگەی وانه وتنەوە دەكەوێته ژێر كاریگەری هەندێ هۆكارەوە لەوانه :-

١. **ئاما نجی وتنەوەی وانەكه** :- ئەو ئامانجانەی كه مامۆستاكه هەوڵیان بۆ دەدات له ڕِێگەی وانەوتنەوەكه دیاریدەكات، چونكه ئەو ڕِێگەیه هۆكاری بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەن.

٢. **توانای قوتابیو خبرەی ڕابردو و پلەی گەشەكردنی**: - گرتنەبەری هەر رێگەو شێوازێك له قۆناغی سەرەتایدا، له قۆناغی دواتریشدا بەهەمان شێواز نەبێت ،یان قوتابیەكی سەرنەكەوتو دەردەچێ ،یاخود سەركەوتنێكی دیاریكراو، چونكه چەند شێوازو هۆكار سەر لێشێواندنه نەك فێر كردن .

٣. **سروشتی وانەكه** :- بەگشتی سروشتی وانەكه هەر له ریز بەندیكردن ڕِێكخستنی پرسی بابەتەكانەوە بێت (بەوەی لەگەڵ یەكتردا بیانگونجێنێت، لەئاسانەوە بۆ گران)خوێندكار دەبێت، پێویسته مامۆستا لەكاتی هەڵبژادنی ڕِێگەی وانەوتنەوەدا رەچاوەی ئەم خاڵه بكات.

٤. **هەمەجۆری هۆكاری ڕِونكردنەوە**: - ڕِێگەی نوێ جەخت لەسەربەكارهێنانی هۆكاری ڕِونكردنەوە دەكات بەتایبەتی هۆكاری هەمەجۆر زۆر بەكەم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەکارهێنانەوەی هۆکارەکانی ڕابردوو، ئەمرۆش دەبێت مامۆستا لەناو خوێندکار لەئەنجامی ئەم هۆکارانەو چالاکی هەمەجۆرخوێندکار فێر بکاتو ماڵەوە وەك جێگای پشوو بزانێت،نابێت ئەركو بارگرانیەکە بخاتە ئەستۆی ماڵو چاوەڕێی هەوڵی تاکی خودی خوێندکار بکات.

٥. **قەبارەی کتێبی وانەو ژمارەی بەشەوانەکانی** :- پێویستە قەبارەی کتێبی پەروەردەو فێرکردن بەپێی قۆناغو تەمەن کەمو هەمەڕەنگ بێت،ژمارەی بەشەوانەکانی زۆر نەبن، چونکە هەردووکیان ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر قوتابی بەشێوەی ڕاستەخۆو ناڕاستەخۆ هەیە،لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت وانەکان هەمەجۆربن و وانەکەی کارەکی وەك مەلەو یاریکردن لەدەرەوەی ژینگەی خوێندنگەی تێدابێت.

٦. **ژمارەی بەشەوانەی مامۆستا لەهەفتەیەکدا** : - زۆر ژمارەی وانەو کاتژمێرەکان چ لە ڕۆژێکدا بێتن یان لەکۆی هەفتەیەکەدا، کاریگەرێکی نەگەتیڤ لەسەر شێوازو چۆنیەتی وتنەوەی وانەکەو گەیاندنی زانیاریو پەیڕەوکردنی لایەنی زانستەکان هەیە.

٧. **توانای زانستیو کەسایەتی مامۆستا**:- پێویستە مامۆستای بابەت بەدەر لە لێهاتویی لەبوارە پسپۆڕیەکەی خۆیدا، دەبێت لە هەمانکاتیشدا شارەزا بێت لەبوارە سایکۆلۆژیو مەعریفیە گشتیەکاندا لەگەڵ ئەمەشدا پێگەی کەسایەتی خۆی لە بەرامبەر دەوروبەردا بسەلمێنێت.

٨. **ژمارەی خوێندکار لە پۆلدا** :- پێویستە ژمارەی خوێندکار لە پۆلدا تاوەکو کەمتربێت باشترە، چونکە ئەم ڕێژە کەمە لەلایەك هاوکاری مامۆستا دەکات لە پراکتیزەکردنی ڕێگەی وانەوتنەوەو بەشداریکردنی هەموو قوتابیان لەناوپۆلدا بە بەشداریکردنی جۆراوجۆر چالاکی هەمەجۆرەوە، لێرەشەوە مامۆستا ڕەچاوی جیاوازی تاکی لەنێوان قوتابیاندا دەکات.

٩. **سیاسەتی گشتی خوێندنگە** : ئەو یاسایانەی کەلە خوێندنگەدا پیادە دەکرێتو رادەی پەیوەستبوون بەو یاسایانەو بوونیەتی ڕۆتینو ئازادی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کارکردن‌و بەدوادا چونی کێشەکان لەلایەن بەڕێوەبەری خوێندنگەوە، کاریگەری لەسەر سووربوون‌و هەوڵ‌و کۆششی قوتابیەوە هەیە، چ لەسەر خوێندن چ لەسەر پەیوەستبوون بەیاساکانەوە.

**سیفاتەکانی ڕێگەی وانەوتنەوەی نوێ و سەرکەوتوو :-**

١. دروستکردن‌و بنیادنانی حەز لەلای خوێندکار.
٢. گەشەکردنی دیسپلینکردنی خودی‌و دوور خستنەوەی لە توندو تیژی.
٣. دوورخستنەوەی ترسی نمرە نەهێنان لەلای خوێندکار،بەهۆی بوونیەتی چالاکی ڕۆژانەو بەکارەکی کردنی خوێندن .
٤. دوورخستنەوەی خوێندکار لەو کارو ئەرکانەی کە لەتوانای قوتابیدا نیە.
٥. پشت بەهۆکاری ڕوونکردنەوەو چالاکی ناوپۆل دەبەستێت.

زۆربەی ئەرکەکان بەکۆمەڵ بە قوتابیان ئەنجامدەدا

## پلاندانان بۆ دەستوری ڕێزمان

بریتیە لەدانان و دیاریکردنی شیرازەیەك بۆ وانەکەو ئاسان گەیاندنی دەستورەکانی ڕێزمان لەبەرئەوەی ڕاستەو پاستەکردنی دەستورو رونکردنەوەی بۆ خوێندکاران زۆر گرنگە، بۆیە پلان تەوەرو جەمسەرە بۆ خوێندن هەروەها ئاسانکردنی و جوان خستنەڕو بۆ لەبەرکردنی دەستورەکەو بەجوانی داڕشتن و ڕێکخستنی لەسەر تەختەکە دەبێتە هۆی ئەوەی کەشێوە کۆنەکە پشتگوێ بخرێ.

**: پراکتیزەکردن (التطبیق)**

بایەخی پراکتیزەکردن: – وا لەبابەتەکە دەکات کە بێتە بەشێك لەزانیاری بەردەوامی خودی خوێندکار، کەواتە خوێندن و لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە لەڕێزماندا بەسود نابێ مەگەر بەپراکتیزەکردنی زۆر نەبێ بۆیە دەبێت هەتا دەتوانرێ خوێندکارەکانی لەسەر ڕابهێنرێن، بە،هەموو شێوەیەك خۆیان لەو بوارەدا تاقیبکەنەوەو خێرا خێرا ڕاهێنانی تێدا ئەنجام بدەن، ڕاهێنان و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پراكتیزەكردن لەخوێندنەوەو نوسینی بێ هەڵە خۆی دەنوێنێ و دەستورەكان لەدڵ و مێشكی خوێندكارەكاندا دەچەسپێنێ بۆیە ڕێگایەكی سروشتی سەركەوتو دەژمێردرێ لەبواری بەكارهێنانی دەستورەكان بەشێوەیەكی ڕاست و دروست، لەهەمان كاتدا تەرازو پێوەرێكی ڕاستە بۆ دەرخستنی ئاستی تێگەیشتن و خوێندەواری خوێندكارەكان و هۆكارێكی گرنگە بۆ دەستنیشانكردنی خوێندكارە لاوازو بێ تواناكان لەگەڵ دیاریكردنی بوارو لایەنی لاوازی خوێندكار.

## جۆری پراكتیزەكردن:

**پراكتیزەكردن دوو جۆرە:** زارەكی، بەنوسینەوە، پراكتیزەكردنی زارەكی زۆر بوارو لایەن دەگرێتە خۆو بەچەند شێوازێك ئەنجام دەدرێت.

هەندێكیان لەخوێندنی ڕێزماندا و هەندێكی تر بەوانەی تایبەتی و دیاریكراو بەڵام ناو بەناو كەم كەم زارەكی ئەنجامدەدرێ، هەر دوای دەستورەكە ڕاهێنانی زارەكی دەكرێ وبەشێوەیەكی سەرپێی پراكتیزەی چەند نمونەیەك دەكرێ ڕاهێنان و پراكتیزەكردن لەوانەی سەربەخۆو تایبەتیدا كاتێك دەبێت مامۆستا هەستدەكات كە زۆر پێویستە خوێندكارەكان بەچەند بابەتێكی كتێبەكەدا بچنەوەو سەرلەنوێ شیكاری بكەنەوە، لەم كاتەدا مامۆستا بڕیار دەدات وانەیەك، یان زیاتر تەرخان بكات بۆ ئەو بابەتەی دەیەوێ خوێندكارەكان بەزارەكی تاقی بكاتەوە بۆ ئەوەی بزانرێ تا چ ڕادەیەك خوێندكارەكان ئەو بابەتەیان هەزم نەكردوە.

**كەواتە بەگشتی :** پراكتیزەكردنی زارەكی لێپرسینەوەی وانەو ڕاهێنانەكانە بەزارەكی و شیكاركردنی شتە كانە بەیەكەوە.

بەڵام پراكتیزەكردن بەنوسین: شیكاركردنی وانە و ڕاهێنانەكانە بەنوسین و لەسەر تەختە بە،هەموو خوێندكارەكان، تاوەكو مامۆستا دڵنیا بێت لەگەیاندن و تێگەیشتنی بابەتەكەو بەخۆرسك بوونی وانەكە لەلای خوێندكاران.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەو پێیەی منداڵی کورد وەك پێویست گۆش نەکراوەو دەرفەتی بۆ نەڕەخسێنراوە، بۆیە کارکردن بەتاك دەبێتە شتێکی گران و ئاڵۆز بەم پێیەش ترس و شەرم و دڵەڕاوکێی لەلا دروست دەبێت، بۆیە کاری بەکۆمەڵ و سەر بەکۆمەڵبوون لای منداڵ پێویستیەتی گرنگەو دەبێت ئەم پێویستیە دابین بکرێت بۆ منداڵ بەمەبەستی جێبەجێ کردنی پاڵنەرە دەرونی و کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤ کەلە ئەنجامی تێکەڵاوبوون و ژیانی بەکۆمەڵ فێری دەبێت.

سەبارەت بەپێناسەی شێوزای وانە وتنەوەش بەگروپ دەتوانین بڵێین، هونەرێکە بۆ گەیاندنی بابەتەکان بۆ مێشکی قوتابیان بەکەمترین ماوەو ماندووبوون و ئاسانترین شێواز.

**پێناسەی گروپ :** بریتیە لەکۆمەڵە کەسانێك بەشێوەیەکی هاوبەش کارەکانیان بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجە هاوبەش و داڕێژراوەکان ئەنجام دەدەن لەڕێگەی بەکارهێنانی شێوازێکی نوێ و دیموکراسی لە نێوانیاندا.

هەنگاوەکانی وانە وتنەوە بەشێوازی گروپ:

١- پێناساندنی ئەندامانی گروپەکان بەیەکتری بۆ ئەوەی ئاشنایەتی لەنێوانیاندا پتەوبێت.

٢- دابینکردنی پێداویستیەکانی فێرکردن بۆ مامۆستا و قوتابی وەك هۆیەکی فێرکردن و ڕوونکردنەوەو هتد.

٣- دابەشکردنی گروپەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی (عشوائی) و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی گروپەکان کچ و کوڕیان تیادا بێت.

٤- ڕێکخستنی گروپەکان بەجۆرێك کە دانیشتنی هەر گروپێك بەشێوەی بازنەیی بێت.

٥- هەڵبژاردنی ناوێك بۆ هەر گروپێك لەلایەن ئەندامانی گروپەکە خۆیانەوە بەزۆرینەی دەنگ.

٦- هەڵبژاردنی کێشەیەك یان باسێك لەهەر بابەتێك بێت لەلایەن گروپەکەوە بەزۆرینەی دەنگ.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٧- ماوەیەك تەرخان بكرێت بۆ خستنە بەر باسی كێشەكەو بەشێوەیەك ماوەكە بگونجێ لەگەڵ توانای ئەندامانی گروپەكەدا.

٨- مامۆستا بەتەنها رۆڵی رێنمایكەر ببینێ لەكاتی جێبەجێكردنی كارەكەداو گروپەكانیش بەسەر بكاتەوە.

٩- كۆكردنەوەی ئەنجامی چارەسەرو پێشنیارەكان لەلایەن مامۆستاوە.

١٠-خوێندنەوەی وەڵامەكان لەلایەن نوێنەری گروپەكانەوە كە بەئارەزوی خۆیان هەڵیبژێرن و گروپەكان گفتوگۆی لەگەڵ بكەن و سەرنجی خۆیانی بدەنێ و وەڵامیش لەیەكتر وەربگرن، كەواتە قوتابیان خۆیان تەوەرەی كرداری فێركردنن.

١١- هەڵسەنگاندن و خستنەڕووی ئەنجامەكانی هەر یەك لەگروپەكان و ڕەچاوكردنی هاندانی گروپەكان بەشێوەیەكی یەكسان لەلایەن مامۆستاوە.

## ئامانجەكانی شێوازی وانە وتنەوە بەگروپ:

١- بایەخدان بەمنداڵ و گوێگرتن لەبیروڕاو و گیروگرفتەكانی.

٢- هاندانی منداڵ بۆ بەرەنگاربوونەوەی كێشەو گیروگرفتەكانی و هەوڵدان بۆ چارەسەركردنیان لەلایەن خۆیەوە.

٣- گەشەپێدانی متمانە بەخۆكردن لەلای منداڵ.

٤- فێربوون بەرێگای كاركردن و بەشداربوون لەو چالاكییانەی كە بەگروپ ئەنجام دەدرێن.

٥- یارمەتیدانی منداڵ بۆ كاركردن لەگەڵ یەكتری لەناو كۆمەڵدا.

٦- بەهێزكردن و پتەوكردنی پەیوەندی نێوان قوتابخانەو كۆمەڵ و ژینگەی قوتابی.

٧-بەهێزكردنی پاڵنەر لای قوتابی بۆ هاندانی كرداری فێربوون.

٨-بەكارهێنانی هۆیەكانی فێركردن و ڕوونكردنەوە بەشێوەیەكی فراوان.

٩- دابینكردنی كەش و هەوایەكی دەرونی گونجاو بۆ قوتابیان لەكرداری فێركردن و فێربووندا.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

١٠ بەلاوەنانی سزای توندو تیژ کە دەبێتە هۆی بریندارکردنی هەست و کەسێتی منداڵ.

## هەنگاوەکانی گەشەکردنی سیستمی گروپ

١-هەنگاوی یەکەم- دروست بوون-

لەم هەنگاوەدا، ئەندامانی گروپ هەریەکەو دەیەوێت پشت بەئەندامەکانیتر ببەستێت،چونکە سەرەتای دروست بوونی هەنگاوە- هەریەکە لەو ئەندامانە چاوەڕێی ئەوەیە کەسەرکردە( سەرۆکی گروپ) ئاراستەی ئەندامەکانی بکات و ڕێنوێنیان بکات....ئەمەو هەریەکەو لەئەندامەکان خوازیارن ،هەموو زانیاری بۆ چوونەکانی ئەندامانی تر بزانن... هەریەکە لەئەندامەکانی گروپ چاوەڕێی ئەوەیە کە ئاراستە بکرێت و بزانێت کارو ئیشی داهاتووی چییە...!

٢-هەنگاوی دووەم- گەردەلوول-

لەم قۆناغەدا کە تۆکمان ناوی ناوە -گەردەلوول- لەچوارچێوەی کێبرکێ و خۆ دەرخستن لەپەیوەندی کەسایەتی نێوان ئەندامانی گروپ بەرجەستە دەبێت زۆر پێوستە ئەندامانی گروپ هەست و نەست و بیرو باوەڕو بۆچوون و رادەی زانست و زانیارییان لەیەك نزیك بخەنەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکتردا بگونجێنێ و ئیش بکەن... لەم قۆناغەدا بمانەوێت و نەمانەوێت کێبرکێ لەنێوان ئەندامانی گروپدا دروست دەبێت، لەبارەی گەلێ شتەوە پرسیار دێتە ئاراوە، وەك ئەوەی کەشێوازی پاداشت و پلەکانی هەڵسەنگاندن چۆنە، لەوانەیە هەندێك هەبن لەئەندامانی گروپ چاویان لەوە بێت ببن لەسەرۆکی گروپ، یان جێی سەرۆکی گروپ بگرنەوە... زۆر گرنگە ئەندامانی گروپ عەقڵ و هۆشیان بگوێزنەوە بۆ ئەوەی هەنگاو بنرێت بۆ قۆناغی داهاتوو...

٣-هەنگاوی سێیەم : گونجان ...**التطبیع**.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەو قۆناغە تۆکمان ناوی ناوە. گونجان – بەواتا ئەندامانی گروپ لەگەڵ یەك دەگونجێن بۆ پێشخستنی کارەکانیان لەپێناوی کۆمەڵ و بەردەوام چارەسەر کرد کێشەی ئەندامەکان، ئەندامانی گروپ زیاتر لێکنزیك دەبنەوە بۆ ئەوەی کارەکانیان زیاتر و باشتر بەئەنجام بگەیەنن... لەم هەنگاوە خەڵك هەست بەوە دەکات کەپابەندەو بەشێکە لەکۆمەڵ (گروپ) بۆیە هەست بەئارامی دەکات.. گرنگترین کار کە لەم قۆناغەدا بەرجەستە دەبێت. ئەندامانی گروپ چییان پێیە هەڵی دەرێژن بۆ ئەوەی ،هەموو لایەك بەرووی یەکتردا بکرێنەوەو شت لەیەکتر وەربگرن و سودی هەبێت بۆ تەواوی گروپ ...بەڵام ئەندامانی گروپ لەوەش دەترسن کەگۆڕانکاری لەناو گروپەکەیان بێتە ئاراوە..

٢- هەنگاوی چوارەم... جێبەجێکردن – الاداء – التنفیذ .لەم قۆناغەدا مەرج نییە ،هەموو گروپەکان پێی بگەن...تەنیا ئەو گروپانە نەبێت کەئەندامەکانیان توانای گەشەکردن و پێشکەوتنیان هەیەو ئەندامەکانیان تەواو لەگەڵ یەکتردا گونجاون و بەیەکەوە ئیش دەکەن پێویستە لەم قۆناغەدا هەر گروپێك کەپێی دەگات بەرهەمی هەبێت، ئەوکات ئەندامەکان باوەڕیان بەخۆیان دەبێت و ئامادەن کە،هەموو کێشەکان چارەسەربکەن...ئامانجی گشتی بەرهەم هێنان...یان بڵێین کاری بەرچاوە.

٣- ئەم هەنگاوە تۆکمان ناوی دەبات – کۆتایی – الخاتمە ..ئەم هەنگاوە کۆتایی بەئیشەکانیان دێنێ، پەیوەندی نێوانیان لێك هەڵدەوەشێنێتەوە سەرۆکی گروپ سوپاسگوزاری پێشکەش بەئەندامانی گروپەکەی دەکات و کارو چالاکییەکانیان دەخاتە روو..

٤- وانەیەکی نمونەیی بۆ وانەی رێزمان

کرداری تێنەپەڕو کرداری تێپەڕ

| (أ) کرداری تێنەپەڕ | (ب) کرداری تێپەڕ |
| --- | --- |
| ١- کاردۆ هەڵدەسێت. | ١- نەرمین داڕشتن دەنوسێت. |



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٢- گۆران رۆیشت.

٣- ئاوات پێدەكەنێت.

٤-هەردی سەركەوت

٥- هونەر لەخۆچوو

٢- شیلان نەستەلە دەخوات

٣- كرمانج دارەكەی شكاند.

٤- هێمن تابلۆكەی داگرت.

٥- مامۆستا چاودێرەكەی بانگكرد.

## ئامانجی گشتی/

فێربوونی زمان و ناسینی رواڵەتی وشەو رستە سازییە. خوێندكاران بتوانن بەڕاستی بنوسن و بەرەوانی گفتوگۆ بكەن.

## ئامانجی تایبەتی/

خوێندكاران، كرداری تێنەپەڕو تێپەڕ فێربین و باش لێكیان جیابكەنەوە.

## سەرەتا/

مامۆستا بۆ ماوەی پێنج خولەك، چەند پرسیارێك لەخوێندكاران بكات، دەربارەی بابەتەكانی پێشوو كەپەیوەندییان بەبابەتی ئەمڕۆوە هەیە، تاكو زانیارییە كۆنەكان بهێنێتەوە یادیان و بیانبەستێت و بە بابەتی نوێوە و چەند نمونەیەكیشیان بۆ بنوسێت، لەپاشدا ناونیشانی بابەتی ئەمڕۆیان لەسەر تەختە بۆ بنوسێت.

## راڤەكردن /

مامۆستا بۆ ئەوەی ، هەموو خوێندكاران بەشدار بكات لەوانەكەدا، باشتر وایە بیانكات بە ((٤)) گروپەوە، وەك گروپی A، گروپی B، گروپی C ، گروپی D .نوسەرو نوێنەری گروپیش، دەستنیشان بكات.

(I) بابەتی كرداری تێنەپەڕو تێپەڕ، هەندێك ئاڵۆزی تێدایەو وردبینی دەوێت تاوەكو خوێندكاران بە باشی وەریبگرن و لێی تێبگەن، باشتر وایە لەو نمونانەی كە بۆیان دێنێتەوە، شتی وای تێدابێت كەلەپۆلدا هەبێت و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پیادەبکرێــت، هــەروەها شــتومەکیان پــێ ئامــادە بکــات کــە ببنــە هــۆی روونکردنەوەو لەکاتی گوتنەوەی وانەکەدا بەکاریان بهێنێت، تاکو بابەتەکە زیاتر لایان بەرجەستە ببێت و بەئاسانی لێی تێبگەن.

بـۆ نمونـە، مامۆسـتا داوا لەچـەند خوێنـدکارێك دەكـات، کەهـەر یەکـەیان کارێـك ئـەنجام بـدەن، وەك : – یـەکێك هەڵبـستێت، یـەکێك بـڕوات، یـەکێك پێبکـەنێت و سـەربکەوێت سـەر کورسـییەکەی و یەکێکیـشیان لەشـێوەی نوانـدن و لاسـاییدا خـۆی ببوورێنێتـەوە، ئـەمجا مامۆسـتا پێیـان بڵێـت ئـەو کردەوانـە ،هـەموویان بەرستە بەرجەستە بکەن.

خوێندکاران کۆمەڵێك رستە بهێننەوەو نوسەری گروپ، بیان نوسێت.

پـاش ئـەوەی خوێنـدکاران، نمونـەکان تـاوتوێ دەکـەن و گفتوگـۆی تێرەتەسـەلی لەسـەر دەکـەن، نوێنـەری گـروپ دەسـت دەکـات بەراڤـەکردن و رونکردنـەوەی کـرداری رسـتەکان و دەڵێـت : – ئەگـەر رسـتەکانی کۆمەڵـەی (أ) بخوێنینـەوەو لەرسـتەی یەکەمـدا، سـەرنج لـەکرداری (هەڵدەسـتێت)بـدەین، دەبیـنین : – بـەبێ یاریـدەی هـیچ وشـەیەکی تـر، واتـای رسـتەکەی دەرخـستووەو ئەرکەکەشـی لەبکەرەکـەوە تێناپەڕێتـە سـەر کەسێك یـان شـتێکی تـر، لەبـەر ئـەوە پێـی دەڵێین (کرداری تێنەپەڕ) هەروەها کرداری (رۆیشت) لەرستەی ( گۆران رۆیشت)دا، بـەم جۆرە راڤە بکرێت: – نوێنەری گروپ لەیەکێك لەئەندامانی گروپ دەپرسێت: – گۆران چیکرد؟ ئەویش وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت : – گۆران رۆیشت.

نوێنەری گروپ : – وشەی (رۆیشت) چی دەگەیەنێت؟

ئەنـدامێکی گـروپ : – کردارێکـەو لەگـەڵ بکەرەکەیـدا، رسـتەیەکیان پێکهێنـاوەو بەبێ یاریـدەی هـیچ وشـەیەکی تـر، واتـای رسـتەکەی دەرخستووەو ئەرکەکەشـی لەبکەرەکەیەوە تێناپەرێت سەر کەسێك یان شتێکی تر، لەبـەر ئـەوە پێـی دەڵێین (کرداری تێنەپەڕ).

هەروەها لەرستەی سێیەمدا، نوێنەری گروپ دەپرسێت:– ئاوات چی دەکات؟

ئەندامێکی گروپ :– ئاوات پێدەکەنێت.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نوێنەری گروپ : – لەوشەی (پێدەکەنێت) چی تێدەگەن؟

ئەندامێکی گروپ : – وشەی ( پێدەکەنێت ) کردارێکە لەگەڵ بکەرەکەیدا، رستەیەکیان پێکهێناوەو بەبێ یاریدەی وشەیەکی تر، واتای رستەکەی دەرخستووەو ئەرکەکەشی لەبکەرەکەیەوە، تێناپەڕێتە سەر کەسێك یان شتێکی تر، لەبەرئەوە پێی دەڵێین ( کردای تێنەپەڕ).

بەم جۆرە فرمانی (سەرکەوت، لەخۆچوو) لەرستەی چوارەم و پێنجەمی کۆمەڵەی (أ)دا، راڤە دەکەن و روونی دەکەنەوە کەئەمانیش، کرداری تێنەپەڕن و بەبێ یاریدەی وشەی تر، واتای رستەکە دەردەخەن و ئەرکیشیان لەبکەرەکانیانەوە، تێناپەڕێتە سەر کەسێك یان شتێکی تر.

ب – بۆ راڤەکردنی کرداری رستەکانی کۆمەڵەی ( ب) مامۆستا خۆی یان خوێندکارەکانی، هەندێك شت بۆ رونکردنەوەی بابەتەکە ئامادە بکەن وەك : – (قەڵەم، دەفتەر، دەباشیر، پارچە دارێك، پسکیت، نەستەلە، یان میوە ...هتد)) مامۆستا داوا لەگروپی (( B )) بکات، چەند رستەیەك بهێننەوە، کەهەندێك لەو شتانەیان تێدا بێت ئەندامانی گروپ، نمونە دەهێننەوە. نوسەری گروپ، تۆماریان دەکات، ئەمجا گفتوگۆی لەسەر دەکەن، لەپاشدا نوێنەری گروپ، دەست دەکات بەراڤەکردنیان ئەویش بە بەشدارکردنی ،هەموو ئەندامانی گروپ و دەڵێت : – ئەگەر رستەکانی کۆمەڵەی (B ) بخوێنینەوە، لەرستەی یەکەمدا (نەرمین دارِشتن دەنوسێت )) وردبینەوە، دەبینین: – کە ئەو شتانەی وەك هۆی رونکردنەوە، ئامادەیان کردبوو (قەڵەم ، دەفتەر) یان بەکارهێناوە.

با گوێ لەنوێنەرو ئەندامانی گروپ بگرین، تاکو بزانین چۆن بابەتەکە راڤە دەکەن؟

نوێنەری گروپ : – نەرمین چی دەکات؟

ئەندامێکی گروپ : –نەرمین، دارِشتن دەنوسێت.

نوێنەری گروپ : – لەو رستیەدا، وشەی ( دەنوسێت) چی دەگەیەنێت؟



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەنداميكی گروپ : – وشەی ( دەنوسێت) کردارێکە ( نەرمین) ئەنجامی داوە ئەو کارەش کە کردویەتی نوسینی داڕشتنە، نەك شتێکی تر،چونکە ( نەرمین) کە قەڵەم و دەفتەری پێ بێت دەتوانێت زۆر شت بنوسێ.

نوێنەری گروپ : – ئایا کرداری ( دەنوسێت) بە تەنیا دەتوانێت واتای رستەکە تەواو بکات و بیدات بەدەستەوە؟

ئەنداميكی گروپ : – نەخێر ، کرداری ( دەنوسێت) بەتەنیا ناتوانێت واتای رستەکە تەواو بکات و بیدات بەدەستەوە، بەڵکو پێویستی بەوشەیەکی تر هەیە کەئەرکی بکەرەکەی بکەوێتە سەرو ببێتە بەرکارو بەهۆی ئەوەوە واتای رستەکە تەواو و ئاشکرا دەبێت، لەبەر ئەوە پێی دەڵێین ( کرداری تێپەڕ) بۆ ڕستەی دووەمی کۆمەڵەی ( ب ) ( نەستەلە) مان وەکو هۆی رونکردنەوە، بەکارهێناوە.

نوێنەری گروپ :– شیلان چی دەکات؟

ئەنداميكی گروپ : – شیلان نەستەلە دەخوات.

نوێنەری گروپ : – وشەی ( دەخوات) لەو رستەیەدا، چی دەگەیەنێت؟

ئەنداميكی گروپ : – وشەی ( دەخوات) کردارێکەو ( شیلان) ئەنجامی داوە، ئەو کارەش کە کردوویەتی، خواردنی نەستەلەیە نەك شتێکی تر،چونکە بێجگە لە ( نەستەلە)، ( پسکیت و میوە، ...هتد )ی لا هەبووەو دەیتوانی یەکێك لەو شتانە بخوات.

نوێنەری گروپ : – ئایا کرداری (دەخوات) بەتەنیا دەتوانێت واتای رستەکە تەواو بکات و بیدات بەدەستەوە، بەڵکو پێویستی بەوشەیەکی تر هەیە کەئەرکی بکەرەکەی بکەوێتە سەرو ببێتە بەکار بەهۆی ئەوەوە واتای رستەکە تەواو و ئاشکرا دەبێت، لەبەر ئەوە پێی دەڵێین ( کرداری تێپەڕ).

لەڕستەی سێیەکی کۆمەڵەی ( ب) دا وشەی ( دار) یەکێکە لەو شتانەی کەبەهۆی رونکردنەوە بەکارمان هێناوە: –

نوێنەری گروپ : – کرمانج چی کرد ؟

ئەنداميكی گروپ : – کرمانج دارەکەی شکاند.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**نوێنەری گروپ : – وشەی (شکاند) لەو رستەیەدا چی دەگەیەنێت؟**
**ئەندامێکی گروپ : – وشەی ( شکاند) کردارێکە کرمانج ئەنجامی داوە، کارەکەش کە کردوویەتی، شکاندنی دارە نەك دەباشیر یان شتێکی تر کە لای هەبووە.**
**نوێنەری گروپ:– ئایا کرداری ((شکاندا)) بەتەنیا دەتوانێت واتای رستەکە تەواو بکات و بیدات بەدەستەوە؟**
**ئەندامێکی گروپ:– نەخێر، کرداری ((شکاندا)) بەتەنیا ناتوانێت واتای رستەکە تەواو بکات و بیدات بەدەستەوە، بەڵکو پێویستی بەوشەیەکی تر هەیە کەئەرکی بکەرەکەی بکەوێتە سەرو ببێتە بەرکارو بەهۆی ئەوەوە واتای رستەکە تەواو دەبێت. لەبەر ئەوە پێی دەڵێن(( کرداری تێپەر)).**
**بەم جۆرە کرداری((داگرت و بانگکرد)) لەرستەی چوارەم و پێنجەمی کۆمەڵەی (ب)دا راڤە دەکەن و دەریدەخەن کە ئەمانیش کرداری تێپەرن و هەریەکەیان بەتەنیا ناتونێت واتای رستەکەی تەواو بکات و بیدات بەدەستەوە، بەڵکو پێویستی بەوشەی تر هەیە کە بەهۆی ئەوەوە بتوانێت ئەو ئیشە بکات و ئەرکی بکەرەکەشی بکەوێتە سەرو ببێتە ((بەرکار)).**
**ج–مامۆستا ئەم پرسیارە لەگروپی(( C)) دەکات:–**
**ئایا کرداری تێنەپەڕو کرداری تێپەڕ، پەیوەندییان بەدەم وکاتەوە هەیە؟ بەنمونەوە روونی بکەرەوە؟**
**پاش ئەوەی نوسەری گروپ، پرسیارەکە تۆمار دەکات، لەلایەن ئەندامانی گفتوگۆی لەسەر دەکەن، لەدواییدا نوێنەری گروپ وەڵامەکە بەم جۆرەی خوارەوە دەداتەوە:–**
**نەخێر، کرداری تێنەپەڕ و کرداری تێپەڕ، پەیوەندییان بەدەم و کاتەوە نییە، واتە ئەگەر کردارێك بەتەنیا توانی واتای رستەکەی تەواو بکات ودەریبخات و ئەرکەکەشی تێنەپەڕێتە سەر کەسێك یان شتێکی تر، پێی دەڵێین(( کرداری**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**تێنەپەر))، هەرچەندە دەمەکەی رابوردوو بێت یان رانەبوردوو بۆ نمونە کە دەڵێین:-**

**وەرزی سەرما هات. گەرما بەسەرچوو.**

**کرداری(( هات، بەسەرچوو)) لەو دوو رستەیەدا، دەمەکەیان رابوردوەو رودانیان تێپەڕیوە، بەڵام هەردووکیان کرداری تێنەپەڕن.**

**هەروەها لەم نموونانەی خوارەوەدا:-**

**نیان، گۆڤار دەخوێنێتەوە.**

**خوێندکاران، خوێندنگەکەیان پاك رادەگرن.**

**کرداری (( دەخوێنێتەوە، پاك رادەگرن)) لەو دوو رستەیەدا، دەمەکەیان رانەبوردووەو روودانیان تێنەپەڕیوە، کەچی هەردووکیان کرداری تێپەڕن.**

**بەمەدا بۆمان دەردەکەوێت، کەزاراوەی(( تێنەپەڕو تێپەڕ)) بەپێی دەم و کات دانەنراون، واتە کە دەڵێین کرداری تێنەپەڕ، مەبەست لەوەنییە کە دەمەکەی رانەبوردووەو هێشتا رووی نەداوە.**

**کە دەڵێین کرداری تێپەڕ، مەبەست لەوە نییە کە دەم وکاتەکەی رابوردوە، بەواتایەکی تر، مەبەست لەو دوو زاراوەیە، ئەوە نییە کە هەرچی کرداری تێنەپەڕە، رانەبوردوەو هەرچی کرداری تێپەڕە، رابوردوە.**

**پێویستە خوێندکاران باش تێبگەیەنین کە ،هەموو کردارێکی رابردوو رانەبرودشیان هەیەو چەند کردارێکیان بەنمونە بۆ بهێنینەوە.**

**د- مامۆستا ئەم پرسیارە لەگرووپی(( D)) دەکات:-**

**جیاوازی نێوان کرداری تێنپەڕو کرداری تێپەڕ چییە؟ بەنمونەوە روونی بکەرەوە.**

**نوسەری گروپ پرسیارەکە دەنوسێت. ئەندامانی گروپ گفتوگۆیەکی تێرو تەسەلی لەسەر دەکەن، لە دواییدا نوێنەری گروپ وەڵامەکە دەداتەوە....**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لە دوایدا مامۆستا بەهەر چوار گروپەکە دەڵێت:-

پاش ئەو ،هەموو گفتوگۆ و قسەکردنەی لەسەر بابەتەکە کردتان، لەئەنجامدا دەستورێك بۆ بابەتەکە دابنێن.

گروپەکانیش پاش گۆڕینەوەی بیروڕایان لەو بارەیەوە، ئەم دەستورەیان بۆ دانا.

## ئەنجام:

کردار لەرووی کاریگەرییەوە، دوو جۆرە:-

١-کرداری تێنەپەڕ:-

ئەو کردارەیە کەبەتەنیا دەتوانێت واتای رستەی تەواو بکات و دەربخات و ئەرکیشی لەبکەرەکەیەوە، تێناپەڕێتە سەر کەسێك یان شتێکی تر.

٢-کرداری تێپەڕ:-

ئەو کردارەیە کەبەتەنیا ناتوانێت واتای رستەکە تەواو بکا، پشوو پێویستی بەوشەی تر هەیە کە ئەرکی بکەرەکەشی دەکەوێتە سەرو دەبێتە ((بەرکار)).

## پیتەکانی زمانی کوردی

ئەو پیتانەی کە لەزمانی کوریدا بۆ نوسین بەکاردەهێنرێن ئەمانەن:

( ئـ ، ە، ا، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ك،گ، ل، ڵ ،م، ن، و، ۆ، ه، ی، ێ).

ئەم پیتانەی سەرەوە دوو جۆرن:

١-پیتە نەبزوێنەکان: Consonants

٢-پیتە بزوێنەکان : Vawels

**١-پیتە نەبزوێنەکان:** Consonants : ئەوانەن کەیەك لەدەرەکانی هەوا دەگیرێن، گیرانەکەش یان بەتەواوی دەبێت یان نیوە گیراو. ئەم پیتە نەبزوێنانە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

زۆر گران لەدەمی مرۆڤ دێنە دەر ئەگەر بێت و پیتە بزوێنەکان یارمەتی هاتنە دەرەوەیان نەدات ئەوا ئەم هێنانە دەرەوە زۆر گران دەبێت.

تیپ type وێنەی دەنگەو بچوکترین پارچە لەنوسین.

دەنگ phone بچوکترین یەکەی وتنە وا لەجەوهەری زمانە

فۆنێم/ بچوکترین یەکەی دەنگی زمانە کە بەگۆڕینی لەوشەیەکەوە بۆ وشەیەکی تر دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشەکە وەك: باش، بەش، بۆش.

نەبزوێنەکان دوو جۆرن:

ا/ نەبزوێنە گرەکان: voiced : ئەوانەن کە گۆ دەکرێن لەگەڵ لەرینەوەی ژێیە دەنگیەکاندا، وەکو: ( ب، ج، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، ع، غ، ڤ، ك، ق، نگ، م، ن، ل، ڵ)

ب/ نەبزوێنە کپەکان: ئەوانەن کە گۆ دەکرێن بەبێ لەرینەوەی ژێیە دەنگیەکان، وەکو: ( ك، پ، ش، ت، چ، س، ف، ه، ك).

ئەم پیتە نەبزوێنانە بەپێی هاتنە دەرەوەیان واتە دەربڕینیان لەدەمدا دەکرێن بەسێ بەشەوە:

ا- **نەبزوێنە تەقیوەکان:** explosive: دەرەکانی دەنگ لەکاتی دەربڕینی هەندێك لەم دەنگانە بەتەواوی دەگیرێن، بۆ وێنە لەدەربڕینی ئەم پیتانەی خوارەوەدا دەرەکانی دەم دەگیرێن:( ب، ت، پ، ك، گ، چ، ج، د، ق، ل، ڵ، ) دەنگی ئەم دەنگانە بەم شێوەیە پەیدا دەبێت: هەوای ناو دەم و زارمان دەگرین، ،ئینجا لەناکاو بەرەڵلای دەکەین کەبەرەڵاکرا دەنگەکە پەیدا دەبێت، بەڵام قەت ناتوانین دەنگەکە درێژ بکەینەوە، بەڵکو دەست بەجێ دەری دەبڕین و تەواو دەبن لەبەرئەوەی بەبێ یارمەتیدانی پیتە بزوێنەکان ناتوانین ئەم دەنگانە دەربڕین.

ب/ نەبزوێنە بەردەوامەکان: Fricatives: هەندێك نەبزوێن هەن لەکاتی دەربڕینیاندا دەرەکانی هەوا بەتەواوی ناگیرێن وەکو دەنگەکانی( ح، خ،ز،ژ،س، ر، ڕ، ه، ش، ،ع، ف، ڤ،....)، ئەگەر بمانەوێت یەك دەنگی لەم دەنگانە دەربڕین



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەچاكی ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت بەم شێوەیە: لێوی خوارەوەت لەسەر نووكی ددانەكانی سەرەوەت دابنێ‌و ،ئینجا دەست بكە بەفوكردن دەبینین دەنگێك پەیدا دەبێت (ف)ە، ئەم دەنگە لەگەڵ دانەوەی هەناسەدا دەبڕێتەوە.

٢- نەبزوێنە لەرەدارەكان: nasal: هەندێك نەبزوێن هەن وەك ئەوانی سەرەوە نین بۆ وێنە

هەردوو دەنگی (م، ن) لەدەربڕیندا بەتەواوی دەمو زار دادەخرێن ،ئینجا لەناكاو دەكرێتەوە ئەوەندە هەیە رێگەی لووت هەر بە كراوەیی دەمێنێتەوە، هەوا بەم رێگەیەوە دێتە دەرو لەگەڵ دەرچونیدا دەنگی ئەو دوو دەنگە پەیدا دەبن.

٣- پیتە بزوێنەكان Vawels: ئەو دەنگانەن كە دەتوانن سەربەخۆ و بێ خۆ ئەزیەتدان لەدەم دەریان بهێنین لەكاتی هێنانەدەر ودەربڕینیاندا ،هەموو دەرەكانی هەوا دەكرێنەوە، ئەگەر لەدەربڕینی دەنگەكانی( ا، و، ی) ووردبینەوە ئەوەمان بۆ دەدەكەوێت كە ،هەموو دەرەكانی هەوا دەكرێنەوە، ئەوەی سەرنج راكێشە ئەوەیە كە پیتی دەنگی بزوێن بەهیچ شێوەیەك لەسەرەتای بڕگەوە نایەت، دەنگە بزوێنەكان بەشێكی زۆر گرنگی زمانن،چونكە بەهۆی ئەوانەوە دەتوانین دەنگە نەبزوێنەكانیان پێدەربڕین.

## پیتە بزوێنەكان دوو بەشە:

ا- **دەنگە بزوێنە درێژەكان:** ئەمانە لەدەربڕیندا درێژن و مرۆڤ لەكاتی گوێ لێ بوونیدا بەتەواوی هەست بەدرێژیان دەكات و ئەمانە پێنچ جۆرن:

١-( ا ، ئا ، a ) ئەم بزوێنە دەكەوێتە ناوەندو دواوەی وشە ( كاروان ، سارا)، ئەگەر كەوتە پێشەوە ئەوا بەم شێوەیە دەنوسرێت ( ئا) كەلێرەدا ئەركی نەبزوێن و بزوێن دەبینێت لەیەك كاتدا (ئاشتی ، ئاوان)، وە لەوەڵامی پرسیاركردن یان (ئا) بەكار دێت بۆ سەلماندنی وە بەلاتینی ( a) دەنوسرێت، وە ئەگەر وەڵامەكە نەسەلماندن بوو ( نەو)دەگوترێت دەبینین هەمزەكە كەوتۆتە دواوە بەلاتینی ( n e) دەنوسرێت.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٢-(u ، وو، ئـوو) ئەگـەر تەماشـای نوسـینەکەی بکـەین دەبیـنین بـەدوو (و) نووسـراوە، بـەڵام لەراسـتیدا خـۆی یـەك دەنگـە، بـەڵام گوێـچکەی مـرۆڤ هەسـت بەدرێژی دەکات وەکو: دوور،بوو.

ئەگـەر(وو) کەوتـە پـێش وشـەوە بـەلفبێی عـەرەبی ئـەوا بەیـەك(و) دەنوسـرێت بەئەلفبێی عەرەبی، چونکە بزوێن لەسەرەتای وشەو بڕگەوە نایەت.

٣-( ای، یی) شیر ، تیر ، سیر ، کانی.

٤-(ێ) وەك، ئێمە، پێرێ.

## ب- دەنگە بزوێنە کورتەکان:

ئەم دەنگانە لەکاتی دەربڕینیاندا کورتن مرۆڤ لەکاتی گوێ لێ بوونیدا بەتەواوی هەست بەکورتییان دەکات و ژمارەیان سێ دانەیە:

١- ( ە،ئە ) دەنگەکەی لەشێوەی سەداری (فتحە) عەرەبیدایە وەکو:سە، بە، تە بەد ، سەر ، وەرە ، شەو .

٢-( و ): دەنگەکـەی لەشـێوەی بـۆری(چـمە) ی عەرەبیدایـە، وەکـو : کـوڕ ،چونکە ، کورد ، گوڵ .

٣-بزرۆکە(i) ژێرێکی زۆر کورتە لەنوسینی کوردی بەئەلفبێی عەرەبدا وێنەی بۆ دانـەنراوە، بـەڵام لەنوسـینی کـوردی بەئـەلفبێی لاتینـی هێمـای (i) بـۆ دانـراوە، وەکـو: بـردن brdin، مـردن mirdin ، خـستن xstin، جیـاوازی لەنێوان نەبزوێن و بزوێنەکان

١-لەدروست کردنی نەبزوێنەکانـدا هـەوا لەسییەکانەوە دێتـە دەرو ئەندامـەکانی ناو دەم ڕێگەیان لێ دەگرن، وەکو (پ، ڤ) بەڵام لەبزوێنەکاندا ئەندامەکانی ناو دەم ڕێگەیان لێ ناگرن.

٢-لەبڕگـەدا بـزوێن دەچـێتە ناوەڕاسـت و کۆتـایی وەکـو( دەسـت، تـرێ) بـەڵام نەبزوێنەکان هەمیشە سنورەکانی دەگرێت.

٣- دوو بزوێن بەدواییەکدا نایەت،بەڵام نەبزوێنەکان دێن



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٤- بزوێن مەرجی دروستکردنی بڕگەیە

٥- بزوێنەکان کەم و چالاکن، بەڵام نەبزوێنەکان زۆرن و کەمتر چالاکن.

## چۆنیەتی وتنەوەی پیتی بزوێن

مامۆستای ئەلفبێی کوردی لەکاتی فێرکردنی منداڵاندا دەبێت زۆر ئاگای لەپیتە بزوێنەکان بێت بەهەردوو جۆری درێژو کورتیانەوە. بۆچی مامۆستا دەبێت زۆر درێژە بدات بەدەنگی پیتە بزوێنە درێژەکان؟

واتە درێژیان بکاتەوە وەکو چۆن یەکێك بانگی یەکێکی تر دەکات بۆ وێنە (داا، رااا) یان (زۆۆۆ، رااب) درێژەدان بەدەنگی پیتە بزوێنەکان دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی دەنگی (ا) ئای درێژ لە(ە) ئەی کورت، واتە ئەگەر مامۆستا دەنگەکانی (ئا، یی، ئوو)ی درێژی خستە سەر شەپۆلی درێژ دەبێت دەنگەکانی(ئا، ی، ئو)ی کورت بخاتە سەرشەپۆلی کورت. بەم جۆرە مامۆستای ئەلفبێ دەتوانێت جیاوازی بخاتە نێوان دەنگی بزوێنە درێژەکان و کورتەکانهەر لەسەرەتاوەو بەهۆی دەنگەوە سەرەڕای ئەمەش لەدرێژە پێدانی بزوێنەکان سودێکی تریش وەردەگرن ئەویش ئەوەیە دەتوانین دەنگی پیتە نەبزوێنەکان کە لەدوای ئەم بزوێنانەوە دێن بە تەواوی‌و ڕێکوپێکی بخەینە ناو گوێچکەی منداڵان. بۆ وێنە ئەگەر بمانەوێت پیتی نەبزوێنی (ر) فێری منداڵ بکەین دەبێت ئەم پیتە لەوشەیەکی وادابێت کە بکەوێتە دوای بزوێنێکی درێژی وەکو(ا، ۆ، وو) بۆ نمونە لەوشەی (زار) دا ،ئینجا دەبێت درێژە بدەین بەپیتە بزوێنەکە وە بڵێین(زااار) منداڵەکە چاوەڕوانی پیتی(ر) دەکات کە(ر) بەم هۆیەوە دەتوانین دەنگی پیتی(ر) بەتەواوی لەمێشکی منداڵاندا بچەسپێنن کەواتە ئەو وشانەی کە دەکرێن بەنمونە بۆ وتنەوەی پیتی نوێ دەبێت و وشەی وابن کە پیتی بزوێنی درێژیان تێدا بێت، ئەو وشانەی پیتی بزوێنی کورتیان تێدا بخرێتە کۆتایی کتێبەکەوە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**گفتوگۆ:** بریتیە لە دوان و خستنەرووی بیروڕای خود لەسەر باس و تەوەرێکی دیاری کراو لەگەڵ بەرامبەردا.

مەبەست لە کفتوگۆ: ڕاهێنانی قوتابیانە بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەیەکی رەوان و ئاشکرا بیروباوەری خۆیان دەربڕن ئەم دەربڕینەش بەزار دەبێت، یاخود دروستکردنی متمانەیە لەلای خوێندکارو ئامادەکردنی بۆ وەلأمدانەوەی پرسیارەکان.

دەربڕینی زاری لای پسپۆران وشارەزایانی پەروەردە و زمان زۆر گرنگە چونکە بناغەیەکی سەرەکییە بۆ فێربوونی خوێندکارو بەهێز کردنی توانای.ئامانج چییە لە گفتوگۆ؟

راهێنان وبەهێز کردنی بیروراو گوزارشتی خوێندکارە، یان راهێنانی خوێندکارە تا توانای ئەوەی تێدا پەرەبسێنێت کە بتوانن ئەو زانیاریو زانستانەی کە فێری بووە لەمەوپێش وەکو لەمەودوا فێری دەبێت بەراست و رەوانی دەری ببڕێت بەبێ دوو دڵی و سەر لێشێوان. لەدەربڕینی زاریدا خوێندکار سەربەستە بە ئارەزووی خۆی لەبابەتەکە بدوێت ئەگەر ئەو بابەتەی داوای لێ کراوە لەگەڵ ئاستیدا بێت زیاتر هەست و دەروونی خوێندکارەکە دەبزوێت لەگەڵیدا دەگونجێت پێویستە مامۆستا لەکاتی گفتوگۆ کردنی خوێندکارەکەدا پێی نەبرێت ،چونکە بە شتێکی ناپەسەند و ناپەروەردە دەژمێرێت، دەربڕینەکە لەهەست و نەستی ناو دەروونییەوە هەڵدەقوڵێت تا قوتابییەکە سارد نەبێتەوە وە ئەو بەهرە هەستەی کە هەیەتی نەخنکێنرێت.

گەورەترین ئەرکی سەرشانی مامۆستای گفتوگۆ، گرنگی دانە بەوشە؟ ،چونکە وشە بناغەی زمان و ئامرازی گفتوگۆیە.

ئەرستۆ دەڵێ: وشە بناغەی ئاخاوتنە، بزوتنەوەیەکی دەنگییە، بزوتنەوەیەکی عەقڵیو هۆشمەندیە، وشە رەمزێکە بۆ واتای شتێك، یاخود بیرۆکەیەك، بۆدەنگی دەروونی ئادمیزادە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

یان وشه: ئاكامی تاقیكردنەوەكانی مرۆڤه .

مایكۆفسكی دەڵێ: وشه سەركردەی هێزی مرۆڤایەتی دەكات و هۆشمەندیەو وشه شەر دەكات.

بۆچی پرسیارو گفتوگۆ لەقۆناغەكانی خوێندندا دروست نابێت؟

١- قوتابی ترسێنراوه، یان فێری شەرم بووه

٢- ترسان له هەڵەی پرسیار، یان وەلأمەكەی

٣-متمانه به خۆ نەبوون

٤-دەرفەت نەدان بەدەربرینی بیرورا له سالأنی پێشتردا.

گفتوگۆ هەر چەنده دوا مەبەستی وتنەوەی زمانه لەهەمان كاتیشدا دەبێته هۆی هێنانەدی چەند سودێكی پەروەردەیی وەك:

١-خوێندكار پەروەرده دەبێت لەسەر بناغەیەكی وا كه تواناى دەربڕین و بەكارهێنانی گوزارشتی گەشه بكات.

٢-شارەزایی لەزمانەكەدا پەیدا دەكات.

٣-توانای بیركردنەوه و لێكدانەوەی بەهێز دەبێت.

٤-كەسێتی خوێندكارەكه پتەو دەبێت بەشێوەیەكی وا كه بروای بەخۆی هەبێت لەژیاندا بۆ جێبەجێكردنی تەنگ و چەڵەمەو كۆسپی نابەجێ.

٥-رادەی تێبینیو بیرتیژیو بۆچوونی بۆ لێكدانەوەو شیكردنەوه.

٦-توانای وەلأم دانەوەی بەخێرایی تێدا پەیدا دەبێت.

٧-چەشەی ئەدەبی زیاد دەكات بۆ هەڵسەنگاندن و وەرگرتنی بابەتی پر واتاو بەنرخ.

٨-توانای دواندنی تێدا پەیدا دەبێت بەبێ ئەوەی شەرم بكات یان بشڵەژێت له كاتێكدا بیەوێت لەناو كۆمەڵێكدا وتارێك بخوینێتەوه.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٩-هانی ئەو خوێندکارانە دەدات کە ئاستیان نزمەو لەپۆلدا دوورە پەرێزو کەنارگیرن لەکاتی باس کردنی ئەم وانەیەداو ئاراستە کردنی پرسیار بۆیان وایان لێدەکات بکەونە جموجوڵ و بیرکردنەوەو هاوبەشی.

١٠-فێری راستیو راستگۆییان دەکات و گیانی رەخنەگرتنیان تێدا چەکەرە دەکات.

## رێگاکانی وتنەوەی گفتۆگۆ :

ئەو رێگایانەی زانایانی پەروەردە دەست نیشانیان کردووە بۆ وتنەوەی وانەی گفتوگۆ تاتوانای خوێندکار بەهێز بێت و زمان پاراو پوخت بێت ئەمانەن:

١-باسێك هەڵدەبژێرێت و دەبێتە تەوەر بەمەرجێك لەگەڵ ئاست وتوانای خوێندکاردا بگونجێت

٢-گەر خویندکار زانیاری لەسەر نەبوو،مامۆستا کورتەیێکی لەبارەی بابەتەکەوە دەخاتە روو، بەمەبەستی ناساندێکی گشتی بابتی تەوەرەکە بە خوێندکار، تاوەکو خوێندکار لەم رێگەیەوە بکەوێتە وتووێژ.

٣- پاشان چەند پرسیارێك لەلایەن مامۆستاوە دەخرێتە روو، یان لەسەر تەختە رەش دەنوسرێت، یاخود پرسیار لە خویندکار وەربگیرێت.

٤-وەلامی ئەو پرسیارانە دەدرێتەوە کە نووسراون، یەکەمجار بەوەرگرتنی، هەموو بیروراکان( لاواز، بەهێز، هەڵە) بەمەبەستی کەمەرکێشکردنی خوێندکار بۆ ناو گفتوگۆ.

ئەمە وەك هەنگاوی سەرەتای دەسپێکردنی گفتوگۆ.

٥-پاش برینی چەند وانەیەك بەم (٤) هەنگاوەی سەرەوە، دەبێت مامۆستا تەوەرەکان دیاری بکات و ئیتر خوێندکار پرسیار دروست بکات، لەهەمان کاتیشدا هەوڵ بدات وەلامی پرسیارەکان لەخوێندکاران وەربگرێت ، پاشان مامۆستا بیروراى خۆی لەسەر پرسیارو وەلامەکان بدات.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چەند ئامۆژگارییەك بۆ مامۆستای گفتوگۆ

١-دەبێت ژمارەی قوتابییەکان لەپۆلدا زۆر نەبێت، هەتا ،هەموو بەشداری گفتوگۆکە بکەن.

٢-ئەگەر هەندێك لەقوتابییەکان شێوەی ئاخاوتنیان جیا بوو دەبێت مامۆستا بچێتە ئاستیانەوەو هانیان بدات وەك پەیرەوی قوتابخانە گفتوگۆ بکەن.

٣-ئەو بابەتانەی دەبنە گفتوگۆ نابێت لەشوێنەرانی قوتابی بەدەربێت.

٤-دەبێت بابەتەکان پەیوەندییان بەئارەزووی قوتابیانەوە هەبێت و پێویستیەکانی ئەوان جێبەجێ بکات.

٥-هاندانی ئەو قوتابیانەکە گۆشەگیرو ترسنۆك و شەرمن و باوەریان بەخۆیان نییە گفتوگۆ دەرمانی تاکە چارەسەری ئەو دەردانەیە.

٦-مامۆستا نابێت گفتوگۆی قوتابی ببڕێت ،چونکە کە قوتابی کەوتە گفتوگۆ کردن هەست وبیروباوەری خۆی دەردەبرێت تەنیا ئەو شوێنانە نەبێت کە قوتابی هەڵەی گەورە دەکات.

بۆ ئەوەی مامۆستا قوتابیەکان بخاتە سەر گفتوگۆ پێویستە:-

١-مێشکی قوتابیان بۆ ئەو باسە ئامادە بکات.

٢-دەبێت وشەی جوانی پێ لەبەر کردبن

٣-شێوازی پرسیار کردنیان فێر بکات.

## لەبەرکردن Recikaloin:

بریتیە لە لەبەرکردنی دەقێك وەك خۆی یان لەبەرکردنی چەند پارچەیەك لەمێشکدا بەبێ زیادو کەم، بەبێ ئەوەی تەماشای هیچ نوسراوێك بکات بیڵێتەوە.

لەبەرکردن لقێکی بایەخداری فێربوون و فێرکردنی زمانە، بەتاقیکردنەوە دەرکەوتوە ئەوەی پارچە هۆنراوەو پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی هەر زمانێك لەبەر بکات ئەو کەسە هەست ناسك و سۆزی نەتەوەیی لا بەتینترە، هەروەها چێژی ئەدەبی و هونەری تێدا پەروەردە دەبێت، مەبەست لە لەبەرکردن



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەتایبـەتی لەقوتابخانـەدا پـەروەردەكردنی نـەوەی دوا رۆژی گەلـە ،چـونكە بـە لەبـەركردن نـەوەكانمان بەشـتی خۆمـاڵی و پەنـد و دیمەنـە رەنگـاوە رەنگـەكانی ئـەدەب و هونـەری كـوردی رادێـن و ئـەو وەختـەش شـانازی بـەخۆیان و نەتەوەكەیانـەوە دەكـەن و دیـارە منـداڵ بەخۆرسـكی خـۆی تواناییـەكی نـەكراوەی جوانناسی و ئەڤینی سروشـتی تیایە كەچاوی كرایـەوە پـێ بەندی چاولێكەری لاسایی كردنەوەی سروشت و دەوروبەری دەبێت ئیتر كەڵكەڵەی گۆرانی وتن و ئاوازو سـرود دەبنـە مـاخۆلانی نـاو هەسـت و دەروونـی لێرەدا كـاری قوتابخانـە ئەوەیـە ئـەو وزەیـە كەلەمنداڵانـدا هەیـە گەشـەی پـێ بكـات زۆربـەی منـداڵان، كـە گۆرانی یـەك دەڵێن یـان سـرودێك لەبەردەكـەن لەوانەیـە ماناكـەی نـەزانن كەچـی چێژێكی زۆر لەوتن و مۆسیقاو ئاوازەكە وەربگرن ئەمە بەڵگەی ئەوەیە كەمنداڵ ئارەزوییەكی ئەوتۆی تیایە كەببێتە بنیاتنانی چێژی ئەدەب و هونەر.

١-دەبێت پارچە نوسینەكە وشە بەوشە رستە بەرستە بخوێنێتەوەو لەسەریان بوەستێ.

٢-دەبێت خوێندنەوەی وشەكان لەسەریەك ئاوازبێت

٣-نابێ مامۆستا زۆر بجوڵێ، چونكە زەین و هۆشیان بڵاو دەبێتەوە.

٤-مەبەست لەلەبەركردن هەستكردن بەپێویستی ئەو شتەی كەلەبەر دەكرێت.

شێوازەكانی لەبەركردن : شێوازی دەرخ :

بریتیـە لەلەبـەركردنی دەقێك وەك خـۆی بـەبێ كـەموكورتی لەمێشكدا بۆ ماوەیـەكی دیاریكراو.

شـێوازی تێگەیـشتن: بریتیـە لەلەبـەركردنی واتـاو چـەمكی بابەتەكـە و دارشـتنەوەی لەلایەن خودی خوێندكارەوە، بەڵام ئەوەنـدە هەیـە كەشـێوازی تێگەیـشتن پێگەیـەكی رۆشـنبیری لـەلای خوێنـدكار دروسـت دەكـات و دەبێتـە هـۆی دروسـتكردن و پێگەیاندنی،چـونكە ئـەو شـتانەی كـە وەریـان دەگرێـت و بـەردەوام لـەلای خوێنـدكار دەمێنێتەوەو دەبێتە بەشێك لەپێداویستیە كارەكیانی ژیانی.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## سودی لەبەرکردن

١- قوتابیان لەسەر لەبەرکردن و بەبیرهاتنەوە رادێن.

٢- قوتابیـان سـود لـەواتای ئـەو پارچـە ئەدەبیانـە وەردەگـرن کەلەبـەریان دەکـەن، هەروەها لەبـەرکردنی پارچـەی ئـەدەبی کـار دەکاتـە سـەر خوڕەوشـتی قوتابیـان و هەستی نیشتمانپەرەوەریان زیاد دەکات.

٣- لەبـەرکردن یارمـەتی قوتابیـان دەدات بـۆ ئـەوەی بەشـێوەیەکی کاریگـەرو رەوان پارچـە نوسـینەکە بخوێنـەوە، ئەمـەش یارمـەتی قوتـابی دەدات بـۆ فێربـوونی خوێندنەوەی رەوان لە،هەموو وانەیەکدا.

٤- بەرینکردنی جیهانی ئەندێشەو رازانەوەی بەو دیمەنە هونەریە رەنگاو رەنگانە کەلەناو سروەکاندا هەن.

٥- پەرەسەندنی سامانی زمان و پێشخستنی.

٦- بەهۆی پەندو ئامۆژگارییەکانی ناو سرودەکانەوە منداڵان فێری رەوشت پاکی و ویژدان پاکژی دەبێت و مێشکیان زاخاو دەدرێت.

## ( جۆرەکانی لەبەرکردن )

١– لەبەرکردنی راستەوخۆ ئەو جۆرەیە کەراستەوخۆ لەرێگەی گوێگرتن و زۆر دوبارەکردنـەوە، لـەو کاتـەدا لەبـەردەکرێت ئـەو جـۆرەش زیـاتر بـۆ منـداڵ و خوێندکاری قوناغی یەکەم و دووەم بەکاردێت.

٢– لەبەرکردنی ناڕاستەوخۆ ئەو جۆرە لەبەرکردنەیەکە کەخوێندکار بەپێی کات و گونجانی خۆی لەبەری دەکات.

- جیاوازی لەنێوان لەبەرکردنی راستەوخۆو لەبەرکردنی ناڕاستەوخۆ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

١- سـرود لەبـەرکردنێکی راسـتەوخۆیە ،چـونکە قوتـابی بەشـێوەیەکی ڕاستەوخۆ پـێش ئـەوەی فێری نوسـین و خوێندنـەوە ببـێ سرود لەبـەر دەکات بەڵام ناڕاستەوخۆ وا نییە.

٢- لەڕووی ناوەڕۆکەوە زۆربەی سرودەکان نیشتمانپەروەری و نەتەوایـەتی و کوردایـەتی لەمێـشکی قوتابیانـدا جـێگیر دەکـات بـەڵام لەبەرکـدنی ناڕاستەوخۆ مەبەستی پەروەردەکردنی خوڕەوشت و خۆشەویستکردنی ئەدەبە.

٣- لـەڕووی روخـسارەوە سـرود ،هـەمووی هەڵبەسـتی سـووک و جـوان و نایابـە، بـەڵام لەبـەرکردنی ناڕاسـتەوخۆ هـۆنراوە یـا چیرۆکی کـورت یـا پەندی پێشینانە..

٤- بەزۆری سرود لەپۆلی یەکەم و دووەم و سێیەمدا فێردەکرێن ،چونکە لـەم پۆلانەدا قوتابی هێشتا بەتەواوی فێری خوێندنەوەو نوسین نەبووە بەڵام لەبەرکردنی ناڕاستەوخۆ لەدوای فێربوونی نوسین و خوێندنەوە دەبێت.

٥- لەبـەرکردنی سـرود زیـاتر پـشت بـەئاواز مۆسـیقا دەبەسـتێ بـەڵام لەبەرکردنی ناڕاستەوخۆ نییە.

## ڕێگەکانی لەبەرکردن

ئەو دەقانەی کەلەبەردەکرێن چ هۆنراوە بن چ پەخشان بەم ڕێگایانـەی خوارەوە لەبەر دەکرێن:

### ١/ ڕێگەی گشتی:

بریتیـە لـە لەبـەرکردنی دەقـی ئـەو پارچـەیە کـە مەبەسـتە لەبـەر بکـرێ، واتـە ،هـەمووی بـەتێکرایی لەسـەرەوە بـۆ خـوارەوە دەخوێندرێتـەوە، ماناکـەی لێـک دەدرێتـەوە ئـەوجا قوتـابی کۆشـش دەکـات ،هـەمووی بـەجارێ لەبـەر دەکـات زانایانی سایکۆلۆژی ئەم ڕێگایەیان لا پەسەندە ،چونکە:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

أ – پارچە لەبەرکراوەکە وەك زنجیرەیەکی نەپساو دەمێنێتەوە و پارچە پارچە نابیٚ.

ب – هەر دێڕێك بابەتێك لەپارچەکان بەشی خۆی لەخوێندنەوە لەبەرکردن وەردەگرێت.

ج– زەینی قوتابیان بەبیٚ زیادو کەم بەسەر سەرجەمی مانای پارچەکەدا دابەش دەبێت.

## ٢- ڕێگەی دابەشبوون :

ئەگەر پارچە لەبەرکراوەکە درێژبوو ئەو کاتە پارچەکە بەپێی دیمەنەکانی ناوەوەی یان روخساری دەرەوەی دەکرێت بەچەند بەشێکەوە ئیتر بەش بەش لەسەرەوە بۆ خوارەوە لەبەر دەکریٚ. هەرچەندە زانایان ئەم ڕێگەیە بەپەسەند دەزانن بەلاٚم لەگەلٚ ئەوەشدا ئەم سودانەشی تیایە:

أ – قوتابی هەر بەشێك لەبەر دەکات ئارەزوی بۆ بە شەکەی تر نویٚ دەبێتەوە.

ب –باشترین ڕێگەی لەبەرکردنە بۆ قوتابی تەوەزل و بیٚ هێز.

ج– قوتابی لەوەرەس بوون و هەراسانی دوردەخاتەوە.

## ٣/ ڕێگەی ئاوێتەبوونی هەر دوو ڕێگەکە :

بۆ لەبەرکردنی دەقێك مامۆستا دەتوانیٚ قوتابییەکان فێری بەکارهێنانی هەردوو ڕێگەکە بکات واتە دەقەکە دەکرێت بەچەند بەشێکی سەرەکییەوە قوتابی گشت بەشەکان بەسەریەکەوە لەبەرناکات بەڵکو یەکەم جار بەشی یەکەم لەبەر دەکات ئەوجا دەچێتە سەر بەشی دووەم و سێیەم..پاش لەبەرکردنی ،هەموو بەشەکانی ئەوجا لەسەرەوە تا خوارەوە چەند جارێك لەبەر پارچەکە دەخوێنێتەوەو، هەمووی پێکەوە دەنوسیٚ... ئەم ڕێگەیە چاکەکانی ڕێگەی گشتی و ڕێگەی دابەشبوون کۆ دەکاتەوە.

## ٤- ڕێگەی لەبەرکردنی کاتی :



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مەبەست لەدابەشكردنی كاتی لەبەركردنە كەبەكاتێك دەمانەوێت پارچە هۆنراوەیەك لەبەر بكەین، رۆژی جارێك دەیخوێنینەوە هەتا ،هەمووی لەبەر بكەین.. بەڵام بەو مەرجەی ماوەی پشودان لەنێوان دوو خوێندنەوەدا نەگاتە سێ رۆژ.

ئەم رێگەیە بۆ هۆش و مێشك ئاسانە ،چونكە لەماوەی پشوودانادا هۆشی قوتابی دەحەسێتەوە.

## ٥- رێگەی سرینەوە:

بریتیە لەنوسینەوەو خوێندنەوەی پارچەكە لەسەر تەختە. دوای خوێندنەوە و راڤەكردن مانای گشتی رستەو وشەكان مامۆستا وردە وردە دەست بەسرینەوەی دێربەدێری پارچەكە دەكات و داوا لەقوتابیەكان دەكات پارچەكە لەگەڵ سراوەكەدا بخوێننەوە تا وردە وردە ،هەموو پارچەكە دەسرێتەوە ئەوانیش بەفەرمانی زۆر خوێندنەوە دووپاتكردنەوە لەبەری دەكەن.

## رێگەی سرینەوە بەدوو جۆر دەبێت:

١- سڕینەوەی ناو بەناوی وشە و رستەكان وەك لەخوارەوە دەردەكەوێ:

هەڵسە لەخەو ئەی لاوی كورد

تێبكۆشە بەدەست و .....

..... ئەكا دایكی وەتەن واگیانت ئەدا پیایا بگەن

٢- سرینەوەی نیو لەدێر لەدێرێكدا یەكەم یان دووەم، وەك لەم نمونانەدا دەردەكەوێ:

..........................

تێبكۆشە بەدەست و برد.

هاوار نەكا دایكی وەتەن



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

.........................

ئەو هۆیانەی کەیارمەتی لەبەرکردن دەدەن:-

١- تێگەیشتن و زانینی واتای ئەو هۆناوەیە یان پەخشانە ،چونکە زانینی واتا لەبەرکردن ئاسان دەکات.

٢- دوبارەکردنەوەی هۆنراوەکە.

٣- هۆنراوەکە لەگەڵ حەزو خواستی خوێندکاردا بگونجێت.

## نوسین

بریتیە لەو هەوڵەی کەمرۆڤ داویەتی بۆ تۆمارکردنی ئاخاوتن

بریتیە لەنەخشەکێشانی پیتەکان بۆ دەنگەکانیان (دەنگ + واتا + تیشك)

هەرچەند دیاریکردنی سەرەتای پەیدابوونی ئاخاوتن شتێکی وا ئاسان نییە ( لێرەدا پێویست ناکات بچینە گێژاوی ئەم باسەرە) لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین، کەمرۆڤ لەسەرەتاوە زمانی زانیوەو بەکاری هێناوە، پاش ماوەیەکی زۆر پێداویستی ژیان وای لێکردووە بەرە بەرە دەست بکات بەداهێنانی نوسین، واتە ( زمانی ئاخاوتن زۆر لەنوسین کۆنترە) ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کەنوسین پاش ئاخاوتن هاتە کایەوە، هەر لەسەرەتاوە مرۆڤ هەوڵی داوە ئەو دەسکەوتە (واتە نوسین) وەك کەرەسەیەکی تەواوکەری زمانی ئاخاوتن بخاتە روو بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش لەرووی مێژوییەوە بەچەند قۆناغێکدا هەنگاوی ناوە، تاوەکو گەیشتوەتە ئەم شێوە نوسینەی کەئەمرۆ لەبەردەستماندایە لەچەند شێوەیەکی ئەلفبێی جیاواز لەجیهاندا بەکاردەهێنرێت بۆ نمونە ئەلفبێی عەرەبی، لاتینی، سلاڤی، هێندی، بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانین سێ قۆناغی سەرەکی لەمێژووی نوسیندا دیاری بکەین بەم شێوەی خوارەوە:-



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**١- نوسینی وێنەیی( پکنوگرافی )** ئەم نوسینە بەیەکەم جۆری نوسین و کەمترین شێوەی نوسین دادەنرێت لەمێژووی مرۆڤدا، لەم قۆناغەدا واتا بەهۆی وێنەوە دەدەبرا، وێنەکەش راستەوخۆ واتای وەردەگرت لەم جۆرە نوسینەدا بۆ هەر رووداوێك وێنەیەك بەنەخشە دەكێشرا بۆ ئەوەی واتاو مەبەستی رووداوەکە رابگەیەنێت.

**ب- نوسینی بیری: (ئیدیۆگرافی)** دوابەدوای وێنەیی نوسینی بیری هاتە کایەوە لەم جۆرە نوسینەدا وێنەکە تەنیا تاقە هزرێك دەردەبڕێت یان بۆ یەك مەبەست، شت، بەکار دەهێنرێت واتە ئەو هزرەی رادەگەیەنرا کە لەمیشکی پەیدا بووە، واتە هەر وێنەیەك بۆ واتایەك بەکارهاتووە، هەر وێنەیەکیش بەرامبەر بەهزرێك رادەوەستێت.

**ج- هیرۆگلیف ( نوسینی پیرۆز)( هەڵکەنراوی پیرۆز) ( نەقشی رەبەن )**کونترین نوسینی میسریە کە دەگەرێتەوە بۆ(٢٥٠٠)ساڵ لەمەوبەر یەکەم کەس کەلەسەدەی(١٩)دا توانیبێتی پیتی ئەم نوسینانە بخوێنێتەوە (شامپۆلیۆن جان فرانسوا(١٧٩٠-١٨٣٢)ی خۆرهەلاتناسی فەرەنسی بوو

**٢- نوسینی وشەیی:**

لەم قۆناغەدا بۆ نوسینەوەی هەر وێنەیەك نیشانەیەك دانراوە، واتە لەم جۆرە نوسینەدا، پێویستە بۆ ،هەموو وشەکانی زمان نیشانەیەك دابنرێ، لەراستیدا نوسینی وشەیی بۆ مەبەستی زۆربوون یان فێکردنی زۆر گران دەبێت،چونکە هەر زمانێك ژمارەیەکی بێ سنور وشەی هەیە، لەبەر ئەوە ژمارەی وێنەکانیش زۆر دەبێت و ئامارژەی نیشانەکانیش زۆر دەبێت ماندوبونێکی زۆری دەوێت، ئەم جۆرە نوسینە لەنوسینی چینیدا بەکاردەهێنرێت.

**٤- نوسینی دەنگی ( فۆنەتیکی ):**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەم جۆرە نوسینەدا نیشانەکان راستەوخۆ واتا نابەخشن، بەڵکو نیشانەکان دەگۆڕێت بەدەنگ و ئەو دەنگانەش لێك دەدرێت.
(هەر زمانێکیش سیستەمی تایبەتی خۆی هەیە بۆ لێکدانی دەنگەکان) لەپاشان واتایان دەدرێتیٚ، ئەم قۆناغەش لەدوو شێوەی جیاوازدا بەرچاو دەکەوێت:

أ – **نوسینی برگەیی:** لەم جۆرە نوسینەدا برگەکان زمان وەردەگرن نیشانە بۆ ،هەموو برگەکانی زمان دادەنرێت، کەوابوو لەنوسینی برگەیدا ژمارەی نیشانەکان ئەوەندەی ژمارەی برگەکانی زمان دەبن، دیسانەوە لەم نوسینەدا تا رادەیەك نیشانەکانی زۆر دەبێت و بەپێی
برگەکانی ئەو زمانە دادەنرێت، نوسینی یابانی پەیڕەوی لەم جۆرە نوسینە دەکات و لەسەری دەڕوات.
ب – **نوسینی فۆنیمی:** لەم جۆرە نوسینەدا رێبازی بەکارهێنانی، ئەلفبێیی هاتەکایەوە، کە بۆ دانانی ئەلفبێی هەر زمانێك لەسەر بناغەی دەنگەکانی (فۆنیمەکانی) ئەو زمانە ساز دەکرێت، کەواتە پێویستە بۆ ،هەموو فۆنیمەکانی زمان نیشانە دابنرێت، بێگومان ژمارەی نیشانەکان (فۆنیمەکان، تیپەکان) لێرەدا کەمتر دەبێت لەنیشانەی جۆرەکانی تری نوسین، هەروەکو لەمەوبەر روونمان کردەوە، لەبەر ئەوە نوسینی فۆنیمی بۆ مەبەستی فێربوون و فێرکردن ئاسانتر دەبێت لەجۆرەکانی تری نوسین.

نوسین: بریتیە لەو هەوڵەی کەمرۆڤ داویەتی بۆ تۆمارکردنی ئاخاوتن ئاشکرایە زۆرینەی زمانەکانی جیهان ئەم جۆرە نوسینە بەکاردەهێنن، بەپێی ئەو (ئەلفبیٚ)یەی کە بۆ رێنوسی هەر زمانێك دیاریکراوەو لەسەری دەرۆن، هەروەها رێنوسی کوردی ئەمرۆش تارادەیەك لەسەر رێبازی فۆنیمی دەڕوات،چونکە هەر لەسەرەتاوە هەوڵی ئەوە دراوە کەژمارەی فۆنیمێك دابنرێت.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نوسین نەخشەکێشان و ڕێکخستنی ئەو پیتانەیە کە بۆ پیشاندانی ئەو دەنگانە دانراون کەدەکەونە بەرگوێی کە مرۆڤ بەمێشکیدا تێدەپەرێت.

نوسـین لقێکـە لەلقـەکانی فێربـوونی زمـان شانبەشـانی خوێندنـەوە دەڕوات،چونکە،هەموومان دەزانین خوێندنەوە بەبێ نوسین نابێت (نوسین گەلێ سـودی پـەروەردەیی و کۆمەلآیـەتی هەیـە کەبـەتێکڕایی دەتـوانین بـەم جـۆرەی خوارەوە بیخەینەڕوو:

١- نوسین یەکەم هۆیە بۆ بلآوکردنەوەی زانست و زانیاری ،چونکە ئەگەر نوسین نەبوایە لەجێگەی خۆیدا دەمایەوەو بلآو نەدەبووەوە.

٢- نوسین چەرخەکانی مێژووی ئادەمیزاد دیاری دەکات مێژووی مرۆڤایەتی لەگەڵ پەیدابوونی نوسین گۆرانێکی زۆری بەسەر داهات، سەردەمێکی دوورو درێژ ژیانی وئادەمیزاد بەچەرخەکانی پێش مێژوو ناسرابوو ،چونکە نوسین نەبووە، بەلآم بەپەیدابوونی نوسین ناوی پێش مێژوو نەما.

٣- نوسین وەکو خوێندنەوە وایە کەدەبێتە هۆی دەربڕینی هەستی ناو دڵی مرۆڤ ،هەروەها دە بێتە هۆی پەیدابوونی چەند خوڕەوشتێکی جوانی وەکو خۆشویستنی یاساو پاکو خاوێنی.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# چۆنیەتی وتنەوەی
# دەقە
# ئەدەبیە کوردییەکان

**دەقە ئەدەبیەکان:**

---

دەقی ئەدەبی، ئەو پارچە ئەدەبیە لە کەلەپووری ئەدەبیەوە، کۆن یان نوێ، هەڵدەبژێرێتو تامو چێژێکی هونەرییو تایبەتی تێدایە، بیرێکی تەواوو سەرلەبەر، یان چەندبیرێکی تێك بەستراوە، دەگرێتە خۆ و، بۆ قوتابیانیش سەرچاوەی چێژی ئەدەبیو هەڵێنجانی ئەحکامی ئەدەبیە.

وانەکانی دەقە ئەدەبیەکانیش، جۆرەها ئامانجو مەبەست بەدیدەهێنن بەتایبەتی لە پاککردنەوەو بێگەردکردنی دەروونو دروستکردنی کەسایەتیو ئاڕاستەکردنی ڕەوشتو ڕەفتاری مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی گشتی . دەقە ئەدەبیەکانیش، چونکە پڕ لەنرخو بەهای بەرزو تاقیکردنەوەی پاكو بێگەردو سوود بەخشو دەوڵەمەندی مرۆڤایەتی، ئەوتۆی خێرو پاکانە لە دەروونو ویژدانی قوتابیاندا دەڕوێننو هەستی ڕاستگۆییو دڵسۆزانەی نەتەوایەتیو نیشتیمان پەروەریتی لەدڵو مێشکیاندا بەهێز دەکەنو بەردەوام پەرەیان پێ دەدەن. ئەدەبی باشیش کاری قوڵدەکاتە سەر دەروونی خوێنەر، دەروونناسانیش ئەم ڕەنگەی بەرهەمی مرۆڤایەتیان بە گەورەترینو بەهێزتریندەسەڵاتی سەر دڵو دەروونو ویژدانو مێشکدا داناوە لەلای ئێمەدا، تاکو ئێستا ئامانجەکانی فێرکردن وتنەوەی بابەتی ئەدەبی کوردی، بەهەموو لقەکانیەوە ئامانجەکانی وتنەوەی دەقە ئەدەبیەکان، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، دەتوانین ئەم مەبەستو ئامانجانەی خوارەوە بخەینە ڕوو کە ڕەنگە بشێت بکرێن بەمەبەستو ئامانجەکانی وتنەوەی دەقە ئەدەبیە کوردییەکانو بەگوێرەی ( پلەی خوێندن) هەڵبژێرینو بژاربکرێنو هی تریش بخرێتە سەریان .

١. قوتابی لە دەربڕینی ئەدەبی بگاتو تێکەڵاوی بێتو فیکرو هەستەکانی ناو دەربڕینەکە، تێدا ڕەنگ بدەنەوە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٢. پەرە بەتوانای ڕاستو ڕەوان دەربڕینی قوتابی بداتوسامانی زمانەوانیو توانای ئەدەبیشی دەولەمەندو فراوانتر بکات.

٣. وا لە قوتابی بکات چێژ لە وێنە هونەرییەکانو مانا بەنرخو بەهاکانو دەربڕینو شێوازە بەرزەکانی ناو دەقە ئەدەبییەکە وەربگرێت.

٤. مێشکی قوتابی بە لەبەرکردنو بیرهاتنەوەو بۆ چوونو ئەندێشەی فراوانو هەلێنجانو هەلسەنگاندن ڕابهێنێت.

٥. دەروونو ویژدانی قوتابی بەمانا بەرزەکانو ڕەوشتو بەها جوانەکانی ناو دەقە ئەدەبیەکان تێرو تەسەل بکات.

٦. پەرە بەتوانای قوتابی بدات لە ڕووی شیکردنەوەوهەلسەنگاندنی دەقە ئەدەبییەکانەوە.

٧. وا لەقوتابی بکات، ئەدەبی لاخۆش بێتو، بەردەوام بە پەرۆشی پتر خوێندنەوەو زیاتر لەبەر کردنی بێت.

## هەلبژاردنی دەقە ئەدەبییەکان :

××××××××××××××××××××××

بۆئەوەی وانەی دەقە ئەدەبییەکان، ئامانجەکانی باسکران بەدیبهێنێت ،دەبێت دەقی باش هەلبژێرێتو لە هەلبژاردنیشدا ، ئەم بنچینە بنەڕەتانەی خوارەوە ڕەچاو بکرێن.

١. دەقی هەلبژێراو، دەبێت لەئاستی مستەوای قوتابی بێت، هەر دەقێکیش، قوتابی بەزۆرتێی بگاتو نەشێ ناوەڕۆکەکەی باش شیبکاتەوەو، بۆی نەکرێ ئەنجامە گشتییەکان ڕاست هەلهێنجێت، ئەوە سوود بەخش نابێت.

٢. دەبێت دەقەکە بەسترابێتەوە بەبۆنەیەکی نیشتیمانی، یان نەتەوایەتی یان کۆمەلایەتی، ئەم تێگەیشتنەش سوودی زۆرە لەمانە.

أ) بەقوتابی ڕادەگەیەنێت کە ئەدەب پەیوەندی پتەوو بەهێزی بە ژیانەوە هەیەو ئاوێنەی ڕووداوەکانیەتیو وێنەی دەورو بەری دەکێشێت .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ب) وتنەوەو باسکردنی دەقەکە لە کاتی داهاتنی بۆنەی دانانی وا لەقوتابی دەکات بە پەرۆشی زانینی ڕووداوەکانی بێت‌و خۆی لەناو ڕووداوەکانی دەقەکەدا دەبینێتەوەو تێکەڵاویان دەبێت ،ئەمانەیش پتر قوتابی هان دەدەن‌و زیاتر پاڵی پێوە دەنێن، خێرا فێری ببێت‌و باش تێی بگات‌و چاك ناوەڕۆکەکەی‌و بیرە سەرکیە بنەڕەتەکانی شیبکاتەوەو هەڵیان بسەنگێنێت‌و لە ژیانی ڕۆژانەشی‌دا سوودیان لێ وەربگرێت.

٣. تا دەکرێت دەقی وا هەڵبژێرێت، شێوازو دەربڕینەکەی ئاسان بن‌و، ماناکەی ڕوون بێت‌و جوان وێنەی ڕووداوەکانی گرتبێت.

٤. با دەقەکە ئەوەندە درێژ بێت قوتابی لێی وەرزبێت، نە ئەوەندەش کورت بێت بیرە سەرەکییەکان بە دەستەوە نەدات‌و قوتابی ژێژو سوودی لێ وەرنەگرێت.

٥. چەند دەکرێت، با دەقە هەڵبژێردراوەکە هەمە جۆرو زۆر بێت مەبەست بێت.

٦. بادەقەکان تەنانەت بەهونەرەکانی شیعرەوە بەند نەبن، با هونەرەکانی پەخشانیان تێدابن.

٧. دەقی هەڵبژێراو لەو جۆرانە بێت پەرە بەئەقڵ بدات، ڕادەی شارەزایی قوتابی زیاد بکات‌و، دڵ‌و ویژدانی قوتابی پڕ بکات لە سۆزو هەستی بەنرخ‌و مرۆڤانە، گیانی ئازایەتی‌و هێزو بەجەرگی‌و پاڵوانێتی گەل‌و نەتەوەکەی تێکڕای مرۆڤایەتی، بپژێنێتە ناو دەروون‌و مێشکی قوتابی .

٨. ئەگەر جاربەجاریش، بەپێی پێویست، ئەوە هاتە گۆڕێ کە دوو پارچە لەهەمان بابەت هەڵبژێرێن، بۆئەوەی دەرفەتی بەراوردکردن بۆ قوتابی باو بکرێت‌و پەرە بەتوانای قوتابی بدرێت لە ڕێی هەڵسەنگاندنی بابەتەکەوە، ئەوە هەر قەیدی ناکات.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**ڕووکاری نوێ لە خوێندنی دەقەکاندا :-**

××××××××××××××××××××××××××

جاران گرنگی پێویست بەدەقی ئەدەبی نەدەدرا ئیستاش لەلایەن ئەو مامۆستایانەی توانای ڕاستو باش وتنەوەی دەقە ئەدەبیەکانیان نییەو، هەست بە سوودەکانی ناکەن، هەر وایە .

دەقی ئەدەبی زۆر وشك دەخرایە ڕوو، سووكو ساكارو خێراش ماناکەی شیدەکرایەوەو گرینگی بە تێکرا ڕووداوو هەڵوێستە وردو درشتەکانی ناو دەقەکە نەدەدران، وەك پەراوێزیش سەیری هەڵسەنگاندنیو هەڵهێنجانی ئەحکامو ئەحامە گشتیەکانی دەکرا، هیچ جۆرە پەیوەندیەکیش نەبوو لە نێوان دەقەکەو بۆنەی دانانیو ئەو ڕووداوانەی پاڵیان بە ئەدیب ناوە بیهونێتەوە یان بینوسێت.قوتابیش تەنها ئەوەی لەسەر بوو دەقەکە لەبەر بکاتو لەپێش مامۆستا دووبارەی بکاتەوە.

لەوانەکانی مێژووی ئەدەبیشدا، دەق پاشکۆی دەخراو تەنیا گرنگی بە ڕووداوو ڕاستیە مێژووییەکان دەدرا ،کە بەندبوون بە سروشتی سەردەمو ژیانی ئەدیبو ڕواڵەتی هونەرییەکانی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەش لەمان بەدەرنەبوون ئەمانەش هەموویان ، وایان لەقوتابی نەدەکرد ، چێژ وەربگرێتو باش لە دەقەکە بگاتو توانای شیکردنەوەو هەڵسەنگاندی هەبێت.

بەڵام ڕووکاری نوێی خوێندنو ووتنەوەی دەقە ئەدەبیەکان ، وا دەڕوانێتە دەقی ئەدەبی کە بازنەی خوێندنی ئەدەبو بنچینەیی لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبییە.ئەمەیش وا دەگەیەنێت کە مێژووی ئەدەب سەربە ئەدەب بێتو لەو هەڵێنجراو بێت، واتە دەبێت لە دەقەکان خۆیان، بکۆڵرێتەوەو لە ئەنجامدا ئەحکامە ئەدەبیەکان هەڵهێنجرێن، بەمەش دەق لە خزمەتی مێژووی ئەدەبدا دەبێت، نەك بە پێچەوانە، ئەم ڕووکارەش پەرە بە توانای قوتابیان دەدات لە ڕێی تێگەیشتنو شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنو هەڵێنجانی ئەحکامو ئەنجامە گشتییەکان لەتەك وەرگرتنی چێژە هونەرییەکانەوە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## هەنگاوەکانی وتنەوەی دەقە ئەدەبیە کوردییەکان:-

××××××××××××××××××××××××××××××××××××

زۆر ڕێگەو هەنگاو هەن بەگوێرەیانەوە دەقە ئەدەبییەکان دەوترێنەوە، ئێمە بەکارهێنانی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بە پەسەند دەزانین :

١. پێناسی خاوەن دەقەکە :- لە دایکبوونی‌و چۆنیەتی پێگەیشتنی ژینگەکەی،ڕۆشنبیرییەکەی، دیارترین مەبەستەکانی شیعری‌و بەرهەمە ئەدەبییەکانی، بەو ڕادەیەی دەقە ڕوون دەکەنەوە.

٢. کورتە پێشەکییەك بۆ چوونە ناو دەقەکە، بەباسکردنی بۆنەی دانان‌و ڕوونکردنەوەی ئەو هۆو بارودۆخانەی باڵیان ناوە دەقەکە بنوسیت‌و وێنەی باسەکەیان بۆ بگرێت‌وئەو بارو ڕووداوانەی پەیوەندییان بە بابەتەکەوە هەیە، بۆیان بگێڕێتەوە، بۆئەوەی ڕێگە لەبەردەم قوتابیان خۆش بکات‌و، وا حەزیان تێدا پەیدا بکات، بۆ زانینی ڕووداوەکان‌و بارو سەرنجی خاوەنەکە کە پڕۆشی بن.

٣. خوێندنەوەی دەقەکە خوێندنەوەیەکی نموونەیی‌و بەدەنگێکی بەرزو ڕوون لەلایەن مامۆستاوە.

٤. خوێندنەوەی دەقەکە، بەبێ دەنگی، لەلایەن قوتابییانەوە بۆئەوەی بەشێوەیەکی گشتی لەماناکەی بگەن‌و مەبەستە گشتییەکانی ئەدەبیەکەیان لەلادا ڕوون ببێتەوە.

٥. ئاڕاستەکردنی هەندێ پرسیاری ڕوون‌و ئاشکرا بەندبن بەمانا گشتییەکەیەوە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕادەی تێگەیشتنی قوتابیان‌و پەرە لادان لەسەر هەندێ ڕووی گشتی دەقەکە، بۆئەوەی قوتابیان بۆ زانینی تەواوی ناوەڕۆکەکە بورووژێنن.

٦. خوێندنوەی دەقەکە لەلایەن قوتابیان : چەند قوتابی یەك بەدەنگێکی بەرزو لەسەرخۆو ڕوونەوە لەسەر مامۆستاشە ئاگای لە چۆنێتی خوێندنەوەو ڕەچاوکردنی وەستان لە ئاست خاڵ‌و فاریزەو تەواو بوونی واتای ڕستەو هەتا بێت‌و یەکسەر هەڵەکانی قوتابیان ڕاست بکاتەوە بۆئەوەی لە مێشکیاندا نەچەسپێن‌و دووبارە نەبنەوە.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٧. دابەشکردنی تەختە بۆ دوو بەش یەکەمیان بۆ راڤە کردنو روونکردنەوەی مانای وشەکانو دووەمیشیان بۆ پەنجە ڕاکێشانو نووسینی بیرە سەرەکییەکانی دەقەکە.

٨. ڕاسپاردنی یەکێك لە قوتابیان بە خوێندنەوەی کۆپلە – پارچەی یەکەمی دەقەکە .

٩. مانادانەوەو ڕوونکردنەوەی واتای وشەی گرانو زاراوە زمانییەکانو نووسینیان لەسەر تەختە ( یان لەناو پەرتووکی قوتابیان بە گوێرەی پلەی خوێندن) لەسەر ملمۆستاشە ئاگای لەو ووشانە بێت کە بۆ هاو واتای وشە گرانەکان دێنێتەوە دەبێت پڕ بە پێستی واتاکەیانو مەبەستی ئەدیبەکەینو تەنیا ئەو وشانەش بداتەوە کە کلیلی ڕوونکردنەوەی واتای پارچەکەن.

**بۆ ڕوون کردنەوەی وشەی گرانیش زۆر شێوازهەن لەمانە :**

أ) پیشاندان :- واتە تێگەیاندنی ماناکە بە پیشاندانی شتەکە خۆی یان وێنەکەی یان وێنەیەکی نزیك لەئەو .

ب) هێنانەوەی هاوواتا.

ت) هێنانەوەی دژ واتا

ث) پێناسە دیاریکردنی مانای شتەکە بەهۆی ئەدگارەکانیەوە.

ج) لێکچوون.

ح) دەقەو دەقە خوێنراوەکانی پێشوو بۆئەوەی قوتابیان بەردەوام لەوێنەی گشتی ئەدەبی سەردەمەکە نزیك ببنەوە.

خ) هەڵسەنگاندنی دەقەکەو شوێنو نرخەکەی لەنێوان دەقەکانی ئەدیبو نێوان دەقە هاوچەشنەکانی تری هاو سەردەماو، پایەکەی لەکەلەپووری بنەڕەتی ئەدەبی کوردیدا، بەگشتی .

## نەخشەیەکی نموونەیی وتنەوەی دەقە ئەدەبیە کوردیەکان

| | | |
|---|---|---|
| ڕۆژ : | بابەت : | پۆلو لق : |
| مێژوو : | وانەی : | |

١. **ئامانجەکان:**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

أ) **گشتیەکان** : ( هەموویان دەنوسرێن – تەنیا لە نەخشەی یەکەمی سەرەتایی ساڵی خوێندندا لە دەفتەری نەخشەدا دەنووسرێن) .

ب) **تایبەتییەکان** : (ئەو ئامانجانەن کە مامۆستا لە ئامانجە گشتیەکانو لەبابەتە خۆی هەڵیان دەهێنجێت)وخاڵ خاڵ لە نەخشەی ڕۆژانەدا تۆمار دەکرێن.

٣. **هۆیەکانی فێرکردن** : ئەو هۆیە فێرکردنە( بیسترا – بینرا)انە تۆمار دەکرێن، کە مامۆستا دەتوانێت دەربارەی ئەدیبو دەقەکە ئامادەیان بکات.

٤. **هەنگاوەکانی وانەوتنەوە** : ئەو هەنگاوانەی باسمانکردنن زۆر بەکورتی و بەگوێرەی پلەی خوێندن تۆمار دەکرێن.

٥. **سەرنجەکانی مامۆستا** : ( پاش تەواوکردنی بابەتەکە، مامۆستا چ سەرنجێکی هەبێت دەربارەی بابەتەکەو، ئەو پرسیارەیان ئەو پرسیارانەی لێی کراونو گومانی هەیە لە وەڵامدانەوەیان، تاکۆی بابەتەکەی ڕوونکردۆتەوەو چی ماوە، ناوی ئەو قوتابیانەی ئامادەیان کردووەو ئەوانەی ئامادەیان نەکردووە، هەر سەرنجێکی تری هەبێت، تۆماریان دەکات) .

٦. **دیاریکردنی ئەرك لەناو پۆل بۆ قەتابیانی قۆناغی** (١-٢-٣) **و ئەرکی ماڵوە بۆ قوتابیانی سەروتر** .

ئەم نەخشەیە، نەخشەیەکی نموونەیی وتنەوەی وانەی دەقە ئەدەبییەکانە ،بەڵام تا چ ڕادەیەك مامۆستای زمانی کوردی پەیڕەوەی دەکاتو لەسەری دەڕوات، ئەوە بۆ مامۆستاکە خۆی .

١٠ ئاڕاستەکردنی لقە پرسیار دەربارەی پارچەکەی بەو مەرجەی تێکڕای پرسیارەکان مانای تەواوی پارچەکە بەدەستەوە بدەن.

١١ داڕشتنی مانای گشتی کۆیلە پارچەکە لەلایەن قوتابیانو بە یارمەتیدانی مامۆستا، داڕشتنێکی ڕێكو پێكو پوختو تێکبەستراو.

١٢ گفتوگۆکردنی لایەنە جوانکارییەکانی ناو پارچەکە، وەستان لەئاست ئەو وشوو ڕستە جوانانەی شێوازی بویژ دەردەبڕن، بۆئەوەی قوتابیان چێژێکی بەتامی ئەدەبی لێیان وەربگرن. هەروەها پەنجە ڕاکێشان بۆ وشەو ڕستەی بەهێزی بەکارهێنراو کە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تامێکی تایبەتیان بە پارچەکە داوەو چۆن بەگوێرەی هەڵوێستەکانی ناوپارچەکەدا ڕازانراونەتەوە. پێشخستنو دواخستنو ڕادەی کارکردنیان لە ئاڵۆزیو ڕوونی واتا. بەرچاو خستنی وێنەنرخ شناسییەکان ( بەکوێرەی پلەی خوێندن)و ۰۰۰۰تاد.

١٣ دەستکردن بە پارچەیەکی تری دەقەکەو ڕوونکردنەوەی هەروەك باسکران ،لەگەڵ گرنگیدان بەباش تێکبەستنەوەیاننی پاشان قوتابیان مانای گشتی پارچەکان، کورت دادەڕێژنەوەو مامۆستا پوختیان دەکاتەوە.

١٤ دیاریکردنی بیرە سەرەکییەکانی دەقەکە، بەکورتی لەلایەن قوتابیانو یارمەتیدانی مامۆستا .

١٥ هەڵێنجاندنی هەندێ ئەحکامو ئەنجام بە ڕێگەی ئەو پۆسیارانەی مامۆستا ئاڕاستەی قوتابیان دەکات.لەسەر مامۆستاشە بەتەنگ گەیشتنە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە بێت ( گشتیان، یان بەشێکیان).

أ) تا چ ڕادەیەك دیاردە ژینگە سروشتیەکان، یان کۆمەڵایەتیەکان ،یان وێنەکانی ژیانی ڕامیاریی تا، لە دەقەکەدا ڕەگدەدەنەوە.

ب) هەندێ ئەحکام دەربارەی ئەدیبەکە، سیماتەکانی ڕادەی دوورکەوتنەوەو نزیکبوونەوەی لە ئەدەبیاتی سەردەمیدا، ئایا سۆزو بیرە سەرەکییەکانی بەسەر گشت بەشەکانی دەقەکەدا دابەشکراون، یان تەنانەت، لە هەندێکیاندا بەرچاو دەکەون؟ ڕادەی کارلێکردنی نێوان سۆزو مانای ئەندێشەو....... تاد.

ت) هەندێ ئەدگاری هونەریی دەقەکەو ڕادەی ڕەنگدانەوەیان لە کەسایەتی نووسەرو ناخ وگیانی سەدەمدا.

ث) هەندێ ئەحکام دەربارەی سەردەمەکەو ڕووکارە ئەدەبیەکانی لە ئەنجامی تێك بەستنەوەو هەڵسەنگاندنو سەرەنجامەکانی ئەم .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## پۆلێنکردنی ئامانجە ڕەوشتیەکان

××××××××××××××××××××××××××

کۆمەڵێك هەوڵی پەروەردەی دراون، لەپێناو پۆلێنکردنی ئامانجە پەروەردەییەکان دیاریکردنیان، لەوانەش هەوڵی کۆمەڵێك زانی دەروونناسیە لەپێش هەموویانەوە(بلوم)ە کە لەساڵی ١٩٥٦و لە زانکۆی شیکاغۆ کۆبوونەوە بەمەبەستی پۆلێنکردنی ئامانجە ڕاهێنانیەکان لەبوارە پەروەردەییەکاندا ئەوانیش بریتین لە :-

١. **بواری مەعریفی** ( زهنی)DOM COGNITIVE :ئەم بوارە پۆلێندەکرێت بۆ شەش ئاست،هەریەکەیان ئاستێکی دیاریکراوە لە بیرکردنەوە. پێویستە بەپێی ئەم قۆناغانە ئاستی قوتابی گەشە بکات.

أ) معرفه

ب) تێگەیشتن

ت) ڕاهێنان

ث) لێکدانەوە ( تحلیل)

ج) پێکهێنان ( ترکیب)

ح) پێوانە کردن( تقویم)

٢. **بواری هەڵچونی** ( **ویژادنی** ) :- ئەم بوارە بەپێی ئەوەی کە ( کراتول)و(بلوم)و (هاسیا) لەساڵی ١٩٦١ دیاریکراوە پێکهاتووە لە پێنج ئاست، ئەم ئاستانەش بە هاو لایەنەکان دەگرێتەوە، واتە پەیوەستە بە هەستو خۆشەویستیو ڕێزو حەزو....... تاد .

أ) بەدەنگەوە چوونو سەرنجدان

ب) وەڵامدانەوە

ت) هەڵسەنگاندن ( تقیم)

ج- ڕێکخستنی بەهایی

د-هەستکردن بەهاو جیاوازی ( الوسم بالقیمە والتمیز)



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## ئامانجەکانی گەشەی مەعریفی

××××××××××××××××××××××

١) کۆکردنەوەو گەڵاڵە بوونی وشەو زاراوەی گونجاو لەمێشکی قوتابیدا، بەهۆی ئەمەشەوە توانای نوسینو قسەکردنی بەهێز دەکات.

٢) سنوری زانیاریو توانیاستی بەشێوەیەکی باشی فراوان دەکات، بەتایبەتی لەو بوارانەی کە ناتوانێت بەهۆی ئەزموونی کسیەتی ورۆژانە وەبیانگاتێ .

٣) بەخشینی شێوازێکی دروستو ئەوەی لەگەڵ بەهێزکردنی ئیرادەو متمانە بەخۆبوون لەکاتی وەڵامدانەوەی هەرپرسیارو گفتوگۆیەکدا بێت.

٤) شارەزا کردنی قوتابی لە دەستورویاساکانی زمانو ئەدەب.

کەوایە لێرەدا پرسیارێکی واڵا بۆ مامۆستاو خوێندکار دەکەین، بۆچی لەم ئاستەدا خوێنکاری ئێمە لاوازە ؟ ئایا پەیوەندی بەخوێندکارەوە هەیە یاخود مامۆستا ، یاخود پرۆگرامو یاخود ژیگەو بارەکە یان هەموویان بەگشتی .

## ئامانجەکانی ویژدان

×××××××××××××××

١) فێکردنی چۆنێتیو توانای گوێ گرتن لە بەرامبەرو سەرنج ڕاکێشانی بەرامبەر لەڕێگەی چۆنێتی خوێندنەوەی ڕەوانی پوختی خوێندکار لە ڕێگەی گەیاندنی ناوەڕۆکی دەقەکە.

٢) خۆشەویستی کردنی خوێندنەوە حەزکردن لێی بەشێوەیەك ببێتە خولیای .

٣) بەشێوازێك سەیری خوێندنەوەی دەکات کە هۆکارێکی حەوانەوەی دەروونی یە.

٤) بەهێزکردنی توانای هزریو ئەندێشەیی لەگەڵ گەشەکردنی ئەم توانیستە ، لەپێناو ئاشکراکردنی زۆر لەدیاردەکانی ژیانو ئەو کۆمەڵگایەی کە لێوەی دورن .

٥) پێی ناساندنی خوێندکار بەهۆی خوێندنەوەی هۆکارێکە لەهۆکارەکانی تێگەیشتنی جیهان .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

### ٣- بواری دەروونی جوڵەیی ( مهارە )

×××××××××××××××××××××××××

لەم بوارەدا هەوڵێکی زۆر درا ،تاوەکو پۆلێنی ئامانجەکانی ئەم بوارە بکرێت وەك پۆلێنی راجدیل )لەساڵی ١٩٥٠و پۆلێنی ( کبلرو هاورێکانی) لەساڵی ١٩٧٠و پۆلێنی دیف لەساڵی ١٩٧٠ ئەوانە ئەوەندە لای پەروەردەییەکان گرنگ نین، بەڵام پۆلێنی ، سمبسون لەساڵی ١٩٧٢ بەلاوە گرنگە بوو، سمبسون ئامانجەکانی ئەم بوارە بوارەی کردوە بەحەوت ئاست .

١) هەستپێکردن ( الادراك) .
٢) حەز ( الميل) .
٣) بەدەنگەوە چوونی ڕوبەرویی ( الاستجابە الموجهە) .
٤) میکانیکی ( الميكانيكيە).
٥) بەدەنگەوە چوونی ڕوخساریی .
٦) چڕبوونووە ( التكيف)
٧) ڕەسەنایەتیو داهێنان.

### ئامانجەکانی گەشەی جوڵەیی لەبواری مەهاراتدا.

××××××××××××××××××××××××××××××××××××

١) توانی کورتکردنەوەی ناوەڕۆك پێشکەشکردنی کورتەیباسەکە بە زمانێکی پاراو لەلا دروست دەکات.
٢) دروستکردنی گیانی ڕەخنەگرتن خستنە رووی بیرڕای خۆی .
٣) توانای دروستکردنی زنجیرە بیرێك کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەبێت لەسەر بنەمایەکی لۆژیکی بەیەوەهەبێت .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com
View publication stats